ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٨٧ شەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٩ _ ٥ی دێسامبر ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## خالید عەزیزی لە دیمانەیەک لەگەڵ «کوردستان»دا:



– ئەمریکا وڵاتی دامەزراوەیە. لە تەنیشت کۆشکی سپی و دەسەڵاتی سەرکۆمار، سەنا هەیە، کۆنگرێس هەیە، ڕای گشتی هەیە و سەرکۆماری ئەمریکا ناتوانێ بێ سەرنجدان و گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانە سیاسەت بکا.

– ئێمە بەردەوام بە دنیای دەرەوەمان گوتووە یان دەبێ کۆماری ئیسلامی بڕوا بۆ ئەوەی کە بۆ هەمیشە لە شەڕ و کێشەی تێرۆریزم و کێشەی ناوکی و نامەسئوول بوون لە حکوومەتێکی وا ڕزگاریتان بێ؛ یان دەبێ زەمینە خۆش بێ و یارمەتیدەر بن بۆوەی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران بە ئاکام بگا و ڕێژیمێکی خەڵکی بێتە سەر کار.

– کاتێک باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و تێکۆشان و فیداکاری و قوربانیدانی خەڵک دەبینین، تەبیعەتەن دەبێ هەموو حیزبەکانیش بە قەبارەی فیداکاری و، تێکۆشانی ئەوان لەسەر خەت بن و بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە بڕۆنە پێشێ. لێرە چارەسەرەکە دەبێتە یەکڕیزی و یەکگرتوویی.

(ئەم دیمانەیە لە لاپەڕەکانی ٢–٣دا بخوێننەوە)

# خەرجکردنی ٦٠٠ میلیۆن دۆلاری دی بۆ وڵاتێکیتر

سەروتار

## ئەگەرەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی و ئەرکەکانی ئێمە

کەماڵ کەریمی

ئایا دەکرێ کۆماری ئیسلامی بۆ خۆڕزگارکردن لە چنگ قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان ڕوو لە سازان لەگەڵ ئەمریکا بکا؟ ئەمە هەرچەند بە هەبوونی عەلی خامنەیی وەک ڕێبەری بێ ئەملاوئەولای دارشتنی سیاسەتی دەرەوە لەو ڕێژیمەدا و بیری باوەڕمەندانەی بە دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا بە دروست نازاندرێ، بەڵام ئەگەر ئەمجارە ئەمریکا و سەرۆکە نوێیەکەی بە هێزێکی زیاتری دیپلۆماسی و ئابوورییەوە بە پشتبەستن بە هاوپەیمانییەکی بەرینی نێودەوڵەتی ئەوجۆرەی لە بەرنامەی کاریدا هەیە ڕووبەڕووی ببنەوە، بە دوور نابیندرێ کە بۆ جارێکی دیکە و ڕێبەرێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕزگارکردنی خەیالیی ڕێژیمەکەی لە هەڵدێری نەمان جامی ژەهر بنۆشێ و ڕوو لە سازشی قارەمانانە بکاتەوە، وەک ئەو کاتەی ملی بۆ قبووڵکردنی بەرجام ڕاکێشا.

ئەوەی تا ئێستا هەست پێ دەکرێ وێ ناچێ چاوەڕوانی چوار ساڵەی ڕێژیم بۆ کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا کە تاکلایەنە و بە ناوی زۆرترین فشار، ڕێژیمی تەنگەتاو کردبوو چاوەڕوانییەکی دڵخۆشکەر بووبێ. هەرچەند ئەگەر سیاسەتی زۆرترین فشار کۆماری ئیسلامیی بەچۆکدا نەهێنا، بەڵام تووشی تەنگەژەی وەهای کردوە کە دەربازبوون لێیان ئاسان نییە. ئێستاش ئەوە ڕاستە کە ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢




## بەشە بودجەی ئاشکرای سپای پاسداران سەتا ٥٨ زیاد کرا


لە ڕاپۆرتێکی توێژینەوەیی "ڕۆیتێرز"دا هاتووە کە ئێران بۆ خەرجکردنی سەدان میلیۆن دۆلار لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق هەوڵی بەهێز کردنی پێگەی خۆی لەو وڵاتەدا دەدا. تازەترین پڕۆژەی ئێران بۆ ئەو ئامانجە پەرەپیدانی "گڵکۆی ئیمام حوسێن"ە کە زیاتر لە ٦٠٠ میلیۆن دۆلاری تێچووە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی ڕۆیتێرز سەرپەرستی نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدانی گڵکۆی ئیمام حوسێن لە کەربەلا لە ئەستۆی "حەسەن پەلارک"، فەرماندەی سپای پاسداران و سەرۆکی ستادی نۆژەنکردنەوە شوێنە پیرۆزە ئاینییەکانی شیعەکانە کە لەم دواییانەدا بە تاوانی قاچاغی چەکوچۆڵ و سپیکردنەی دراو کەوتە لیستی ڕەشی سزاکانی ئەمریکا دژی ئێرانەوە.

خەرجکردنی زیاتر لە ٦٠٠ میلیۆن دۆلار لە سامانی گشتیی وڵات لە وڵاتێکی دیکەدا هاوکاتە لەگەڵ زیادکردنی سەتا ٥٨ی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەشە ئاشکراکەی بودجەی ساڵی داهاتوودا. دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی لە لایحەی بودجەی ساڵی ١٤٠٠دا بودجەی هەموو هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی بەشێوەی سەرسوڕهێنەر زیاد کردوە، بۆ نموونە بەشە بودجەی سپای پاسداران لە ٢٤ هەزار و ٣٣٥ میلیارد تمەن ڕا بۆ ٣٨ هەزار و ٥٦٤ میلیارد تمەن بەرز کراوەتەوە. بودجەی ئەرتەشیش لە ١٣ هەزار و ١٣٨ میلیارد تمەنی ئەمساڵڕا بۆ ٢٠ هەزار و ١١٥ میلیارد تمەن زیاد کراوە. بەشە بودجەی وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی ئیتلاعات، هێزە ئینتیزامییەکان، ستادی گشتیی هێزە چەکدارەکان، ڕێکخراوی توێژینەوە و داهێنانی وەزارەتی بەرگری و لایەنە جۆراوجۆرە سەربازی و ئیتلاعاتییەکانی دیکەی ڕێژیمیش بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و ئەوەندەی بە ئاشکرا دیارە نیزیک بە ١٢١ هەزار میلیارد تمەنە.


بەڵام لەگەڵ ئەوانەدا، لە بودجەی ساڵی داهاتوودا هیچ بایەخێک بە بەشی ئاوەدانکردنەوەی وڵات، پەروەردە، لەشساغی و بژیوی ژیانی خەڵک نەدراوە. بڕە یارانەی خەڵک هەر هەمان ٤٠ هەزار و ٥٠٠ تمەنە کە لە کاتی بڕینەوەی یارانە (١٣٩٩)دا نیزیک بە ٤٠ دۆلار بوو، بەڵام لە ئێستادا کەمتر لە ٢ دۆلارە. هەروەها هیچ بایەخێک بە پرسی بێکاری و هەژاری و بەشمەینەتیی نەدراوە.




ژن و بیرکردنەوە ٥


سانسۆڕ لە کۆماری ئیسلامیدا ٦


مرۆڤ و مافەکانی لە ئێراندا ٨


ئەشکەنجە و جۆرەکانی ٩


دەنگێک لە گەرووی ناڵەشکێنەوە ١١

دریژەی سەروتار

## ئەگەرەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی و ئەرکەکانی ئێمە

... سەرۆکێکی دێموکرات جێگەی ترامپ پڕ دەکاتەوە و ڕەنگە کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک بێ لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕێژیمەکەیان، بەڵام لە ئیدارەی موئەسساتی ئەمریکا و بیرکردنەوەی گشتیی سیاسەتوانانی ئەو وڵاتە لەسەر ئێران بە دوور دەبیندرێ دەرگایەکی ڕەحمەت ئەو جۆرەی لە ئێران چاوەڕوانی دەکرێ بە ڕووی دەسەڵاتدارانی تاراندا بکرێتەوە. هاوکات ئەگەرچی ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بەدوور دەبینرێ بەڵام گومان لەوەدا نییە کە فشارەکان لەسەریان زیاتر دەبێ و دەبێتە هۆی زیاتربوونی کێشەکانی دەسەڵات.

شاراوە نییە بارودۆخی ئێران بەرەو ئاقارێک ڕۆیشتووە کە ئێستا تەنانەت ئەوە بەرپرسان و کاربەدەستەکانی کۆماری ئیسلامیین کە زیاتر و ڕوونتر لە هەر لایەکی دیکە باس لە کێشە و گرفتەکانی بەردەمیان دەکەن کە بە هۆی تەحریمە ئابوورییەکان قورسایی خستووەتە سەر هەموو بەشە ئیدارییەکانی ئێران. نەبوونی داهات و ئیمکانی دابینکردنی بوودجەی ساڵانەی وڵات بەپێی پێویست، جگە لەوەی تا ڕادەیەکی بەرچاو لەسەر گەورەبوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکان لە نێوخۆی وڵات کاریگەری هەبووە و دەمراستەکانیان بێبەش بوون لەو سەرچاوە داراییانەی ساڵانێک بوو بە کاریان دێنا، نەک بۆ خزمەتی خەڵک بەڵکوو لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، تەنانەت بەرنامەکانی دەرەوەی سنووریی دەستدرێژییە بەردەوامەکانی ئەوانی لە وڵاتانی ناوچەدا و پشتیوانی ماڵی لە میلیشیا و گرووپە چەکدارەکانی لەو وڵاتانەش پەک خستووە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێستا ئیتر ئەو دەسەڵاتەیان نەماوە کە بەناوی ناردنە دەرەوەی شۆڕش بیانەوێ لە قووڵایی ستراتێژیی ناوچەدا شەڕی پارێزگاری لە خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکان بکەن. ئێستا شەڕ لە بەر دەرگایاندایە و ئەو شەڕەش نەک شەڕی ئەمریکا لە دژی ئێرانە کە بە بەردەوامی دەیانەوێ بۆ خۆحەشاردان و فریودانی خەڵک کەڵکی لێوەر بگرن، بەڵکوو شەڕی کۆتایی تەمەنیانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکجاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە دژی ستەمی دژە مرۆڤانەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارییان. بە تایبەت کە ئێستا جگە لە قەیرانەکانی پێشوو لە کوشتنی زانای ناوکیی ئێران (فەخریزادە) لە ناوچەیەکی ئەمنییەتی نزیک تاراندا، جا چ وەک شەڕی نێوخۆیی دەسەڵات بیبینین یا ئەو جۆرەی دەیڵێن دەستی دەرەکی و ئیسرائیلی تێدابێ، دەرکەوت کە کەلێنێکی ئەمنییەتی و قەیرانێکی ئەمنیەتییش بەرۆکی گرتوون.

لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێژیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی کە بۆ ڕۆژێکیش بیری لە ژیان و مافەکانی خەڵک نەکردۆتەوە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتکردنی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵکی داوە. پێبەپێی زیادبوونی ناڕەزایەتییەکان، ئەم سەرکوتە لە گرتن و ئەشکەنجە و لە داردانەوە گواستراوەتەوە بۆ سەرکوتی خیابانی و کوشتنی بەکۆمەڵی خۆپیشاندەران لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا. هەر ساڵی ڕابردوو لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەردا بە هەزاران کەسیان لەسەر شەقامەکانی شارە جیاجیاکانی ئێران خەڵتانی خوێن کرد کە ئەم جنایەتە بەشێک لە شارەکانی کوردستانیشی گرتەوە. ئەو خۆپیشاندانە و ناڕەزایەتییەکانی دواتریش کە چاوەڕوانی سەرهەڵدانەوە و پەرەگرتنیشی دەکرێ، بۆ جارێکی دیکەش ئەو پەیامەی بە ڕوونی بە گوێی هەموو جیهان دادا کە ئەو ڕێژیمە، سیستمی دەسەڵاتداری ئەم سەردەمە نییە و دەبێ کۆتایی بە تەمەنی سەرکوتکارانەی لە نێوخۆ و مەترسیدار بۆ ناوچەش بهێنرێ.

بێگومان لە هەموو ساڵانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا، کوردستان کە وەک ناوچەیەکی ئەمنییەتی لەلایەن ئەوانەوە چاو لێکراوە زۆرترین سەرکوتی تەنانەت بە شێوەی کوشتنی بەکۆمەڵی لەسەر بەڕێوە چوە. هەر بۆیە لە هەلومەرجێکی وەهادا کە ئەگەری ڕوودانی هەر پێشهات و ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕوان نەکراو هەیە و هەر گۆڕانکارییەک دەتوانێ کاریگەری لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی مافخوازانە خەڵکی کوردستان هەبێ، پێویستە زیاتر لە جاران و وردتر بڕوانینە گۆڕانکارییە سیاسییەکان و بە کردەوە و باشتر لە پێشوو بە مەبەستی بەهێزکردنی بزووتنەوەی کورد کە پشتبەستوو بەهێز و ئیرادەی خۆیەتی، و بۆ بەجەماوەری کردنی خەبات و بە پشتبەستن بە هەموو هێز و توانای تێکۆشەرانی کورد لە نێوخۆی وڵات هەنگاو هەڵێنینەوە. بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکەش یەکڕیزیی نێوان هێزە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کورد مەرجی پێویست و سەرەکییە. لەم هەلومەرجە سیاسییەدا دەبێ هەوڵ بدرێ پەرە بە هاوکاریی نێوان هێزەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بدرێ و ئەم ناوەندە بەرامبەر بە بەرپرسیارییەتییەکانی و ئەو ئەرکە گرینگەی دەکەوێتە سەر شانی بۆ پلاندانان و ڕێبەری بزووتنەوەی کورد لەم قۆناغەدا لەسەر هەست بێ. جگە لەوەش کار بۆ دروستکردنی پێوەندییەکی بەهێز و بە کردەوە لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری ئێران لە نێوخۆی وڵات بکرێ کە دەری خستوە دەتوانێ بزووتنەوەیەکی بەهێز و کاریگەر بێ، وەک ئەرکی هەنووکەیی چاو لێبکرێ و بەهێزبوونی ئەو بزووتنەوە وەک یارمەتیدەرێک بۆ بزووتنەوەی کورد ببیندرێ کە لە داهاتوویەکی هاوبەشدا، پاڵپشتی وەدیهاتنی هەموو ماف و ئازادییەکانی تێکڕای خەڵکی ئێران و نەتەوەی کورد لە ئێران بێ. هەروەها دەبێ یارمەتیدەر بین بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە کۆماری ئیسلامی کە هەتا ئێستاش بەداخەوە بە هۆی جیاوازیی بۆچوون بە پرش و بڵاوی ماوەتەوە.

بێگومان جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە دەتوانێ بەرەو قۆناغی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجی ئازادی و دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانمان ببا.

# خالید عەزیزی:

## کێشەی گەورەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە هەتا ئێستا کێشەی ئێرانی لە «بەرجام»دا پێناسە کردووە



**پێوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا بەرەو کوێ دەچن. دەوڵەتی نوێی ئەمریکا لە هەمبەر ئێراندا چ سیاسەتێک دەگرێتە بەر؟ لەو ماوەیەدا چەند هێرشێکی سایبێری کراونەتە سەر بنکە ئەتومییەکانی ئێران و چەند تەقینەوەیەکی گوماناوی لەو بنکە سەربازییانەی ڕێژیم ڕووی داوە، هەروەها لە پێتەختی ئێران کەسی دووهەمی ئەلقاعیدە و کاربەدەستێکی گەورەی ئەتومی و پیشەسازیی مووشەکیی ڕێژیم دەکوژرێ، بۆشایی ئەمنیەتی لە ئێران دەرەنجامی چین؟ پرسی کورد لە ئێران و ناوچە لە کوێی هاوکێشەکاندایە. ئەمانە و چەند پرسیارێکی دی تەوەری سەرەکیی وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان"ن لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.**

**کاک خالید لە واشنگتۆن چی ڕوو دەدا؟ میراتی ترامپ چیی بەسەر دێ و ئایا شتی نوێ بەڕێوەیە یان هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا لەجێی خۆیان دەمێننەوە؟**

پێشینەی تێکچوونی پێوەندییە ئاساییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بۆ سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە و لەوساوە پێوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە هەوراز و نشێوی زۆری پێواوە. بەڵام بەگشتی لە ئەمریکا متمانە بە کۆماری ئیسلامی ناکەن و کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی تێرۆریست، نامەسئوول و نادێموکراتیک چاو لێ دەکەن کە بەرامبەر بە بەڵێنەکان و ڕێککەوتنەکان و چارتێرەکانی مافی مرۆڤ لە دونیادا وەڵامدەر نییە. ئەوە بۆچوونێکە هەم دێموکراتەکان هەیانە و هەم کۆمارییەکان بوویانە و لەوەدا جیاوازییەک لە نێویاندا نییە. جیاوازییەک کە هەبێ لە خوێندنەوەیان بۆ ڕاگرتنی کۆماری ئیسلامی و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ڕێژیمی ئێرانە لەسەر ئەمریکا و سەقامگیری و ئارامییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

بە هاتنەسەرکاری بایدن تەبیعەتەن کۆمەڵێک شتی تازە دێتە گۆڕێ. بەڵام ئەمریکا وڵاتی دامەزراوەیە. لە تەنیشت کۆشکی سپی و دەسەڵاتی سەرکۆمار، سەنا هەیە، کۆنگریس هەیە، ڕای گشتی هەیە و سەرکۆماری ئەمریکا ناتوانێ بێ سەرنجدان و گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانە سیاسەت بکا. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەگەر هەشتا میلیۆن کەس دەنگیان بە بایدن داوە، بەڵام لە نیوان حەفتا و دوو تا حەفتا و سێ میلیۆن دەنگ بە ترامپ دراوە. جا ئەگەر وایە، کۆمەڵگەی ئەمریکا دوو جەمسەرییەک بە دوو خوێندنەوەی جیاوازی تێدا هەیە. بۆیە بایدن هەوڵ دەدا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا هاوبەشییەک لەو جیاوازییانە دروست بکا.

ترامپ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا تەک ڕەهەندی بۆ مەسەلەکان چوو، و زۆرتر گرینگیی بەوە دا بە گوشاری ئابووری ئێران بەچۆکدا بێنێ و ناچار بە دانوستان لەگەڵ خۆی بکا و مەرجەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ بەرجام و پرۆژەی ئەتومی بەسەردا سەپێنێ. لەو بوارەدا لە ڕوانگەی منەوە ڕەخنەیەک کە لە سیاسەتەکانی ترامپ دەگیرێ ئەوەیە کە ناوبراو لە دروستکردنی کۆدەنگیی نێودەوڵەتی لە دژی ئێران سەرکەوتو نەبوو. هاوبەش و هاوپەیمانەکانی خۆی لە ئورووپا لەدەست دا و تا ڕادەیەکی زۆر دەستی بۆ ڕووسیە ئاواڵا کرد و چینیش دیارە کە لە گۆشەنیگای ئابوورییەوە چاو لە مەسەلەکە دەکا.

بۆیە لێرەدا لەوانەیە بایدن بەدوای ئەوەدا بڕوا کە دۆستان و هاوپەیمانانی پێشووی ئەمریکا کە لە پرۆژەکانی ترامپدا وەلا نرابوون، بیانهێنێتەوە نێو گەمەکە و لەو ڕێگەیەوە ئێران ناچار بە دانوستان و ڕێککەوتنێکی بەرپرسانە بکا. لێرەدا دەمهەوێ یەک شت بڵێیم ئەویش ئەوەیە، دەوڵەتان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان چاو لە هاوکێشەکان دەکەن. واشینگتۆن بەپێی بەرژەوەندیی خۆی و پاراستنی ئەمنیەتی هاوپەیمانانی چاو لە مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکا، بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئێمەش دەبێ لەو گۆشەنیگایەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بابەتە بکەین.

**بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە بە شێوەیەک باس لە گەڕانەوەی بایدن بۆ "بەرجام" دەکەن. پێتان‌وایە سەقامگیرییەک لە بواری ئابووریدا بۆ ئێران بگەڕێتەوە؟**

ڕاستە ئەمریکای قۆناغی سەرۆکایەتیی بایدن ئەمریکای سەردەمی ترامپ نابێ، بەڵام قەتعەن ئێرانیش زۆر گۆڕاوە. لەڕاستیدا ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر ئێران، ئابووریی ئەم وڵاتەی تووشی ڕووخانی گەورە کردووە، دارمانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەورە لە گۆڕێدا هەیە کە کێشەی لەنێو دەسەڵاتیشدا دروست کردووە. جا ئەگەر وایە ئێران ئەمڕۆ ئێرانی سەردەمی ئۆباما نییە و لە کەوتنە سەودا لەگەڵ ئەمریکا زۆر زۆر لاوازترە. ئێران لە هەلومەرجێکی زۆر خراپدایە، ناڕەزایەتییەکان لە ئێران پەرەیان سەندوە، لەنێو خودی ڕێژیمدا کێشە دروست بووە لە چەندی و چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا. تەنانەت وەزیری دەرەوەی ئێران زەریف دوێنێ بەجۆرێک دانی بەوە دانا کە لە تاران کێبڕکێ هەیە کە کێ لە پێشدا پێوەندیی بە ئەمریکاوە بگرێ. ئێرانێک کە لە پێتەختەکەی خۆی ناتوانێ ئەمنیەت بۆ کاربەدەستانی خۆی دابین بکا. ئێرانێک کە بایەخی تمەن وەک دراوە نیشتمانییەکەی لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایە. جا ئەگەر وایە با ئەوە بڵێین بە هاتنە سەر کاری بایدێن ئێرانییەکان بەتایبەت ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدان پێیان وانییە دونیا بە مەیلی ئەوان دەچێتە پێشێ، نەخێر. لە واشینگتۆنیش خوێندنەوە بۆ ئێرانی ئێستا دەکرێ. بایدێن یان ئیدارەی نوێی ئەمریکا چاو لەوە دەکا بزانێ ئێران لە چهەلومەرجێکدایە. بۆیە بە باوەڕەی من ئێران لە هیچ بوارێکدا لە بارودۆخێکی باشی دانوستان لەگەڵ ئەمریکادا نییە، بە هیچ جۆر.

**کاک خالید دەبینین ئەو کۆماری ئیسلامییە کە بۆ وێنە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی بە مووشەکی بالستیک لە وڵاتێکی دیکەدا کردە ئامانج، ڕۆژ نییە زەبرێکی لێ نەدرێ. ڕاستە زەبروزەنگی ڕێژیم لەسەر خەڵک زۆرە، بەڵام بەردەوام لە هێزەکانی لە سووریە، لە بنکە ئەتومییەکانی لە نێوخۆی وڵات و لە کاربەدەستەکانی دەدرێ. جەنابت چۆنی لێکدەدەیتەوە، ئایا بۆشایەکی سیاسی و ئەمنیەتیی گەورە لە ئێراندا پێک هاتووە؟**

ئەگەر توانایی نیزامیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەراورد بکەین، ڕاستە کۆماری ئیسلامی توانای سەربازیی لە ئێمە پترە. بێگومان بۆ کۆماری ئیسلامی ئاسان بوو بە مووشەک هێرش بکاتە سەر سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵام ئەو ڕێژیمە لە ڕەهەندی تیکنیکی، نیزامی و ئەمنیەتی لە کێشە لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئەو توانایی نییە. لێدان لە قاسم سولیمانی و ئەوەی لەو دواییانە لە بنکە ئەتومییەکانی ئێران و کوژرانی فەخریزاد لە تاران ڕووی دا ئەوە دەگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی نەک لە دۆخی هێرشبەری، بەڵکوو لە هەلومەرجێکی باشی بەرگریش‌دا نییە و لەڕاستیدا ئەگەر تووشی کێشەیەک بێ لەگەڵ دونیای دەرەوە، لە ڕەهەندی سەربازی و لۆجستیکییەوە شکێنەرە. دەمەوێ بڵێم کوژرانی قاسم سولەیمانی و هەموو ڕووداوەکانی یەکساڵی ڕابردووی ئێران پرسیارێکی زۆر گەورە و جیدیی لەسەر ئەو سیستمە دروست کردووە و ئەوە هێز و ورەی داوەتە خەڵک.

ڕاستە ئەم ڕێژیمە لە سەرکوتی خەڵک، ئیعدام کردن، ئەشکەنجە، زیندانی کردن و بەئەمنیەتی کردنی کوردستان و لە زۆر بواری دیکەدا زاڵە بەسەر خەڵکدا، بەڵام لەو بوارانەدا زەربە پەزیرە و لە دۆخێکی زۆر نالەباردایە. ئەمن پێشبینی دەکەم ئەو دۆخە لەنێو خودی دەسەڵات و، سیستەمیش‌دا تووشی کێشە و ناکۆکییان بکا.

ئاکامگیریی من لەو باسە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێستا کۆماری ئیسلامیی سەردەمی ئۆباما نییە و لە دۆخێکی خراپدا لەگەڵ دونیای دەرەوە دەدوێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هەمووی ئەوانە دەزانن.

**کاک خالید زۆرێک لە ڕێبەرانی کورد بەجۆرێک عەتفێکیان بۆ جۆ بایدن هەیە، پێیان وایە دۆناڵد ترامپ سیاسەتەکانی لە ناوچەدا بە نیسبەت کورد باش نەبوو. جیاواز لە پرسی ئێران جەنابیشت هەروا بیر دەکەیەوە؟ ئەوەی کە ئایا لە سیاسەتی نوێی کۆشکی سپی‌دا کورد وەک فاکتۆرێک سەیری دەکرێ؟**

یەکەم، لە واشینگتۆن و لە چەقی هاوکێشەکانی دونیادا کورد وەک نەتەوەیەک یان وەک یەکەیەکی سیاسی بوونی نویە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانە کە لەنێو وڵاتاندا هەیە ڕێک دەخرێن و تەنزیمی ستراتێژیی خۆیان دەکەن. لە واشینگتۆن کە چاو لە عێراق دەکرێ، پرسی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا دەبیندرێ. لە ئێراندا پرسی کورد لە چوارچێوی ئێران و، لە تورکیە و سووریەش هەروەتر. بۆیە من دەستووری کارێک، یان پلانێک بە گشتی نیسبەت بە پرسی کورد لە هیچ جێگایەکی دونیادا نابینم.

دووهەم، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە پرسی کورد لەئارادا نەبێ، کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئەمنیەتی ناوچەدا وەک فاکتەرێک هەیە و نادیدەش ناگیردرێ. بەڵام کە دێیە نێو چارەسەری پرسەکە، چارەسەرەکە هەر لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا دەبیندرێ کە



کوردیان بەسەردا دابەش بووە. بۆیە واشینگتۆن لە تاران بەپێی بەرژەوەندی و پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تاران چاو لە پرسی کورد لە ئێران دەکا. یان هەر بەپێی ئەو بەرژەوەندییە سەیری پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان یان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لایەنەکانی دیکە دەکا. ئەو چاوەڕوانییەش کە جەنابت باست کرد یان ئەوەی ڕێبەرانی کورد هێندێکیان لەگەڵ جۆ بایدن یان لایەنەکانی دیکە پێوەندییان هەیە و پێی دلخۆش ئەوەش سروشتییە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە پرسی کورد لە وڵاتانی عێراق و سووریە لە هەشت نۆ دە ساڵی ڕابردوودا هێندێک کەوتە نێو مامەڵە نێودەوڵەتییەکان و ڕەنگە لەوێ بایدن و ئەمریکا بەدووی چارەسەری تایبەت بە خۆیان بگەڕێن. بەڵام لە باسەکە دێتە سەر ئێران ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی، بەرنامەمان بۆ داهاتووی ئێران بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و، دەرکی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بەتایبەت کوردستانی ئێران و لە ڕەهەندی کرداری و مەیدانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان بەجۆرێک هەماهەنگی بکەین و، پرسی خۆمان بۆ ئیدارەی نوێی ئەمریکا و جۆ بایدن باس بکەین. هۆکارەکشی ئەوەیە دێموکراتەکان لە ئەمریکا بەرینتر چاو لە دونیا دەکەن و پێچەوانەی ترامپ تەک ڕەهەندی سەیری دیاردە سیاسییەکان ناکەن.

ئەمن لاموایە لەوێ دەرفەتی زۆرترمان هەبێ بۆ قسەکردن و بڵێین ئێوە کە ئاوڕ لە کێشەی نێودەوڵەتی دەدەنەوە، کێشەی ئێران خۆ هەر کێشەی "بەرجام" نییە، هەر کێشەی ناوکی و مووشەکیی ئەم ڕێژیمە نییە و "بەرجام"یش لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی وەک کارتێک کەڵکی لێ وەردەگری. پێیان بڵێین باشترین ڕێگا ئەوەیە کە لە تەنیشت ئەم بابەتانە، سەرنج بە خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بەتایبەت خەبات و جموجۆڵی مەدەنی و مافخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن.

**بەڵام کاک خالید لەسەردەمی ئۆباماشدا ناڕەزایەتییەکان و جووڵانەوەکان لە ئێران هەر هەبوون. هەر لەجێدا، ئەم جموجۆڵە مەدەنییانە لە ئێران و لە کوردستان لە دونیای دەرەوەدا دەبیندرێ؟ کوا وەکوو فاکتەرێک حیسابی لەسەر دەکرێ؟**

مادام واشینگتۆن بە تەبیعەتی بەرژەوەندیی خۆی چاو لە پێوەندییەکانی لەگەڵ تاران دەکا، ئۆباماش ڕێک ئەوەی کردووە کە بەخوێندنەوەی خۆیان بەرژەوەندیی بۆ ئەمریکا بووە. هەر سەرکۆمارێک کە لە واشینگتۆن دێتە سەر کار، ڕیزبەندیی پرسەکان دەکا، بۆیە مەسەلەی ئەمنیەتی لە ئێران هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە ناوچە لە ئەولەوییەتدا دەبێ. ئێمە دەبینین زۆر وڵاتی دیکەش لە دونیادا هەیە دیکتاتۆرین. لەو وڵاتانەدا مافی ژنان نییە، مافی خەڵک نییە، دێموکراسی نییە، هەڵبژاردنی ئازاد نییە، کەچی ئەمریکا پێوەندیی زۆر باشیشی لەگەڵیان هەیە، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەگەر وایە مادام ئەوان ئەولەوییەتەکەیان مامەڵە لەگەڵ ئێران و کۆنترۆڵی ڕەفتاری ئێرانە، کەم زەرەر کردنە، زۆر بەداخەوە پرسی مافی مرۆڤ دەخرێتە پەراوێزەوە. بەڵام ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە لەو بەشەدا چالاک بین.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە پێمان گوتوون ئەگەر دەتانەوێ ئێران بەرپرس و ڕێژیمێکی وەڵامدەر بێ، کۆماری ئیسلامی جێگای متمانە نییە. یان دەبێ ئەو حکوومەتە بڕوا بۆ ئەوەی کە بۆ هەمیشە لە شەڕ و کێشەی تێرۆریزم و کێشەی ناوکی و نامەسئوول بوون لە حکوومەتێکی وا ڕزگاریتان بێ؛ یان دەبێ زەمینە خۆش بێ و یارمەتیدەر بن بۆوەی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران بە ئاکام بگا و ڕێژیمێکی خەڵکی بێتە سەر کار. حکوومەتێک کە مەسئوول نەبێ بەرامبەر بە خەڵکەکەی خۆی، ناشتوانێ بەرپرس بێ بەرامبەر بە دنیای دەرەوە. بۆیە ئێمە چ وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و چ وەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەڕاستیدا ئەوە ئەرکمانە و هەر ئەوەشمان بە دەستەوەیە. ئێمە لە پرسی بەرجام و لە کێشەی ناوکیی ئێران لەگەڵ دونیای دەرەوەدا مەجالی قسەمان نادرێ، بەڵام دەبێ پەیتا پەیتا پێیان بڵێین کە چل ساڵە تاقیتان کردوونەوە و بۆشتان دەرکەوتووە کە کۆماری ئیسلامی جێگای متمانە نییە. پێیان بڵێین باشترین ئەهرەمی گوشار بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەیە خوێندنەوە بۆ خەبات و تێکۆشانی خەڵک و مەوقعییەتی ئەوان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا بکەن و لەو پێوەندییەدا خەڵک هیوا و ئومێدی ئەوەی پێ بدرێ کە دنیای دەرەوە کۆماری ئیسلامی تەنیا بە کێشەی "بەرجام" پێناسە ناکا.

ئەوە ئیشکالیکی زۆر گەورە و بەهێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە تا ئێستا، بەتایبەت لە سەردەمی دۆناڵد ترامپدا.

**سەرەڕای ئەو کەمتەرخەمییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام دەبینین کە خەڵک کۆڵیان نەداوە، ناڕەزایەتییەکان بەردەوامن، ڕۆژانە خەڵک دەگیرێ و سزای قورسی ئیعدام بەسەر چالاکانی سیاسیدا دەسەپێندرێ. حیزبەکان، بەتایبەتی حیزبی دێموکرات هێشتا هەر ئامانجە و لێی دەدرێ، تێرۆری لێ دەکرێ، مووشەکباران دەکرێ بەڵام کۆڵی نەداوە، پێتان وایە ئەم دۆخە دەگاتە کوێ؟**

یەکێک لەو پرسانەی کە لە ڕۆژنامەکان و سۆشیال میدیای دەرەوەدا دەبیندرێ خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێرانە. ئەوان دەبینن لە ئێران کە حکوومەتی موتڵەقی نیزامی کۆماری ئیسلامی زۆر بە توندی لە دژی خەڵکەکەی کار دەکا و هیچ مەجالی پشوودانێکیان پێ نادا؛ بەڵام، ئەو خەبات و تێکۆشانە هەیە بۆ نموونە ئەوەی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو گۆڕانێکی زۆر گەورە بوو کە دنیا بینیی. هەروەها پرسی هەڵبژاردنەکان بوو کە خەڵک بەشدارییەکی ئەوتۆی نەکرد. بەڵام وەک پێشووتریش گوتومە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە پەتای کۆرۆنا لە فریای کۆماری ئیسلامی هات. دەنا خەبات و تێکۆشان و ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران لەڕاستیدا دۆخ و هەلومەرجێکی نوێی دروست کردبوو، کەشی سیاسیی زۆر تایبەت لە ئێران خوڵقابوو و کۆماری ئیسلامی تەریک خستبۆوە، بەتایبەت دوای ڕیسوایی بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە. کەچی کۆرۆنا گەیشتی و هەموو شتێکی خستە ژێر سێبەری قورسی خۆیەوە و ئەم پرسەی بە جۆرێک وەپاش خست. لە ئێستادا خەڵک لە کەمتەرخەم و خەمسارديی ڕێژیمدا بەجۆرێک بیر لە ژیان و سەلامەتی خۆیان دەکەنەوە، بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەولەوییەتەکەی هەر ڕزگاریی ڕێژیمەکەیانە و ئەسڵەن خەڵکی بەلاوە گرینگ نییە. دوو وێنەی تەواو دیار و جیاواز و بەرچاو. جا ئەگەر وایە لە دونیای دەرەوە تێگەیشتن هەیە بۆ خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران. خەباتی ژنان و بەتایبەت ئەو خەبات و جموجۆڵە مەدەنییە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە لە بواری ژینگەپارێزیدا، لە بۆنە سیاسییەکاندا، لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا، لە بواری ئەدەبیدا و بە بۆنەی جۆراوجۆر کە خەڵک دێنە سەر شەقام، دنیا ئەوانە دەبینێ. دنیا دەبینێ لە دەورانی کۆرۆنادا کە کۆماری ئیسلامی بەرپرسانە هەڵسوکەوتی نەدەکرد، خەڵک لە خۆیان مایەیان دادەنا، یارمەتییان بە خەستەخانەکان کرد، یارمەتیی یەکتریان دەدا. ئەو خەڵکە پێشتریش لە کاتی هێرش بۆ سەر قەڵای دێموکرات لەسەر هێل بوون، لەپێوەندی لەگەڵ پرسی کۆڵبەران لەسەر هێل بوون، یانی دنیایەک بواری ئاوا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموون کراوە. دنیای دەرەوە تێ دەگا کە شعوورێکی سیاسیی بەرز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و، لەسەر پێناسەی نەتەوایەتی و لەسەر شوناسخوازیی خۆیان کۆڵ نادەن و هەر لە مەیداندان. ئەوانە لە بەردەوامیی خۆیاندا ئەرکی بەردەوامیش دروست دەکەن کە بە خۆشییەوە حیزبی ئێمە لەو بوارەدا ئەوەی کە توانیوێتی بە کردوویەتی و هەمیشە پشتیوانی خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بووە. بەڵام ئەوە دەبێ بگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی گەورەتر و، لە ڕەهەندێکی گەورەتردا ئێمە ڕای گشتی باشمان لەسەری هەبێ.

**کاک خالید هەموو ئەم خاڵە بەهێزانە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبی دێموکرات و بەڕێزتان زۆر پێداگریی لەسەر دەکەن لەجێی خۆیدایە، بەڵام خاڵێکیش کە من ئێزن بە خۆم نادەم بڵێم خاڵی لاواز هەیە، ئەویش کێشەی یەکریزی لەنێو بزووتنەوەی کوردستان بەتایبەت لەنێو حیزبەکاندا وەک پێویستی و پێشمەرج بۆ گۆڕانکارییەکان. ئەم کێشانە چۆن چارەسەر دەبن؟ کەی چارەسەر دەبن؟**

لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گیرا، ئێمە لێکدانەوەیەکی گشتی و بەربڵاومان کرد لە دۆخی نێودەوڵەتی، هەلومەرجی ئێران و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. تەبیعەتەن نەفسی لێکدانەوە هەر بۆ باس و لێکۆڵینەوە نەبوو. بۆ ئەوە بوو کە بزانین ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانین چ ڕێکاریک و چارەسەرێکمان هەبێ. بۆیە لە قۆناغی یەکەمدا ئێمە تاوتوێی دۆخە گشتییەکە لە بواری هەلومەرجی ناوچە و ئێران، توانا و زەرفییەتی دیپلۆماسی و تواناکانمان لە بوارەکانی دیکە و دەرفەت و هەڕەشە و مەترسییەکانمان کرد. کاتێکیش سەر ڕێگا چارەکان، بەو ئاکامە گەیشتین - دیارە ئەوە هەمیشە باوەڕی حیزبی دێموکرات بووە- کە بۆ ئەوەی لە تەواوی ئەم بوارانەدا قسەمان بڕوا و لە هەمووی ئەم بوارانەدا بە دەنگێکی یەکگرتوو بێینە گۆڕێ و یەک دەنگێکمان هەبێ و کاتێک باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە خەڵک لەوێ هێندە فیداکاری دەکا و، هێندە تێکۆشانیان هەیە و، هێندە قوربانی دەدەن و هێندە لەسەر خەتن؛ تەبیعەتەن دەبێ هەموو حیزبەکانیش بە قەبارەی فیداکاری و، تێکۆشانی ئەوان لەسەر خەت بین و بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە بڕوینە پێشێ. لێرە چارەسەرەکە دەبێتە یەکڕیزی و یەکگرتوویی.

تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هیچ بوارێکدا کۆتایی نەکردوە، بەڵام ئەوە تەواو نییە، هۆی ئەوەیە کە حیزب و لایەنی سیاسیی جۆراوجۆر و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە. بۆیە کاتێک لە تەواوەتیی خۆیدا باس لەو بابەتە دەکەین، یەکێک لە چارەکان ئەوەیە حیزبی ئێمە چۆن بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە هەر وەکوو ڕابردوو کار بکا و، لەگەڵ حیزب و لایەن سیاسییەکانی دیکە هاوکاری و هەماهەنگی هەبێ. بۆ نموونە لەنێو ناوەندی هاوکاریدا تێ بکۆشین پرۆژە و بەرنامەمان هەبێ و ئەو ناوەندە چالاکتر بێ و لە بواری جۆراوجۆردا هەموومان بەیەکەوە کۆدەنگییەکی کوردیمان هەبێ و ئەو کۆدەنگییە کوردییە لە زۆر بواردا بۆ ئێمە بە کار دێ.

دووهەم، هەروەها باس لەوە کرا چۆن حیزبی ئێمە تێبکۆشی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان یارمەتیدەر بێ دروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش لەسەر پرسە گشتییەکانی ئێران و بە هاتنە سەرکاری بایدن و دێموکراتەکان دەبێ بزانین چ مەجاڵێکی دیکە بۆ ئێمە دروست دەبێ.

سێهەم دیسان هەر لەو بوارانەدا چ بکەین ئەو کۆدەنگییە و ئەو ئیجماعە پەیامێکی هاوبەشی تێدا بێ کە لە نێوخۆی وڵات خەڵک خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی دەردەبڕن و دێنە سەر خەت و لە شەقام دروشم دەدەن، ئەو دروشمانە بە سەر دەمیان حیزبدا بڵاو نەبێتەوە. جا ئەگەر وایە لەو بوارەدا بەخۆشییەوە کۆمیتە ناوەندی پەیامی لە هەمووی ئەو بوارانەدا هەبوو و، دەفتەری سیاسیی ڕاسپاردوە بەدوای ئەوانەدا بچێ و تێبکۆشی جێبەجێیان بکا.

**کاک خالید کە باس لە یەکریزی دەکرێ خەڵک نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، زوومەکان زوو دەچێتە سەر واقعی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات. ڕوونە ئەولەوییەتی یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکریزی و یەکگرتوویی دوو لایەنی دێموکراتە و دەشزانم لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا زۆر بە جیدی باس لەسەر ئەوە کراوە و، ئێستاش دانیشتنی هەیئەتەکانی دوو لایەنی دێموکرات دەکرێن. ئاخۆ لەو بارەوە شتێکی تازە و هیوا بەخش هەیە باسی بکەن؟**

ئەو چاوەڕوانییانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەواو لە جێگای خۆیدایە. من بەشبەحاڵی خۆم لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەرکی دەکەین و، بە ڕێزەوە لێی دەڕوانین. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەمیشە ئەو هەوڵانەمان داوە و پێمان وایە پەنجەرەی بەهێزکردنی یەکڕیزیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە کێشەی دێموکراتەکان چارەسەر بکرێ. لە ڕابردووشدا هەوڵمان داوە، ئەم پرۆسەیە هەوراز و نشێوی بووە و تەبیعەتەن دەبێ پشوودرێژ بین. بۆیە لە درێژەی گرینگیی ئەو بابەتە کە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و یەکبوونەوەی ئەم دوو حیزبە پێویستی و زەروورەتێکی گەورەی نیشتمانی و سیاسییە و دەبێ ئاوا چاوی لێ بکەین. ئێمە گوتمان کە هەموو چارەکان لەوەدا دەبینین یەکگرتوویی و دەنگێکی بەهێز هەبێ. بۆیە لەو دواییانەدا و لە درێژەی ئەوەدا ڕێبەریی هەر دوو لا پێکەوە دانیشتنمان هەبووە و ئێستا هەیئەتەکانمان پێکەوە کار دەکەن. خەسارناسیی ئەوەمان کردووە کە لە ڕابردوودا بۆچی نەمانتوانیوە ئەو یەکگرتنەوەیە جێبەجێ بکەین و ئەوانەشمان هێناوەتە بەر باس. لە ئێستادا ڕێبەریی هەر دوو لا لەسەر خەتین و هەیئەتەکانمان دادەنیشن و تاوتوێی لایەنی جۆراوجۆری پرسە دەکەن کە چۆن ئەو دوو لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەسەر ئەم کۆسپانەدا سەر بکەون. لەهەرحاڵدا بەخۆشییەوە ئیرادەیەک دەبینم لە ڕێبەریی هەردوو لادا و مادام ئەو ئیرادەیە هەیە، ئەرکی کۆمەڵانی خەڵکە کە چاوەڕوانییەکانیان بەهێز بکەن و، ئەرکی ئەندامانی هەر دوو لای دێموکراتە لەسەر خەت بن. ئەرکی ئەندامانی ڕێبەریی هەر دوو لای دێموکراتە ئیرادەیان زۆرتر بێ و لەهەرحاڵدا ئێمە بە هاوکاریی یەکتر ئەو بەرپرسیاییتیە جێبەجێ دەکەین و مادام ئەوەشمان جێبەجێ کرد، دەبێ لە حیزبێکی یەکگرتووی دێموکراتدا ئیلزامات و بەڵێنەکانی بەهێزیشمان دەبێ و ئەوە دەتوانێ پەیامێکی باشی هەبێ بۆ داهاتووی خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕاستە ئەو کارە گرفتی خۆی بووە و لە دانوستانیشدا هەوراز و نشێو هەیە، بەڵام ئەسڵ ئەوەیە کە بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە ئەو هەوراز و نشێوانە تێپەڕ بکەین. بەڵام مادام ئەوە چاوەڕوانی و داوای خەڵکە و ئێمە دەبێ جێبەجێی بکەین، هاوکات منیش ئەو چاوەڕوانی و داوایەم هەیە کە خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان لە دژی کۆماری ئیسلامییدا یەکڕیزی و هەماهەنگیان لەبیر نەچێ. ئەوە بەردی بناغەی سەرکەوتنمانە و سەرکەوتنیش هەر بۆ ئێمەیە.

**کاک خالید سپاس بۆ کات تەرخانکردنت بۆ ئەم دیمانەیە.**

سپاس بۆ ئێوەش. ماندوو نەبن

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی لێکدانەوە و تاوتوێکردنی کۆمەڵێک ڕووداو و پرسی سیاسی کۆبۆوە.

پێش‌نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٨ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی، شەشەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ی حیزب بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی، جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندەکانی حیزب دەستی بە کارەکانی کرد.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا کە بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد، بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیی حیزبی لەسەر کۆمەڵێک ڕووداو و پرسی سیاسیی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان پێشکەش کرد.

لێکدانەوەکەی دەفتەری سیاسی لە سۆنگەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئامریکا و سەرکەوتنی دێموکراتەکان و دەنگهێنانەوەی جۆ بایدەن، پڕژایە سەر شوێنەواری گۆڕانکارییەکانی کۆشکی سپی لە سەر پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و ئامریکا. لەم پێوەندییەدا بە ئاوڕدانەوەیەک لە سیاسەتی "ئەوپەڕی گوشار" کابینەی ترامپ بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاریگەریی گەمارۆکان لە سەر ڕێژیم و کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی، باس لە تێڕوانین و ڕێکارە سیاسی و ئابوورییەکانی کابینەی نوێی دەوڵەتی ئامریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران کرا.

لە درێژەی لێکدانەوەکەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، باسی لە دۆخی سیاسی، ئابووری و ئەمنیەتیی ئەمڕۆی ئێران و سیاسەتی سەرکوتی سیستماتیکی ڕێژیم بەرانبەر ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران و، هەروەها داهاتووی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان کرد. لەم پێوەندییەدا وێڕای پێداگری لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پشت بەستنی بزووتنەوەی کورد بە هێز و ئیرادەی خۆی، بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر ئەگەر و پێشهاتێک، باس لە چەند زەروورەتی هەرە پێشەوەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە؛ یەکڕیزیی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، هاوپێوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بە جەماوەری‌کردنی زیاتری خەبات لە نێوخۆی وڵات کرا. هەر وەک لە لێکدانەوەکەی دەفتەری سیاسیی حیزب‌دا ئاماژەی پێکرا بوو، لە سەر ئەساسی هەستکردن بەم زەروورەتانە، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر هەوڵدانی زیاتر بۆ بەئاکامگەیاندنی پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و بەهێزکردنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە درێژەی باس و بابەتەکانی کۆبوونەوەکەدا، کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسیی ڕاسپارد بە هاوکاریی ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی حیزب، زیاتر لە جاران کار لە سەر خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بکرێ.


بەشدارانی کۆمیتەی ناوەندی دواتر سەرنج و بۆچوونی خۆیان لەسەر ڕەهەندە جۆراجۆرەکانی لێکدانەوە گشتییەکەی دەفتەری سیاسی دەربڕی.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و چۆنیەتیی بەرەپێشچوونی ڕەوتی وتوێژ و دانیشتنی هەیئەتەکان، بەڕێز کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی هەیئەتی حیزب بۆ پرسی یەکگرتنەوە، ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کرد کە لە لایەن ڕێبەریی حیزبەوە پێشوازی و باسی لەسەر کرا و کۆمیتەی ناوەندی تەئییدی هەوڵەکانی دەفتەری سیاسی و هەیئەتی حیزبی لەو پێوەندییەدا کردەوە.

لە بەشەکانی دیکەی شەشەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب‌دا چەند پرسێکی تەشکیلاتیی هاتنە بەرباس کە بڕیاری پێویستیان لەسەر درا و دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ جێبەجێکردنیان ئەرکدار کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٩ی سەرماوەزی ١٣٩٩

# بەڵێ بۆ چێ‌کردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردن و توندوتیژییەک



خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، تیشکی خستووەتە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و قانوونە پڕ هەڵاواردنەکانی ئەم ڕێژیمە کۆسپی سەرەکیی بەردەم بزووتنەوەی مافخوازیی ژنانن لە ئێران‌دا.

***دەقی پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان:***

بزووتنەوەی مافخوازیی ژنان لە ئێران و ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە و بە زۆر قۆناغ و وێستگەدا تێ‌پەڕیوە، بەڵام سەرباری زۆر دەسکەوت و هاوکات نسکۆ، ئێستاش ژنان لە ئێران قوربانیی ڕیزی پێشەوەی پێشێل‌کرانی مافەکانی مرۆڤن، و لەو نێوەدا توندوتیژی، چ حکوومەتی و سیستماتیک، یان توندوتیژی لە کۆمەڵگە و کەشی خێزانی‌دا، پانتاییەکی بەرفراوان لە ژیانی ژنانی داگیر کردووە.

٤٢ ساڵ لەوە پێش و لەو مانگ و ڕۆژانەدا کە خەبات و خۆپیشاندانەکان بەدژی دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا گوڕوتینێکی زۆری گرتبوو، ژنان نەک هەر شان‌بەشانی پیاوان، بەڵکوو لە هەندێک بواردا لە ڕیزەکانی پێشەوەی نارەزایەتییەکان‌دا بوون. ژنان لەپێناو بنیاتنانی حکوومەتێکی نوێ‌دا کە کە مافە مرۆییەکانیان بەڕەسمی بناسێ، سێبەری نگریسی هەڵاواردن و وەلانانیان لەسەر لابەرێ و لە کۆمەڵگەیەکی یەکسان‌دا بەشداری کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بن؛ بەشداریی هەراویان لە شۆڕش‌دا کرد. بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی یەکەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ بوون کە کەوتنە بەر تیغی سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردنی ڕێژیمی نوێ.

ژنان لە ئێران بەپێی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی سیستماتیک مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان پێشێل دەکرێ. پەروەردەی ئایدۆلۆژیکی ڕێژیم بە مەبەستی هەڵاواردنی ژنان و پەستاوتنیان لە سووچی ماڵ بۆ ئامانجی ڕێگری لە بەشدارییان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەگەرچی تەنگی بە ژنان هەڵچنیوە، بەڵام کۆڵی پێ نەداون و؛ دوای چوار دەیە هەمدیسان دەبینین ژنان لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتییەکان لەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیین.

بەدەر لە هەڵاواردن و توندوتیژیی سیستماتیکی حکوومەتی لە دژی ژنان، ژنان ئێستاش بەهۆی نۆرمەکانی کۆمەڵگەی نەریتی ئازار دەچێژن. نەهیشتنی ئەم دۆخەش پەروەردە و هەڵمەتێکی گشتی و بەردەوامی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی گەرەکە و، قورسایی ئەو ئەرکەش پتر دەکەوێتە سەر کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان، توێژی ڕووناکبیر و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە باوەڕی بە یەکسانیی مافی ژنان و پیاوان هەیە، وەک لە بەرنامەکەی‌دا هاتووە: "بە لەبەرچاوگرتنی بەندەکانی پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بەدژی ژنان، دابین‌کردنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لەنێو خێزان و لە کۆمەڵ‌دا و، لە مەیدانی کار و دەسەڵات و بەگشتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری‌دا، بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دادەنێ و بەرنامەی چڕوپڕ لەو پێوەندی‌یەدا دادەڕێژێ و بەڕێوەی دەبا.

لە کۆتایی‌دا وێڕای هان‌دانی کچان و ژنانی نیشتمانەکەم بۆ خەباتی مافخوازی و وێڕای پێداگری لەسەر پشتیوانیی حیزبەکەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو خەباتە بەرحەق و ڕەوایە؛ دەڵێم: بەڵێ بۆ چێ‌کردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردن و توندوتیژییەک.

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**خالید عەزیزی**
**٢٠٢٠/١١/٢٥**

# هەڕەشەی دەوڵەتی تێرۆریست به دروشمی بریقەدار



شاهۆ مەتین

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی جڵەوی دەسەڵاتی وڵاتەوە بۆ سەپاندنی ئۆتۆریتە و هێژمونیی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی بە تایبەت لە وڵاتانی ناوچە، تێرۆر و نانەوەی ئاژاوە و بشێویی لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی‌دا خستۆتە دەستووری کاریەوە و بە شێوە و بیانووی جۆربەجۆر جێبەجێی کردوە. لەم ڕووەوە هەر لە سەرەتاوە تێرۆریزم ماهییەت، پێناسە و فەلسەفەی وجوویی ڕێژیمی مەلاکان بووە لە ئێران‌دا.

"تێرۆر" وەک وشە لە زمانی فەرانسەوی‌دا بە مانای ترس و دڵەڕاوکێ دێ و لە سیاسەتیش‌دا بە کردەوەی ترس‌خولقێن و نایاسایی حکوومەتەکان بۆ سەرکوتی نەیارانی خۆیان و ترساندنیان پێناسە دەکرێ و بە کار دێت. لە سەر ئەم ئەساسە تێرۆریزم وەک ترس و دڵەراوکێ دژی نەیاران هەموو کات چەکێکی بەهێز و کاریگەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دژی ئازادیخوازانی وڵات (قەتڵە زنجیرەییەکان و تێرۆرە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات) و بە تایبەت بزووتنەوی مافخوازیی کوردستان (تێرۆری هەردوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور قاسملوو لە ئۆتریش و دوکتور شەرەفکەندی لە ئالمان، تێرۆری زیاتر لە ٤٠٠ کادر و پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاری کوردستان لە هەرێمی کوردستان، تەقینەوەی شەوی یەلدای بەردەم مەقەڕی دەفتەری سیاسی و هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات) بووە. حاشا هەڵنەگرە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی تێرۆرەوە زۆرترین و قورسترین زیانی ئینسانیی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و دێموکراسی‌خوازیی کورد و ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی خۆی گەیاندوە.

دەسەڵات‌بەدەستانی ڕێژیم بە عەقڵییەتی چاخی بەردین، شەڕەنگێزی و نەحاوانەیان لەگەڵ دنیای سەردەم و پێداگرییان لە سەر پڕوپاگەندەکانی سەرەتای شۆڕش -هەناردەی شۆڕش، ئازادیی قودس، بوون بە ئادرەسی ئیسلام لە دنیا، باڵادەستی لە ناوچەدا- ئێرانیان لە هەموو بوارێک‌دا تەریک خستۆتەوە و لەپێناو ڕاگرتنی هێز و حکوومەتەکەیان هەم بەرهەم‌هێنەری تێرۆریزم و هەم پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزم بوون. لەو سۆنگەیەشەوە دەبینین کە خۆیان لەگەڵ هەموو دنیا بەرەوڕوو کردووەتەوە و لە سایەی ئەو جۆرە ڕوانینەیان خەڵکی وڵاتیان تووشی چ بەش‌مەینەتییەک کردووە.

## وەڵامی کوشتنی فەخری‌زادە چۆن دەبێ؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای هاتنە سەرکار و دەست بەسەر داگرتنی دەسکەوتی شۆڕشی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران و مۆنۆپۆل کردنی جومگەکانی دەسەڵات، ڕەوایی خۆی بە دوو هێزی هەڵخەڵەتێنەری (مەلاکان) و سەرکوت‌کاری (پاسداران) گرێ داوە، واتە ئاخوندیزم و پاسداریزم لە ڕێگای چەواشەکاری و درۆ، لە پشت مینبەر و بە ناوی خوا و قورئان و بە ڕێگای ئەو تەونە جاڵجاڵۆکەیەی بە ناوی جۆربەجۆری ئایینی و دەزگای دینی دروستیان کردووە، و بە ناوی گوناح و شەرعەوە پێشیان بە ئازادیی ئەندێشە گرتووە و هزری تاکی ئێرانییان بە چەواشەکاری داخستوو. هاوکات پاسداریزم وەک هێزێکی سەرکوت‌کار وەک دەوڵەت لە سێبەردا لە نێو حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران شوێن و پێگەی ستراتیژیی هەیە و ئێستا لە ڕێگای ئابووری و ئایدۆلۆژی دەستی بە سەر سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆی کۆماری ئیسلامی داگرتووە. سیاسەتەکانی




دوای ڕووداوی کوشتنی موحسین فەخری‌زادە، زانای ئەتومی و مووشەکیی ڕێژیم لە حەوتووی ڕابردوودا، جواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران وەک نوێنەری دەزگای دیپلۆماسیی ڕێژیمیش لە کاتێک‌دا داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە هەڵوێستیان بەرامبەر کوژرانی فەخری‌زادە هەبێ؛ کە هاوکات لە بێلژیک دادگایەک لە تاوانی کردەوەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بۆ تەقاندنەوەی کۆبوونەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دەکۆڵێتەوە. هەروەها هەموو دنیا و بۆخۆشیان باش دەزانن کە پیتاندن و بەرهەم‌هێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ڕێژیمەوە نەک لە پێناو ئامانجی مرۆڤدۆستانە و بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران نییە؛ بگرە بۆ بەبارمتە گرتنی زیاتری خەڵکی وڵات و بردنەسەرێی پتری توانای سەربازیی خۆیان بۆ پڕکێشییەکانیان لە ناوچە و جیهان‌دایە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی داسەپاوی خۆیان بە سەر گەلانی ئێران‌دا و لە کاتێک‌دا کە دنیا بە هۆی پێشکەوتنی فرەڕەهەند لە ڕووی سیاسی، ئابووری، تێکنۆلۆژی و هتد ئاوەدانی و خۆش‌بژیویی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام سپای پاسداران ئێرانی بەرەو توتالیتاریزم بردووە و بچووکترین دەنگی مافخوازی و ئازادیخوازی خەڵکی ئێران وەڵامەکەی لەلایەن سپای پاسدارانەوە سەرکوت ، ئێعدام و کوشت‌وبڕە.

سپای پاسداران لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتیش لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕۆیشت و بە فەرماندەیی کەسێکی وەک قاسم سولێمانی کە پیاوی ژمارە یەکی ئەم هێزە داپڵۆسێنەرە بوو، ڕۆڵی بنەڕەتیی لە تێکدان و نائەمن‌کردنی سەقامگیریی ناوچە و بەشێکی زۆر لە جیهان‌دا هەبوو، و بە ئاشکرا دەستێوەردانی بڕیارەکان لە ناوەندی دەسەڵاتی بەغدا، سووریە، بەحرین و لوبنانی دەکرد و ئەو وڵاتانەی وەک قەڵغانی شەڕ بۆ دوور خستنەوەی مەترسییەکان بۆ سەر ڕێژیمەکەیان بەکار دێنا.

لەم ڕووەوە کوژرانی قاسم سولێمانی وەک پیاوی ژمارە یەک و سندووقی ڕەشی هێژمۆنیی سپای پاسداران و ڕێژیم لە ناوچەدا و دواتریش، کوژرانی کەسی یەکەم و تەختە کلیلی بەرنامەی ناوکی و مووشەکیی ڕێژم لە نیزیک تاران، دەکرێ بە لێدان لە ئۆتوریتەی ئەم ڕێژیمە و هەتیو کەوتنی ڕێژیم لە دەست‌درێژییەکانی لە ناوچە و پەرەپێدانی پیشەسازیی ئەتومی و مووشەکیی لێک بدرێتەوە.

بێ‌گومان کوشتنی قاسم سولێمانی و فەخری‌زادە وەک دوو کاراکتێری گرینگی ڕێژیم هەم کەلێنی قووڵی لە ڕێژیم خستووە و هەمیش لە نێوخۆی هێزەکانی ڕێژیم‌دا خواستی تۆڵەکردنەوە بۆ وەدەست‌هێنانەوەی پرستیژی ئەمنیەتی و سەربازیی لەدەست‌چووی لە ئارادایە، لە بارودۆخەدا ڕێژیم سێ ڕێگەی وڵامدانەوەی لە بەردەم‌دایە:

١- **وەڵامدانەوە لە ڕێگای درووشمی باق و بریقەدار:** ماوەی چل ساڵە حکومەت لە ڕێگەی دروشمی قەبەی وەک نەمان بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل ، ئازادیی فەلەستین و... هەوڵی چەواشەکردنی خەڵک دەدا و ڕێژیم توانیویەتی بە هەڵخەڵەتاندن وەک چەکێکی بەهێز دڵی بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی ئاڕام بکا .

٢- **تۆڵەی ڕاستەوخۆ:** واتە هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل. بەڵام ئێستا ئێران بە هۆی پێشێل‌کردنی ڕێککەوتننامەی ناوکی گوشاری هەرە زۆری ئەمریکا بەهۆی سزای ئابووری، چەک‌وچۆڵ و دیپلۆماسی لە دۆخێکی سەخت دایە و ناتوانێ هێرشی ئەم جۆرە بکا. هاوکات هێشتا نیزیک مانگ و نیوێک لە دەسەڵاتی ترامپ ماوە و ئێران نایهەوێ بیانوو بداتە تیمی ترامپ بۆوەی هێرشی پەرچەکردارییان لەدژی ئێران هەبێ. هاوکات کۆشکی هیواییان لەسەر ئەمە هەڵچنیوە کە لە سۆنگەی ڕوانگەی جیاوازی دێموکراتەکانەوە گوشاری گەمارۆکانی لەسەر کەم بێتەوە و ئێران و ئەمریکا لە چوارچێوەی "بەرجام"دا درێژە بە مامەڵەی نێوانیان بدەن. بۆیە لەگەڵ ئەوەش‌دا کە بەپێی گۆڕانکارییەکانی چوار ساڵی ڕابردوو گەڕانەوە بۆ دۆخی بەرجام زۆر ئەستەمە، لەگەڵ ئەوەش‌دا ئێران زاتی ئەوە ناکا بیەوێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا تێکگیرێ. لەبەر ئەوەش کە لەو کوشتنەدا زۆرتر ناوی "مووساد" لەگۆڕێ‌دایە، لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلیش هەر هەمان مەترسییەکانی شەڕ لەگەڵ ئەمریکای بۆ سەر ئێران هەیە و بەم‌جۆرە تەکلیفی تۆڵەی ڕاستەوخۆ ڕوونە کە ڕوو نادا.

٣) **تۆڵەی ناڕاستەوخۆ:** بەکارهێنانی حەشدی شەعبی، حوسییەکان و حیزبوڵڵا بۆ شەڕی نیابەتی. تۆڵەی ناڕاستەوخۆی ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای بریکارەکانی لە ناوچە یەکێک لە ئەگەرەکانە، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش نەیتوانیوە کەلێنی قاسم سولێمانی و کاریگەریی ئەو لەسەر ئەم هێزانە پڕ بکاتەوە؛ هاوکات هێرش و گورزە کوشندەکانی ئەمریکا لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەو هێزانە ئەوانی تا ڕادەیەکی بەرچاو لاواز کردوە. ئیسرائیلیش بەهۆی ڕەوتی ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیی ناوچە ئیدی ئەم دێوزمەیە نییە کە ئێران بتوانێ بە هەڵخڕاندنی هەستی هاوسۆزیی خەڵکی موسوڵمانی ناوچە بژێوی سیاسی و ئیدۆلۆژی بۆخۆی دابین بکا، بگرە لە ئێستادا وڵاتانی عەرەبیی کەنداو کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی ژمارە ١ی خۆیان دەزانن. حیزبوڵڵای لوبنانیش لەو مەوقعییەتەدا نییە بتوانێ بە فیتی ئێران خۆی تێکەڵ بە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بکات.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو فەکت و گریمانە هەڕەشە و گورەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تۆڵەستێنی هەر لە چوارچێوەی قسەدا دەمێننەوە و ڕێژیم ئەم هەڵە ستراتیژییە ناکا خۆی بخاتە دۆخێکی دژوارتر لە ئێستاوە کە داهاتووی دەسەڵاتەکەی بەرەو نادیار ببات.

***

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا


## (کەمینە ئایینییەکان لەژێر دەسەڵاتێکی شیعەگەریی دەوڵەتیدا)



دیلان هەردی

ئامارێکی ورد و بڕواپێکراو لەسەر کەمینە ئایینییەکان لە ئێران بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام بەپێی هەندێک لە ئامارە حکوومی و ناحکوومییەکان، دوای شۆڕشی ١٣٥٧، ئاماری حەشیمەتیی کەمینە ئایینییەکان بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی تەواوی دانیشتووانی ئێران، بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و زۆرینەی دانیشتووانی ئێران لە ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی پێکهاتووە. جگە لە سوننەکان کە بە کەمینەیەکی موسوڵمان دادەنرێن، چەندین کەمینەی ئایینی ناموسوڵمانیش وەکوو مەسیحی، زەردەشتی، جوولەکە، بەهایی و یارسان لە ئێران بوونیان هەیە. بەپێی ئامارە دەوڵەتییەکان، لە ساڵی ١٣٧٦ـەوە هەتا ساڵی ١٣٩٦، ئاماری موسوڵمانانی ئێران، ٢/٥ هێندە زیادی کردووە. ئەوە لە حاڵێکدایە ڕێژەی ناموسوڵمانەکان لەو ماوەیەدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. پرسیارەکە ئەوەیە کە، دۆخی کەمینە ئایینییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا کە لەسەر بنەمای شیعەگەری دامەزراوە، چلۆنە؟ لە ئێران، کەمینە ئایینییەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبن: یەکەمیان، ئەو ئایینانەی لە لایەن دەوڵەتەوە بە فەرمی ناسراون، دووهەمیان، ئەو ئایینانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە فەرمی نەناسراون.

**ئایینە بە فەرمی ناسراوەکان:** لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا، جگە لە سوننەکان، سێ کەمینەی ئایینیی ناموسوڵمانی مەسیحی، جوولەکە و زەردەشتی بە فەرمی ناسراون و دوو کورسیی پارلمانیان بە شێوەی سەمبۆلیک بۆ تەرخان کراوە. بە فەرمی ناسینیان لە لایەن دەوڵەتەوە بەو واتایە نییە کە ئازادیی تەواویان لە بەجێ گەیاندنی ئەرکە ئایینییەکانیان هەیە، بەڵکوو چالاکییە ئایینییەکانیان چوارچێوەیەکی لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ دیاری کراوە. بەپێی ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٦ تا ١٣٩٦دا، ژمارەی دانیشتووانی ئایینە ناموسوڵمانەکان بەو شێوە کەمی کردووە: مەسیحی ٪٧٣، جوولەکە ٪٩٧، زەردەشتی ٪٧٠ و ئەوانیتر بە ڕێژەی ٪٦١ کەمیان کردووە(1).




(ژمارەی دانیشتووانی ناموسوڵمان لە ئێران، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٦- ١٣٩٦دا)
سەرچاوە: ناوەندی ئاماری ئێران

بەپێی ئەو گرافیکەی سەرەوە، لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ـەوە، ژمارەی دانیشتووانی ناموسوڵمان کەمی کردووە، لە کاتێکدا، ژمارەی تەواوی دانیشتووانی ئێران، دوو هێندە زیادی کردووە. هۆکاری سەرەکیی دابەزین یان بەرزنەبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووانی کەمینە ئایینییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردن بەهۆی سیاسەتی زۆرەملێ و سەرکوتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە کەمینە ئایینییەکان. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە ژمارەیەک قەشە (پیاوی ئایینیی مەسیحی) تیرۆر کران. بۆ نموونە هووسپیان مێهر (١٣٧٢ لە کەرەج تیرۆر کرا)، مێهدی دیباج و تەتهیس میکائیلیان (ساڵی ١٣٧٣ تیرۆر کران و تەرمەکانیان بە ورد کراوی لەنێو بەفرگردا دۆزرایەوە). هەروەها بە سەدان مەسیحی ڕەوانەی زیندانەکان کران و ژمارەیەکی زۆر کتێبی ئینجیل و نووسراوە و بەڵگەنامەی ئایینی سووتێندران. بڵاوکراوە مەسیحییەکان قەدەغە کران و بەشی خزمەتگوزاریی کەنیسەکان داخران. هەرچەندە ئەمڕۆکە ژمارەیەک کەنیسە لە ئێران دەرگایان کراوەیە، بەڵام کار و چالاکییەکانیان لە لایەن دەوڵەتەوە سنووردار کراوە. زۆربەی ئەو ئێرانییانەی ئایینی خۆیان لە ئیسلامەوە گۆڕیوە بۆ ئایینەکانی دیکە، بەرەوڕووی توندترین سزا بوونەتەوە و زۆربەیان بە سزای لەسێدارەدان حوکم دراون، چونکە لە ڕوانگەی حکوومەتەوە گۆڕینی ئایین لە ئیسلامەوە بۆ ئایینێکی دیکە بە هەڵگەڕانەوە دادەنرێ، بەڵام گۆڕینی ئایین لەوانیترەوە بۆ ئیسلام، بە کارێکی پیرۆز دادەنرێ. دوای گوتاری خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٧٩دا، ژمارەی دەستگیرکراوان و لە سێدارە دراوانی کەمینە ئایینییەکان بەرز بوویەوە. بە گوتەی خامنەیی، "دوژمنی ئیسلام هەوڵ دەدا بە زیادبوونی ژمارەی کەنیسە خۆماڵییەکان و هەندێک ئایینی دەستکرد، ئایینی ئیسلام لاواز بکا". بە گوێرەی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بۆ ساڵی ١٣٩٨، زیاتر لە ١٧١ نوێدینی مەسیحی (ئەوانەی لە ئیسلامەوە چوونەتە سەر ئایینی مەسیح)، ساڵی ١٣٩٧ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون و سزا دراون.

ژمارەی جوولەکەکانی ئێران زیاتر لە ژمارەی هەموو جوولەکەکانی وڵاتانی عەرەبی جگە لە ئیسرائیل و فەلەستینە، چونکە مێژووی هەبوونی جوولەکە لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٢٧٠٠ ساڵ پێش ئێستا، بەڵام ژمارەیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئێران بەتایبەت دوای شۆڕش لە کەمبوونەوەدایە. کۆماری ئیسلامی، ناوی جوولەکە یان یەهودی گۆڕیوە بۆ کەلیمی و بە "کەلیمی"یەکان ناویان دەهێنێ. زۆرینەی جوولەکەکانی ئێران، بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل کۆچیان کردووە. لە ئێران جوولەکەکان بوونەتە قوربانیی کێشەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسرائیل، چونکە هەر چەشنە پەیوەندییەکی ئەو جوولەکانە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل، سزای زۆر قورسی بە دواوەیە. بە گوتەی ئەنجومەنی جوولەکەکانی تاران، ئەمڕۆکە، "هەرچەندە جووەکان لە ئێستادا لە ئێران بە توندی سەرکوت ناکرێن، بەڵام لەگەڵ هەندێک بەربەست بەرەوڕوون".

ئایینی زەردەشتی، نزیک بە ٣٠٠٠ ساڵ دەبێ لە نێو ئێرانییەکاندا دەرکەوتووە و بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ئێران لە سەدەی حەوتەمی زایین، ئایینی سەرەکیی ئێرانییەکان بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵگەی زەردەشتییەکان لە پارلمانی ئێران نوێنەری هەیە، بەڵام زەردەشتییەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، بەرەوڕووی هێرش و سووکایەتی و ئازار دەبنەوە. جیاوازی و هەڵاواردنی یاسایی، یەکێک لەو کێشانەیە کە زەردەشتییەکان لە ئێران بەرەوڕووی دەبنەوە. بۆ نموونە، ئەگەر لە بنەماڵەیەکی زەردەشتیدا، یەک کەس ئایینی خۆی بگۆڕێ بۆ ئیسلام، مافی ئەوەی هەیە بە تەنیا ببێتە خاوەنی هەموو میراتی بنەماڵەکە. هەروەها، ئەگەر کەسێکی زەردەشتی بە تۆمەتی کوشتنی موسوڵمانێک حوکم بدرێ، بەپێی یاسای ئێران، دەبێ قەساس وەربگیرێ، واتە سزای مردن، بەڵام ئەگەر موسوڵمانێک بە تومەتی کوشتنی زەردەشتییەک حوکم بدرێ، بە مردن سزا نادرێ. ڕێساکانی ئایینی شیعە کە پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو ڕێک دەخەن و کردەوە توندوتیژییەکانی ئەو ڕێسایانە کە لە لایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی کۆماری ئیسلامییەوە جێبەجێ دەکرێن، لە ڕوانگەی زۆربەی زەردەشتییەکانی ئێران، پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی ئەوانە، بۆ ئەوەی بە زۆر نەریت و ڕێساکانی ئایینی ئیسلامیان بەسەردا بسەپێ.

هەڵاواردنی ئایینی، تەنیا ناموسوڵمانان ناکاتە ئامانج، بەڵکوو هەموو ئەو کەمینە موسوڵمانانەش دەکاتە ئامانج کە شیعەی دوازدە ئیمامی نین. سیاسەتە کولتوورییەکانی دەوڵەت وەکوو بەربەستێکن لە بەرامبەر هەموو ئەوانەی لەگەڵ شیعەی دوازدە ئیمامی سازگار نین.

**ئایینە بە فەرمی نەناسراوەکان:** ئەو ئایینانەی قانوونی بنەڕەتیی ئێران بە فەرمی نایانناسێ، نەک تەنیا کارو چالاکییەکانیان قەدەغەیە، بەڵکوو بەردەوام سەرکوت دەکرێن. ئایینە بە فەرمی نەناسراوەکانی وەکوو بەهایی و یارسان و ژمارەیەک کەمینەی دیکە، لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە وەکوو هەڵگەڕاوە سەیر دەکرێن و نەک تەنیا لە لایەن دامودەزگا دەوڵەتییەکانەوە بەڵکوو لە لایەن کۆمەڵگەشەوە بەبێ هیچ هۆکارێک بەرەوڕووی هەڵاواردن و توندوتیژی دەبنەوە. شوێنکەوتووانی ئەو ئایینانە لە زۆربەی خزمەتگوزارییە حکوومییەکانی وەکوو خوێندن و دامەزراندن بێبەش دەکرێن. ئایینی بەهایی یەکێک لەو ئایینانەیە کە بە شێوەیەکی چڕ کراوەتە ئامانجی سیاسەتە زۆرەملێیەکانی کۆماری ئیسلامی. هەرچەندە ئامارێکی فەرمی لەسەر ژمارەی شوێنکەوتووانی ئایینی بەهایی لەبەردەستدا نییە، بەڵام بە پێی ئامارە نافەرمییەکان، ژمارەی شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە بە ٣٥٠ هەزار کەس بەراورد دەکرێ. دەستبەسەر کران و لە سێدارەدانی ژمارەیەک بەهایی لە دوای شۆڕش، بووە هۆی شەپۆلێکی گەورەی کۆچکردنی بەهاییەکان. دەستبەسەر کردنی خۆسەرانە، سزای قورسی زیندان، ئەشکەنجە و ڕەفتاری ناشایست، داخستنی کارگە و کارخانەکانیان، دەست بەسەردا گرتنی ماڵ و سامانیان، قەدەغەکردنی کارکردن لە کەرتی گشتی و بێبەشکردنیان لە خوێندنی زانکۆ، لەو سیاسەتانەن کە لە لایەن حکوومەتەوە لەسەر بەهاییەکان جێبەجێ دەکرێ. دەسەڵاتدارانی ئێران، بەهاییەکان بە خەڵکێکی "پیس" دادەنێن. دوای شۆڕش، نزیک بە تەواوی خوێندکار و مامۆستایانی بەهایی لە زانکۆکانی ئێران دەر کران و خوێندکار و مامۆستا نوێیەکانیش ئیتر لە زانکۆکان وەرنەگیران. بەپێی حوکمێکی نەهێنیی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بەهاییەکان، "نیزام دەبێ بە شێوەیەک ڕەفتار لەگەڵ بەهاییەکان بکا، کە ڕێگەی گەشەکردنیان لێ بگیرێ" و "لە کاتی ناونووسین لە زانکۆکان و لە ماوەی خوێندندا، کاتێک دەرکەوت کە ئەو کەسانە بەهایین، دەبێ لە خوێندن بێبەش بکرێن. جگە لە بەهاییەکان، ژمارەیەکی دیکەی کەمینەی ئایینی وەکوو یارسان (ئەهلی هەق)، دەروێشە گۆنابادییەکان کە لقێکی شیعەن و بێ بڕواکان لە ئێران بوونیان هەیە و بە هەمان شێوەی بەهاییەکان بوونە بە قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردنی سیستەماتیکی دەوڵەتی. هەرچەندە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییش، زۆرێک لەو کەمینە ئایینیانە وەکوو بەهاییەکان، لە هەمان دۆخی ئەمڕۆدا بوون، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی جدیتر و سیستەماتیکتر کەمینە ئایینییەکانی کردووەتە ئامانج، بە تایبەت لە بواری خوێندن و کار کردندا. کەمینە ئایینییەکان بە هۆی بەجێ گەیاندنی مەڕاسمە ئایینییەکانیانەوە، بەردەوام بەرەوڕووی سزا دەبنەوە، لەسەر کارەکانیان دەر دەکرێن و منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش دەکرێن. بێبڕواکان کە بڕوایان بە هیچ ئایینێک نییە، ئەگەر بە ئاشکرا ڕایبگەیەنن کە بێبڕوان، بە توندترین شێوە سزا دەدرێن. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، بێبڕوایان بەردەوام مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە بە بیانووی هەڵگەڕانەوە بگیرێن، ئەشکەنجە بکرێن و بە توندترین شێوە سزا بدرێن.

***

١) ئەنجامی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان و نیشتەجێبوونی ساڵی ١٣٩٥، ناوەندی ئاماری ئێران، www.amar.org.ir

# ژن و بیرکردنەوە



لەیلا قادری

ئەگەر پێمان وابێ کە ڕەوتی بیرکردنەوە (تێفکرین) بە واتای بیرداڕێژی-یە نەک لەکارکردنی ئەقڵ، ئەوکات تێدەگەین کە ئەقڵ، کۆچەمکێکە کە تەنیا تایبەت بە ڕەگەزێک نییە. ئەقڵ لە خۆیدا، تایبەت بە جنسییەت نییە، بەڵکوو توانایی مرۆڤە لە لەکار کردنی توانایيە زەینییەکانی و هەموو مرۆڤێکیش لێی بەهرەمەندە. بەڵام مەرجی بەهرەمەندی لە ئەقڵ، کارامەیی ئەوە. بەو هۆیەوە ئەو تەرح و گەلاڵانەی لە کۆنەوە لە زەینییەتی بەشەردا جێ ماون وەک ئەوەی کە ژن کەم ئاوەز و لاواز و ساویلکەیە، ئەوانە هەمووی لەو بارودۆخە نالەبارانە سەرچاوە دەگرن کە تێیاندا دەرفەتی "بیرکردنەوە" بە ژن نەدراوە و پیاوان لەجێی ژنان بیریان کردۆتەوە.

زۆر ئاساییە کە ئەگەر پیاویش کەوتبایەتە وەها بارودۆخێکەوە، دەرفەتی کارامەیی ئەقڵی پەیدا نەدەکرد و لە ئاکامدا نەیدەتوانی ئیدە و بیرۆکە داڕێژێ و ناو دەر بکا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە "کارامەیی ئەقڵی" لە ئاکامی هەڵسوکەوت و ئاڵوێڕ و دانوستانە کۆمەڵایەتییەکان دەستەبەر دەبێ.

کاتێ کەسێک لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا قەتیس مابێ، بە جۆرێک کە تەنیا لەگەڵ کەسانێکی کەم، هەستێ و دانیشێ و لەگەڵ بابەت و پرسە جیدییەکان ڕووبەڕوو نەبێتەوە و ئەزموونی جۆراوجۆر و دژواری نەبێ، ئاساییە کە توانایی ئاوەزی و ئەقڵی لەودا بەرەو لاوازی دەچێ.

ئاراستە سەرەکییەکانی مێژوو بە جۆرێک بووە کە دەرفەتی ئەزموون کۆکردنەوە و سات و سەودای فکری و کۆمەڵایەتی بە ژنان نەداوە. کەوایە هۆکاری ئەوەی کە ژنان لە بواری" فکر" دەر نەکەوتوون و ئاشکرا نەبوون و بە دەربڕینێکی سادە، لە مێژووی "بیرکردنەوە" بزر و ونن، دەگەڕێتەوە سەر ئەو بارودۆخ و قۆناغانەی ژنان بە درێژایی مێژوو لێی تێپەڕیون و هیچ پێوەندیی بە جەوهەر و هەقیقەتی زاتی ئەوانەوە نییە. هەرکاتێکیش نەتوانین جەوهەری ژن وەک مرۆڤێک لەو دۆخە جیا بکەینەوە کە تێیدا ژیاوە، بەدڵنیاییەوە سەبارەت بەوان تووشی هەڵەی تێگەیشتن دەبین.

ژنان نەیانتوانیوە، تیۆری و بیروڕا جیدییەکان بێننە ئاراوە و بلیمەتیی ژن بە نیسبەتی پیاو کەمترە، هۆکار ئەوەیە کە دەرفەت بۆ تەجروبە وەرگرتن و پراکتیزە کردنی هێز و توانایی ئاوەزی کەمتر بۆ ڕەخساوە و زاڵبوونی ڕوانگە پیاوانەکان، بۆتە هۆی بەردەوامیی وردە گەڵاڵە کلیشەییەکان لە کۆمەڵگەدا.

لە کۆنەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، ژنان بە بەردەوامی کەڵکیان لە بەرهەمی فکریی پیاوان وەرگرتووە، هەر بۆیە خۆیان لە قەرەی پرۆسە و ڕەوتی بیرکردنەوە نەداوە. تەنانەت ژنان لە گۆشەنیگای پیاوانەوە لە خۆیان و لە تواناییەکانی خۆیان دەڕوانن، چون ئەو هەڵسەنگاندنەی بۆخۆیانی دەکەن، ئاکام و بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی پیاوانەیە و بۆخۆیان هیچ ڕۆڵ و نەخشێکیان لە بەرهەمهێنانی ئەو فکرانەدا نەبووە و نییە.

ئەورۆ کە ژنان لەچاو ڕابردوو دەرفەت و هەلی ئەزموون کۆکردنەوە و تاقیکردنەوەی زیاتریان بۆ دەڕەخسێ، کەوتوونەتە ناو پرۆسەی بەرهەمهێنانی بیروڕا و فکر و تیۆرییەوە، بەڵام لێرەشدا، کاتی پەخش و بڵاوبوونەوەی تیۆرییەکانیان، بەرەوڕووی سنووردارێتی دەبنەوە. چونکە کاتێک لە کۆمەڵگەیەکدا، ڕوانگەی پیاوانە زاڵ و حاکمە، هەروا بێبڕوایی و بێمتمانەیی بە ڕەسەنایەتی بیروبۆچوونی ژنان وەک ڕەگەزی پلە دوو، لەژێر کاریگەریی گەڵاڵە دەقگرتوو و کلیشەییەکاندا دەمێنێتەوە.

بەداخەوە پیاوان، بەقا و باوەڕیان بەوە نییە کە ژن دەتوانێ فکر و تیۆرییەک بەرهەم بهێنێ.


هەتا پیاوانیش خاوەنی ئەو بێباوەڕییە بن، زۆر ئاساییە کە لە کاتی بڵاوبوونەوەی تیۆرییەکانی ژنان، سەقیلی و چاوچنۆکی دەنوێنن و بەرهەڵستی بیروڕای ژنان دەبنەوە. دیارە حاشا لەوەش ناکرێ کە حزووری ژنان لە مێژووی "بیرکردنەوە/ ڕامان" کەمڕەنگ بووە، بەڵام هۆکار؟

یەکەم، وەک ئاماژەی پێ کرا، دەگەڕێتەوە سەر بێبڕوایی و بێ باوەڕیی پیاوان بە نیسبەتی بەرهەمە فکرییەکانی ژنان.

دووهەم، ئامادە نەبوونی بەستێن و پانتاییەک بۆ بەرهەمە فکرییەکانی ژنان بە هۆی تەرحە هەڵە و کۆنەکانەوە.

سێهەم، پێشگیری و لەمپەرسازی لە هەمبەر برەوپێدانی فکر و ڕای ژنان و لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندنی ڕەگەزی بۆ نووسراوەکانیان.

حەقیقەت ئەمەیە کە ئەوانە زۆرداریی مێژوویین و بە درێژایی مێژوو بەسەر ژناندا سەپاون.



*(ژنانی بیرمەند کە ناتۆرەی جادووگەر و سێحربازیان دەدانە پاڵ و سزا دەدران)*

# پێویستیی بەگژداچوونەوەی «پەتای کۆڕۆنا» و «بەڵای کۆماری ئیسلامی»



جەمیل سەرمەستی

ئەگەر کۆڕۆنا وەکوو مەترسی و قەیرانێکی جیهانی دابنێین، بەڵام ڕوونە کە کۆڕۆنا بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرفەتێکی باشی بۆ هەناسە بەر هاتنەوە خۆ خولڵقاند. ئەگەر وڵاتان و دەوڵەتان لە قەیرانی کۆڕۆنادا خەمی خەڵکەکەیان لە سەرووی هەموو شتێک بوو، بۆ کۆماری ئیسلامی کۆڕۆنا نیعمەتێک بوو کە بۆ ماوەیەکیش بێ گوشاری خەڵکی لەسەر کەم بێتەوە.

هاوکات بەڵام کۆڕۆنا لایەنێکی دیکەی لە جەوهەری ئەم ڕێژیمە ئاشکرا کرد، ئەویش بێکیفایەتییەکی دی لە چارەسەری قەیرانێکی سروشتی. هەموو دەزانین کە ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە قەیرانی بە قەیران تێپەڕاندوە و مانەوەی بە دروستکردنی قەیران بۆ جێهێشتنی قەیرانێکی دی گرێ دراوە. قەیرانەکانیش بەرهەمی ناکارامەیی ڕێژیم لە ئیدارەی وڵات، سیاسەتی چەوتی قەیرانخوڵقێنی لە ناوچە، گەندەڵیی ئیداری و سیستماتیکی حکوومەتی و هتد بووە کە باجە قورسەکەی خەڵک داویانە. ئەو خەڵکەی سەرباری سیاسەتی هەڵاواردن، ستەمی نەتەوایەتی، مەزهەبی، ڕەگەزی و چینایەتی قەیرانی بێکاری و گرانی و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانیش هاڕیونی. خەڵک کە لە بێبەرپرسایەتیی ڕێژیمدا تەنیا بە پشت بە خۆیان دەبەستن و بوومەلەرزەکەی کرماشان و لافاوەکەی لوڕستان و کۆڕۆنا لەم چەند ساڵەی دواییدا دەتوانن چەند نموونەی بچووک بن.

کۆڕۆنا سەلماندی کە ئەم ڕێژیمە ئەوەی بۆی گرینگ نەبێ سڵامەتی و ژیانی خەڵکە، بەڵکوو لە پێناو مانەوەی خۆیدا ئامادەیە هەموو خەڵکەکەش بەبارمتە بگرێ. شاردنەوەی ڕاستییەکان لە خەڵک لە سەرەتادا بۆ هیندێک ئامانجی سیاسی و ئەمنیەتی، پاشان کەڵکیئاوەژوو وەرگرتن لەو پەتا بۆ پاشەکشە پێکردن بە نارەزایەتییەکانی خەڵک، هەوڵی پەردەپۆشکردنی کەمتەرخەمییەکانی خۆی و زەقکردنەوەی خەسارەکانی کۆڕۆنا لە وڵاتانی دیکە و بە سیاسیکردنی ئەو بابەتە چەند ڕەهەندێکی چەندیوچۆنیی بەرەوڕوو بوونەوەی ڕێژیم لەگەڵ کۆڕۆنا بوو.

ئێستاش لە کاتێکدا هەوڵی چڕوپڕی حکوومەتەکان و ڕێکخراوە و کۆمپانیا تەندروستی و دەرمانییەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و کەمکردنەوەی ئاستی خەسارە گیانی و دەروونییەکان لە دۆزینەوەی پێکوتە و دەرزیی دژە کۆڕۆنا؛ بەڵام لە ئێران خەزەڵوەری ژیان و گیانەکانە. کۆڕۆنا سەلماندی کۆماری ئیسلامی کە بۆ سەرکوتی مەدەنییانەترین داخوازی و خۆپێشاندانێک لە ئان و ساتێکدا هەموو هێز و توانای خۆی دەخاتە گەڕ و تێچوویەکی زۆریشی بۆ دادەنێ، بەڵام بۆ پاراستنی خەڵک هیچی لە تواناد نییە و دەستەوەستانە.


پاش ساجەکەی سپا کە بۆ دۆزینەوەی کۆڕۆنا ڕایانگەیاند و بوونە گاڵتەجاڕی زانایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە، لە تازەترین شانازییەکانیاندا! ئەمجارەیان ڕێژیم چارەسەری کۆڕۆنای لە شەربەتی ئیمام کازمدا دیوەتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم هەموو گاڵتەجاڕییەی ڕێژیم دەنگۆی ئەوەش لە ئێراندا بڵاو بۆتەوە کە بە کەڵکوەرگرتن لە پەتای کۆڕۆنا و ئەو دۆخەی بۆ خەڵکیان خوڵقاندووە، بازرگانی بە ئەندامانی جەستەی مرۆڤەکانەوە دەکرێ و تەنانەت پاکتاوکردنی سیاسی و کوشتن و لە نێوبردنی ئەو کەسانەی کە خۆیان مەبەستیانە بە تایبەت لە بەندیخانە و نەخۆشخانەکاندا لەژێر پاساوی کۆڕۆنادا بۆتە ڕۆژەڤ و قەیرانێکی دیکە لەو وڵاتەدا.

قەیرانی ئابووریش کە بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکاوە لە بەرانبەر سیاسەتەکانی ڕێژیمدا تەنگی بە خەڵکی ئێران هەڵچنیوە و نرخی هەموو شتێک لە ئێراندا بەرز بۆتەوە و بەهای تمەنی ئێرانی لەوپەڕی نزمی و بێبایەخیی خۆیدایە، هۆکارێکی دیکەیە بۆ بێهیوایی و یەکێک لەو کێشە و گرفت و سەرلێشێواوییانەی دیکەیە کە لەم کاتەدا و بە نیسبەت ژیانی خەڵک و کورۆناوە بەرۆکی خەڵکی گرتووە کە کۆماری ئیسلامی نە مودیرییەتێکی ئەوتۆ،و نە توانای چارەسەرکردنی هەیە و نە دەشیهەوێ هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی هەڵگرێ و ئەمیشی کەڵەکە کردۆتە سەر قەیرانەکانی دیکە و پشتی خەڵکی ئەوەندەی دیکە پێی نەوی کردووە.

لەوانەش گرینگتر بۆ خەڵکی کوردستان نەبوون و کەمیی ئیمکانات و کەرەستەی تەندروستی، پزیشکی و نەخۆشخانە و دەوا و دەرمانی پێویست بە نیسبەت شوێنەکانی دیکەی ئێران و هەڵاواردن و پشتگوێخستنی ئەم ناوچانە لە ماوەی دەیان ساڵ دەسەڵاتدارەتیی حەمەڕەزا شا و پاشان کۆماری ئیسلامی و دوژمنایەتیی ئەو حکوومەتە لەگەڵ گەلی کورددا وایکردووە کە تەنانەت قەیران و ڕووداوە سروشتیی و لە ناکاوەکانیش وەکوو هەلێک ببینن بۆ زەربە لێدان لە کورد و کۆمەڵگەی کوردستان. هەر بۆیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی نەک هەر هیچ ئاوڕێک لە پارێزگاکانی کوردستان ناداتەوە بەڵکوو تا بۆشی بکرێ پەرە بەو نەخۆشییە دەدا و ئەو ڕق و قینەی دەیانساڵەی بە شێوەی جۆراوجۆر بە خەڵکی کورد دەڕێژێ.

لێرەدا دیسان ئەمە خەڵکی کوردستانن کە تاقیکارییەکی دیکەیان لە بەردەمدایە و پیویستە خەڵک، کۆمەڵگەی مەدەنی، فەرهەنگی و سیاسیی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە وەک جاران کە سەلماندوویانە سەرەڕای کەمترین ئیمکاناتێکیش توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی خۆیان هەیە، بەگژ پەتای کۆرۆنا و بەڵای کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە.

# تیغی سانسۆڕ بە درێژایی تەمەنی ڕێژیمی ناوەندگەرا لە ئێران



ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژی سێزدەی سەرماوەز لەلایەن کانوونی نووسەرانی ئێرانەوە وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە لە دژی سانسۆڕ دیاری کراوە. کانوونی نووسەران، لە جەنگەی ڕفاندن و کوشتاری سیما سیاسییە ناسراوەکان و نووسەران و ڕخنەگرانی دەسەڵات، ناسراو بە "قەتڵە زنجیرەییەکان" و پاش کوشتنی محەممەدی موختاری و محەممەدجەعفەری پوویەندە، دوو نووسەر و ئەندامی ئەو کانوونە، لەلایەن هێزە ئەمنی و ئیتلاعاتییەکان لە ١٢ و ١٨ سەرماوەزی ١٣٧٧، ڕۆژی سێزدەی سەرماوەزی بەو ناونیشانە ناودێر کرد. لەم ڕۆژەوە نووسەران و ئازادیخوازان گرینگی بەو ڕۆژە دەدەن و هەموو ساڵێ لەگەڵ ئەوەی هێزە سەرکەتکەرەکانی ڕێژیم پێشی پێ دەگرن، نووسەران و چالاکانی ئەدەبی و بوارەکانی کۆمەڵایەتی سەردانی گلکۆی قوربانییەکانی قەتڵە زنجیرەییەکان دەکەن و ئەم بۆنەیە دەبێتە بیانوویەک بۆ باس لە سانسۆڕ لە کۆماری ئیسلامیدا.



سروشتییە دیاردەی سانسۆڕ تەنیا تایبەت بە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نییە و لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراوەکان سانسۆڕ بە چڕی هەیە و نووسەران و هونەرمەندان باجی نووسین و بەرهەمەکانیان بە شێوەی جۆراوجۆری وەک ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی بابەتەکانیان، سانسۆڕ و بێنێوەڕۆککردنی نووسراوەکانیان و هەروەها هەڕەشە و گیران و زیندان دەدەنەوە. لە ئێرانیشدا مێژووی دیاردەی سانسۆڕ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ناسرەدینشای قاجار و ڕێک ٢٨ سال پاش دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامە لە ئێران، بە ئەمری ناوبراو یەکەم ئیدارەی سانسۆڕی چاپەمەنییەکان دامەزرا. هەر لەوکاتەوە تا ئێستا کە ئێران کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هونەرمەندان لە هەموو بوارەکاندا وێڕای نووسەر و قەڵەمبەدەستان تیغی سانسۆڕیان لەسەر بووە و کەم و زۆر لەژێر گوشاری دەسەڵاتدا بوون. لەسەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوییەکاندا زۆر لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان داخران و نووسەر و بەڕێوەبەرانی لە بەندیخانە کران، فەڕۆخیی یەزدی، حوسێنخانی سەبا و مەلیکوشوعەرای بەهار لەو نووسەر و بەڕێوەبەرانە بوون کە ڕۆژنامەکانیان داخران و بۆخۆشیان بۆ ماوەیەک خرانە بەندیخانەوە. ئەو ڕەوتە، واتە سانسۆڕ و چاوسوورکردنەوە لە نەیارانی دەسەڵات و زیندانیکردنی هونەرمەندان و نووسەران جگە لە چەند ساڵ پێش لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بەردەوام بوو و کەس بۆی نەبوو بەبێ ئیزن و ڕەزامەندیی بەشی سانسۆڕی وەزارەتی فەرهەنگ کتیب لە چاپ بدا. هەروەها هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش دەبا ڕەچاوی ڕاسپاردەکانی دەسەڵاتیان کردبایە، بەپێچەوانە دەرگاکانیان گاڵە دەدرا و بەرپرسان و نووسەرەکانیش لێپێچینەوەیان لێ دەکرا.

لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییشدا، سەرەڕای وادە و بەڵێنییەکانی خومەینی، هەر لە یەکەم ساڵی دەسەڵاتەوە داخرانی ڕۆژنامەکان و گیران و زیندانیکرانی ڕۆژنامەنووسان دەستی پێ کرد. دەستە و تاقمەکانی سەر بە دەسەڵات هێرشیان دەکردە سەر چاپەمەنی و ڕۆژنامەکان و کتێبسووتان و ئاگرتێبەردانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پەرەی سەند. لەو بەینەدا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە هێرشیان کرایە سەر و سەدان نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیر و تەنزنووس گیران و زۆریان بە تاوانی سیاسی و دژایەتی لەگەڵ دەسەڵات لە بەندیخانەکان ئەشکەنجە و تەنانەت لە سێدارە دران. لەڕاستیدا ئەگەر لە سەردەمی پەهلەوییەکان تیغی سانسۆڕ پتر لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکان بوو، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ئەو تیغە لەسەر ملی قەڵەمبەدەستانیش بوو؛ واتە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان باجی بەرهەمەکانیان و ناکۆکبوون لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە زیندان و کوژران لەژێر ئەشکەنجە دەدایەوە.

لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا هەزاران کەس لە نووسەران و هونەرمەندان تامی تاڵی زیندان و ئەشکەنجەیان چێشتووە و دەیان کەس لەوانیش بەشێوەی جۆراوجۆر کوژراون. هەر لە سەرەتاوە خومەینی ڕایگەیاند ئەگەر قەڵەمەکانمان شکاندبا و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان داخستبا و لە مەیدانەکان سێدارەمان هەڵخستبا دۆخەکە بەو جۆرە نەدەبوو کە ئێستا هەیە. هەربۆیەش هەر لە ساڵەکانی سەرەتایی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لەژێر ڕێنوێنیی خومەینی و شوێنکەوتووانی داخستنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی قەڵەمبەدەستان دەستی پێ کرد و لەڕاستیدا بەهاری ئازادی جوانەمەرگ کرا. لە جەرگەی سەرکوتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و هەروەها بەناو شۆڕشی فەرهەنگی و داخستنی زانکۆکان، زۆرێک لە قەڵەمبەدەستان و مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکارەکان گیران و بەشێکیان لەسێدارە دران، هەروەها لە پاش شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و لە کوشتاری چەند هەزار کەسی زیندانییانی سیاسی زۆر نووسەر و شاعیر وەبەرهاتن و بێگیان کران. هەرچەند لە ساڵی ٧٦ و هاتنە سەر کاری محەممەد خاتەمی کەشوهەوای سیاسیی ئێران تا ڕادەیەک کراوەیی بەخۆیەوە بینی و زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار لەچاپ دران، بەڵام دیسانیش تیغی سانسۆڕ لەکار نەوەستا و دەزگای بەناو دادی ڕێژیم و بەتایبەت قازی سەعید مورتەزەوی بەشێوەی ڕەمەکی دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاریان داخست و نووسەر و بەڕێوەبەرانیان دادگایی و مەحکووم بە زیندان کرد. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە زۆر ڕۆژنامەنووس ناچاربوون بۆ دەربازبوون لە گرتن و ئەشکەنجە ئێران بەجێهێڵن و ڕوو لە هەندەران بکەن. جگە لەوەش هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە قەتڵە زنجیرەییەکان بە تێرۆری مامۆستا مەلا محەممەدی ڕەبیعی دەستی پێ کرد و چەند کەس لە چالاکانی سیاسی وەک داریووش و پروانە فرووهەر و ئەندامانی کانوونی نووسەران بە دەستی وەزارەتی ئیتلاعات بە شێوەیەکی دڕندانە کوژران. ئەو ڕەوتە واتە گوشار بۆ نووسەران و سانسۆڕ لەو ماوەیەدا هەتا هاتووە زیاتر بووە و سانسۆڕ و خۆسانسۆڕ کردن بووەتە دیاردەیەکی باو لە کۆمەڵگەی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا. هەر ئێستاش بەندیخانەکانی ڕێژیم لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی و جودابیران ئاخێندراون و لەو بەینەدا چوار نووسەری ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران بە ناوەکانی بەکتاش ئابتین، کەیوان باژن و گیتی پوورفازل و ڕەزا خەندان مەهابادی کە پێشنیاری کردبوو ئەو ڕۆژە واتە ڕۆژی ١٣ی سەرماورز بکرێ بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە لە دژی سانسۆڕ، لە بەندیخانە و لەژێر گوشاردان.

سانسۆڕ تەنیا لە نووسراوەکاندا خۆ نابینێتەوە و ئەوە هەر نووسەران و چاپەمەنییەکان نین کە سانسۆڕ دەکرێن، یان ناچارن بۆ لەچاپدانی بەرهەمەکانیان خۆیان بەرهەمەکانیان سانسۆڕ بکەن، بەڵکوو لە فیلم و شانۆ و کونسێرت و گۆرانی و تەنانەت ژیانی ڕۆژانەشدا دیار و بەرچاوە و دەکرێ بڵێین کۆماری ئیسلامی بە نەریت و یاسا دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی سانسۆڕ کردووە. هەر لەو سۆنگەیە دەبینین ئینتێرنێت کۆنتڕۆڵ و فیلتێرینگ دەکرێ و بەردەوام چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگیرێن و زیندانی دەکرێن.

لەلایەکی دیکە سانسۆڕ و گوشار بۆ سەر قەڵەمبەدەستان لە کوردستان زۆر زەقترە و چالاکانی ئەدەبی نەک هەر لەگەڵ تیغی سانسۆڕ و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەی ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم سەبارەت بە بەرهەم و بۆچوونەکانیان بەرەوڕوون، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی کە کوردن و پەرە بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەدەن و لەو دەلاقەیەوە بیر و هزری نەتەوایەتی و هەستی کوردبوون گەشە دەستێنێ، زۆر دڵڕەقانەتر سەرکوت دەکرێن.

لە کوردستان دۆخی چاپەمەنییەکان زۆر نالەبارە و نووسەرانی کورد و چاپەمەنییەکان لەبەر سانسۆڕ ناتوانن بابەتەکان لەچاپ بدەن، هەربۆیەش زۆرێک لە نووسەران بۆ لەچاپدانی کتێب و بابەتەکانیان ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و لە کەشی ئازادی ئەم بەشە لە کوردستان کەڵک وەردەگرن. هەربۆیەش دەبینین لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار باشووری کوردستان، بابەت و نووسراوەی نووسەرانی ڕۆژهەڵات چاپ و بڵاو دەبنەوە.

**سانسۆڕ و گوشار بۆ سەر قەڵەمبەدەستان لە کوردستان زۆر زەقترە و چاڵاکانی ئەدەبی نەک هەر لەگەڵ تیغی سانسۆر و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەی ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم سەبارەت بە بەرهەم و بۆچوونەکانیان بەرەوڕوون، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی کە کوردن و پەرە بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەدەن و لەو دەلاقەیەوە بیر و هزری نەتەوایەتی و هەستی کوردبوون گەشە دەستێنێ، زۆر دڵڕەقانەتر سەرکوت دەکرێن**

ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو ڕێژیمە دژیگەلی و جینایەتکارە هیچ دەنگ و ڕەنگ و قەڵەمێکی ناکۆک لەگەڵ بۆچوون و سیاسەتە دواکەوتووەکانی خۆی قەبووڵ ناکا و هەروەک لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا دیتوومانە تەنیا سەرکوتی بێبەزەیانە و ئەشکەنجە و زیندان، وەڵامی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بووە بۆ نووسەران و هونەرمەندان بە گشتی بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێران. هەربۆیەش تەنیا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەر و جینایەتکارە و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی هەڵقوڵاو لە ناخی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە کە دەتوانی دیاردەی سانسۆڕ و سەرکوتی نووسەر و هونەرمەندان بسرێتەوە و ئازادی و سەربەستی گەلانی ئێران مسۆگەر بکا.

# دادگای تێرۆری ئانتوەرپ

# تاقیکارییەک بۆ پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئورووپا–ئێران



و: کەماڵ حەسەنپوور

**پۆلیتیکۆ– دەیڤید م. هەرزەنهۆرن**

دیپلۆماتێکی ئێرانی و سێ کەسی دیکە بە تاوانی پیلانی دانانی بۆمب لە کۆبوونەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن لە ساڵی ٢٠١٨ بەرەوڕووی دادگایی دەبنەوە. ناوی خوازراوی ئامێرەکە "پلەی ستەیشن" بوو، بەڵام بە گوێرەی دادئەستێنەکان و ئەفسەرانی هەواڵگری، ئەوە کایە نەبوو.

دەڵێن تەقەمەنییەکە، کە لە پیتزا هاتێکی لوکزامبورگ لە لایەن دیپلۆماتێکی جێگیر لە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن درابوو بە ژن و مێردێکی ئێرانی–بێلژیکی، بۆمبێکی بەهێز بووە و ئامانج ئەوە بووە کە بە بۆمبەکە هێرش بکەنە سەر کۆبوونەوەیەکی هەزاران کەسی لە دژبەرانی ڕێژیمی ئێران کە قەرار بووە چەند ڕۆژ دواتر لە دەرەوەی پاریس بەڕێوە بچێ. هۆشدارییەک لە لایەن هەواڵگریی ئیسڕائیل بە کاربەدەستانی ئەورووپایی هێرشەکەی وەستاند.

ڕۆژی هەینی، دیپلۆماتە ئێرانییەکە، ژن و مێردەکە و کەسی چوارەم کە هاوکاریان بووە، دوای دوو ساڵ کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر بەڵگەی ورد لە لایەن کاربەدەستانی دژی تاوانکاری لە سەرانسەری ئەورووپا لە بارەی پیلانەکە کە بە گوتەی ئەوان لە لایەن پلەبەرزترین کاربەدەستانی دەوڵەت لە تاران بڕیاری لەسەر دراوە، بە تۆمەتی تێرۆریزم لە شاری ئانتوەرپی بێلژیک دادگایی کران.

دۆسیەکە وێدەچێ کاردانەوەی بەرچاوی لەسەر پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئەورووپا–ئێران هەبێ، کە جارێکی دیکە بۆتە هۆی ڕاکێشانی سەرنج بەرەو مێژووی تێرۆریزمی دەوڵەتیی تاران لە کاتێکدا کە ڕێبەرانی ئەورووپا هیوادار بوون ئاڵوگۆڕی بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەوانەیە ببێتە هۆی دووبارە زیندوو بوونەوەی ڕێککەوتنی ناوکیی ئێران. دوای کشانەوەی سەرۆک کۆمار ترامپ، کەمتر لە دوو مانگ پێش هێرشەکەی ڤیلوپانت، لە باکووری پاریس، ڕێککەوتنەکە نیزیک لێک هەڵوەشان بۆتەوە.

دادگاییەکە بە هەمان شێوە هێندێک پرسیاری نیگەرانکەر بۆ کاربەدەستانی بێلژیکی و کاربەدەستانی دیکە لە سەرانسەری ئەورووپا لە بارەی ئەگەری ژمارەیەک شکستی هەواڵگری و بۆشایی ئەمنییەتی و هەروەها ناکاریگەریی سیستەمی پەنابەری، دروست دەکا.

دەڵێن دیپلۆماتە ئێرانییەکە، ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، کە تۆمەتی پلاندانەری پیلانەکەی دراوەتە پاڵ، کاربەدەستی نهێنیی هەواڵگری بووە و بۆمبەکەی لە تارانەوە بە فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانیی ئوتریش لەگەڵ خۆی هێناوەتە ڤییەن، پێش ئەوەی کە ئەو بۆمبە بە ئوتومبێلێکی کرێکراو لە جۆری فۆرد هاچبەک ببا بۆ لوکزامبورگ. دوایە ئەسەدی لە بەنزینخانەیەکی ئاڵمان، پێش ئەوەی کە بگەڕێتەوە ئوتریش، دەسبەسەر کراوە.

لە هەمان کاتدا، ژن و مێردەکە، ئەمیر سەعدونی، تەمەن ٤٠ ساڵ و هاوسەرەکەی نەسیمە نەعامی، تەمەن ٣٦ ساڵ، لە دەرەوەی بروکسێل، لە کاتێکدا کە بەڕێوە بوون بچنە فەڕانسە تا هێرشەکە جێبەجێ بکەن، بینراون. ئەوان پەنابەریی سیاسییان لە بێلژیک پێدرابوو. بەڵام لە کاتێکدا کە ئیددیعایان کردبوو پێویستیان بە پارێزگاری لە دژی ڕاوەدوونانی ڕێژیمی ئێران هەیە، بە گوێرەی بەڵگە لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەعدونی و نەعامی چەند جار سەردانی ئێرانیان کردووە، وێدەچێ ئەو سەفەرانە کاربەدەستانی بێلژیکیان وشیار نەکردبێتەوە.

کەسێکی خاوەن زانیاریی ورد لەسەر دۆسیەی سەعدونی، گوتی کە ناوبراو پێشدا داوای پەنابەریی لە وڵاتی سوێد کردووە و ڕەت بۆتەوە. لە لێدوانێکی لێکۆڵەرەوەکاندا هاتووە، سەعدونی گوتوویەتی ئەو لە ١٣٨٢ بەولاوە لە بێلژیک ژیاوە، لە ١٣٨٤ یا ١٣٨٥ لەگەڵ ناعەمی لە ئێران ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و ئەویش لە ٢٠٠٧ هاتۆتە بێلژیک. بەڵگەکان ئاشکرای دەکەن کە سەعدونی لە ٦ی گەلاوێژی ١٣٩٥ و ناعەمی لە ١٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ بوونە هاووڵاتیی بێلژیک.

بەڵگەکانی پێشکەش کراو لە لایەن کاربەدەستانی بێلژیک ئاشکرای دەکەن ئەسەدی کە کۆنسولی سێهەم لە باڵوێزخانەی ڤییەنە، کارمەندی وەزارەتی هەواڵگری و ئەمنییەتی ئێرانە و سەعدونی و ناعەمیش سیخوڕی وەزارەتی هەواڵگری و ئەمنییەتی ئێران بوون کە چەند جار لە ١٣٧٩ بەولاوە بۆ کۆبوونەوە و ڕاهێنان سەفەریان بۆ ئێران کردووە، ئەو سەفەرانە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکانیان نەبووە.

ئێران هەر شێوە پێوەندییەکی بە پیلانی بانگەشە بۆکراوی بۆمب دانانەوە ڕەت کردۆتەوە و ماوەیەکی کورت دوای دەسبەسەر کردنە سەرەکییەکان، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، جەواد زەریف، ئەو پیلانەی بە عەمەلیاتی "ئاڵای ساختە" ناو بردووە.

پارێزەرە بێلژیکییەکەی ئەسەدی، دیمیتری دۆ بێکۆ، گوتوویەتی مشتەرییەکەی پارێزراویی دیپلۆماتیکی هەیە و نەدەبوو دەسبەسەر کرابا. بەڵام بەرپرسی هەواڵگریی بێلژیک، ژاک ڕائێس، گوتی کاربەدەستە هەواڵگرییەکان بەو ئاکامە گەیشتوون کە پیلانی بۆمبەکە ئۆپەراسیۆنێکی تێرۆریزمی دەوڵەتییە کە تاران پەسندی کردووە.

ڕائێس لە نامەیەکدا بۆ کاربەدەستانی یاساپارێزیی، لە ناویاندا دادئەستێنی فێدڕاڵی بێلژیک، فرێدریک ڤان لییو، نووسیویەتی، "پیلانی هێرشەکە بە نوێنەرایەتیی ئێران و لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئەوانەوە بەڕێوە چووە. ئەوە دەستپێشخەرییەکی تاکەکەسیی ئەسەدی نەبووە."

ڕۆژی پێنج شەممە لە کاتی کرانەوەی دادگا، ڕەجەوی، ڕێبەری شوڕای بەرگریی نیشتمانی، ستایشی کاربەدەستانی بێلژیکی کرد و دۆسیەکەی وەک هەلێک بۆ بەرپرسیار کردنی ڕێژیمی ئێران ناو برد.

ڕەجەوی گوتی، "لێکۆڵینەوە پرۆفیشناڵ و سەربەخۆکانی سیستەمی دادوەریی بێلژیک جێگای پێزانینن. چونکە ئەو لێکۆڵینەوانە ئاشکرایان کردووە کە ئێمە بەرەوڕووی دۆسیەیەکی تێرۆریزمی ڕێکخراو لە لایەن دەوڵەتەوە بووینەوە."

ڕەجەوی ئەوەشی زیاد کرد، "ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و سەرۆک کۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی بڕیاری دانانەوەی بۆمب لە کۆبوونەوەی ساڵانەی بەرگریی ئێران لە ڤیلوپانتی داوە و، ڕێبەری مەزنی ڕێژیم عەلی خامنەیی پەسەندی کردووە. ئەمڕۆ تەواوەتی ڕێژیم، زۆر لەولای تەنیا ئەو دادگایە بەڵکو لە پێش ویژدانی دنیا، بە تایبەتی هی خەڵکی ئەورووپا، مەحکەمە دەکرێ."

دوای ئەوەی ئیسڕائیلییان بە نهێنی ئاگاداریان کردنەوە، کاربەدەستانی هەواڵگریی بێلژیک گواستنەوەی بۆمبەکەیان خستبوو ژێر چاودێری، کە لە پیتزا هاتێکی لوکزامبورگ لە پلاستیکێکەوە



ئامانجی پیلانەکە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بووە، یەکێک لە گروپە بەرهەڵستکارەکانی دەوڵەتی ئێران و ڕێبەرەکەی، عەلی خامنەیی. موجاهیدین پێشدا لە لیستەی ڕێکخراوەکانی تێرۆریستی یەکیەتی ئەورووپا و شوێنی دیکەدا بووە (یەکیەتیی ئەورووپا ئەو ڕێکخراوەی لە ٢٠٠٩ لە لیستەی تێرۆریستی هێنایە دەر). بەشێک دەڵێن ئەوان تاقمێکی تاکپەرستی مارکسیست–ئیسلامیستن.

لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن ئامانجی سەرەکیی بۆمبەکە کوشتنی مریەم ڕەجەوی، ڕێبەری شوڕای بەرگریی نیشتمانیی ئێران بووە، کە باڵی سیاسیی موجاهیدینی خەلقە. بەشێکی دیکە دەڵێن ئێران ژمارەیەک هۆی بۆ ئەو هێرشە هەبووە، لە ناویاندا کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنی ناوکی. لە ڕەزبەری ١٣٩٧، دەوڵەتی دانمارک ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە پیلانێکی کوشتنی لە خاکی ئەو وڵاتە هەبووە.

کۆبوونەوەی ساڵانەی موجاهیدین هەزاران بەشداری هەیە، کە زۆر جار خەڵکی بەناوبانگی بیانییشیان تێدایە. لە نێو ئەوانی کە لە کۆبوونەوەی ١٣٩٧دا بەشدار بوون پارێزگاری تایبەتیی ترامپ، شارەداری پێشووی نیویۆرک ڕودی جولیانی، –کە لە کۆبوونەوەکدا وتاری پێشکەش کرد–، سەرۆکی پێشووی کۆنگرەی ئەمریکا، نیوت گینگریچ و سەرۆک وەزیرانی پێشووی کانادا ستیڤێن هارپەریش بەشدار بوون.

سەعدونی، کە دەڵێن قەرار بووە بۆمبەکە دانێتەوە، ئەندامی موجاهیدینی خەلق بووە، لەوانەیە بەو مەبەستە کە بتوانێ لە ڕۆژاوا مافی پەنابەریی پێ بدرێ. بە گوێرەی لێکۆڵەرەوەکانی بێلژیک، ئەو دواتر لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ڕاکێشراوە و ئەگەری ئەوە هەیە کە زەختی خرابێتە سەر تا لە دژی ئەو ڕێکخراوە بەرهەڵستکارە سیخوڕی بکا. سەعدونی و ناعەمی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەسەدی پشتڕاست کردۆتەوە، کە ئەوان بە ناوی دانیەل دەیانناسی. بەڵام ئەوان ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە زانیبێتیان ئەو ئامێرەی پێیان دراوە، کە لە تەقێنەرێک و نیو کیلۆ تەقەمەنیی TATP پێکهاتبوو، بۆمب بووە.

پێچرابوو و لە قوتوویەکی شتی خۆ جوانکردن لە کیفی دەستی ناعەمی‌دا جێی بۆ کرابۆوە. تەقێنەرەوەیەکی کۆنترۆڵ لە ڕێگای دووریش لە کیفەکەیدا دیترابۆوە.

ژن و مێردەکە لە وۆلو–سانت–پییەر، لە نزیک سنووری بورکسێل و فلاندەرز، لە کاتێکدا کە مەرسیدەسێکی بۆریان پێ بوو و لە ماڵەکەیانەوە لە ویلریک، دەرەوەی ئانتوەرپ، بەرەو کۆبوونەوەکە بەڕێوە بوون، دیتران. لە کاتێکدا کە تیمی پووچەڵکەرەوەی بۆمب خەریکی پووچەڵکردنەوەی بۆمبەکە بوون، بەشێکی بۆمبەکە تەقییەوە و ڕۆبۆتی پۆلیسی لەنێو برد.

دوای دەسبەسەر کران لە بەنزینخانەیەک لە باڤاریا و ڕادەستکردنەوەی بۆ بێلژیک، بە گوێرەی ڕاپۆرت، ئەسەدی لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکاندا، هەڕەشەی لە لێکۆڵەرەوان کردبوو و بە پێداگرییەوە گوتبووی ئەگەر ئەو مەحکوم بکرێ، تاقمی چەکداری پشتیوانی ئێران تۆڵە دەکەنەوە.

گومانلێکراوی چوارەم، مێهرداد عارێفانی، دانیشتوویەکی بروکسێل، لە ڤیلوپانت، شوێنێک کە کۆنفڕانسەکە لەوێ بەڕێوە دەچوو دەستبەسەر کرا. لێکۆڵینەوەیەکی کاربەدەستانی فەڕانسەیی بە هەمان شێوە گەیشتە ئەو ئاکامە کە دەوڵەتی ئێران لە پشت پیلانی ئەو هێرشەوە بووە.

لە دژکردەوەیەکدا، فەڕانسە ڕایگەیاند کە دەستی بەسەر هێندێک سامان داگرتووە کە هی ئەسەدی و ئێرانییەکی دیکە، سەید هاشمی موقەددەم، کە پێوەندیی بە پیلانەکەوە هەبووە. بەڵام سەرۆک کۆماری فەڕانسە، ئێمانوێل ماکرۆن درێژەی بە هەوڵەکانی بۆ پێوەندیی لە گەڵ ئێرانییان داوە، لە ناویان‌دا لە ڕێگای بانگهێشت کردنی زەریف بۆ کۆبوونەوەیەکی ڕێبەرانی جی ٧، کە فەڕانسە لە بیاریتز خانەخوێی بوو.

ڕەخنەگرانی ڕێژیمی ئێران دەڵێن، وەڵامی شلوێی فەڕانسە بە هێرشە پلان بۆ داڕێژراوەکە، کە دەیتوانی ببێتە هۆی کوژراو و بریندارێکی زۆر لە خاکی فەڕانسە، بەڵگەیەکە بۆ ئەو بۆچوونە کە یەکیەتی ئەورووپا بە گشتی لە بەرانبەر ڕێژیمی تێئۆکراتیکی تاران‌دا دەستەوەستانە.

---

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# ئەو کەندەی بەردەوام دەسمێ سەری کۆماری ئیسلامیی بێ‌کڵاو هێشتەوە

گەلی بێ‌دەوڵەت وەک سەری تاسی تاوبردووی بێ‌کڵاوە. سەرێک تاس بێ، تاو بیبا، کڵاوی دەست نەکەوێ و لەناکاو هەڵی‌بکاتە با و باسریشک و کڕێوە و سەرما هێرشی بۆ بهێنێ، چۆن بەرگە دەگرێ. بەڵام نەتەوە و وڵاتی خاوەن دەوڵەت وەک ئەو سەرە بەکڵاوەیە، نە تاو دەیسووتێنێ و نە سەرما هەڵی‌دەتەکێنێ. سەری بە کڵاو ئەگەر کەچەڵیش بێ و خوێناو و زنچکاوی لێ بتکێتەوە، بە لەفافە و لۆکە و پێچان پێش بە ڕژانی خوێناو و زنچکاوەکەی دەگیرێ و لە ژێر کڵاودا هەموو عەیب و عار و نەخۆشی و پەتاکانی دەشاردرێنەوە.

کڵاویش، بە درێژایی مێژووی گێڕانەوەی مرۆڤ زۆر کەوتووەتە سەر کەڵپان و کەسانی قسەخۆش و زمانزان و زیاتر ئەوانەی دەستیان بە کڵاوی خۆیان نەگرتووە با بیبا، بەردەوام بە زمان خەریکی کڵاو بازین. هێندێکجار دەڵێن فلان کەس کڵاوی چووەتە سەر. جاری واشە دەڵێن دوای کڵاوی لار کەوتووە.

هێندێک جاریش دەڵێن فیسار کەس سەری بێ‌کڵاو ماوەتەوە. کڵاو دروستکردن یان کڵاو چاککردنیش هەیە و ئەویان لە ڕواڵەتدا بە دوو کەس کڵاو بۆ کەس یان کەسانێکی دیکە دروست دەکەن و ناهێڵن ئاگاداری وردەکارییەکانی بن.

جاری واشە کڵاو بەناو گچکە و لە ڕاستیش‌دا گەورە و مەترسیدارە. وەک "کڵاوەی ئەتۆمی". دیارە کڵاوە هەمان مانای "کڵاڤۆکە" یان " کڵاڤۆچکە" دەداتەوە کە بە مانای کڵاوی بچووکە، بەڵام ئەمەیان کڵاوی سەری مرۆڤ نییە و بەو بەشەی مووشکی دوورهاوێژ دەگوترێ کە لە بۆمبی ئەتۆم دروست دەکرێ و دەنرێتە سەری مووشەکەکە و لە هەموو کڵاوێک مەترسیدارترە.

لێرەدا بۆ ئەوەی ئەم هەموو ڕۆڵە جودا و تەنانەت دژ بە یەکانەی کڵاو بۆ خوێنەر شی بکەینەوە ئەم ئیدیۆمانەی لەم نووسراوەیەدا بە کڵاوەوە بەندن، هەرکامیان بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن دەخرێنە ڕستەیەکی دیکەوە.

١- بەوە نییە خەریکی درێژدادڕیم، بەڵام بڕوا بفەرموون، دەستم بە کڵاوی خۆم گرتووە، "با" نەیبا.

٢- میرزا ڕەسووڵ کە خۆی تەنانەت کۆلکە خوێندەوارییەکیشی نییە، کڵاوی خستۆتە سەری زۆر کەسەوە.

٣- میرزا عەبە دوای کڵاوی لار کەوت و وەک پشیلەی ڕەجەبە شێت گەڕەکە ماڵێکی بەخۆیەوە سووتاند.

٤- بە ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕووسیە و وڵاتانی ئورووپایی سەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بێ‌کڵاو هێشتەوە.

ڕاستە منیش وەک زۆر کەسی ئەم وڵاتە پان و بەرینە، دەستم بە کڵاوی خۆم گرتووە "با" نەیبا، بەڵام کاتێک ناوی ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕووسیە و ئورووپا و ئەم شتانە هات، منیش ناچارم هێندێک لەسەری بڕۆم.

بەرلەوەی درێژە بە درێژدادڕییەکەم بدەم، ببوورن باسی" وڵات"م کرد. دیارە داوای لێبووردنەکە بۆ وڵاتانی کەڵەگای دراوسێ نییە، بەڵکوو مەبەستم هاوڕێ چەپەکانی کوردستان و لایەنگرانی شەڕەگەڕەک و شارشارێن و ئەم شتانەیە و قسەی خۆمان بێت و نەگاتە گوێی چەپ و مەپەکانی خۆمان و ئەوانەی ئەوەندە "فشە"ن خەباتی نەتەوایەتی و مافی نەتەوەییان پێ "فشە"یە. بە هێنانی ناوی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕووسیە و ئورووپا، پامان بەرەو سیاسەت دەخزێ و ناچارین کڵاو و سیاسەت تێکەڵ بکەین. وەک لە سەرەتادا گوتم، گەلی بێ دەوڵەت وەک سەری تاسی تاوبردووی بێ‌کڵاوە. بەم جۆرە ئەو سەرانەی کڵاویان لەسەرە هەموو عەیب و کەموکورتی و کەچەڵی و مەچەڵییەکەیان پێوە دیارە. دوای ئەوەی گەورە بەرپرسێکی کاروباری مووشەکی و ئەتۆمیی ئێران بە ناوی میرزا "موحسین فەخری‌زادە" لە باکووری پڕ لە پاسداری تاران کوژرا و چاوی سەرسوڕمانی بە هەموو لایەک زەق کردنەوە و هەموو کۆلکە ئاخوند و مەرجەعە گەورەکانیان گوێیان دەمووچەوە برد، هەموویان بە چاودێرانی سیاسیی دەرەوەش باسیان لە هەبوونی "حفرە" یان "کەندەڵان"ی ئەمنییەتی کرد. دیارە کەندەڵانە ئەمنیەتییەکە لە کاتێکدا لە تاران دەرکەوتووە کە لە لایەک سوپای پاسداران و لایەنگرانی نەخشە پشیلەئاساکەی ئێران هەروا لەسەر لەیەکتر دروونەوەی زۆرەملیی جەندەکی ئەم پشیلەیە بەردەوامن و لە لایەکی دیکەوە کەندەڵانە قووڵە ئەمنیەتییەکە هەروا زیاتر دەسمێ و قووڵ و بەرین دەبێتەوە و سەرەڕای هەمووی ئەوانە وڵاتانی زلهێز و دەسەڵاتداری جیهان سەری ئێرانیان بێ‌کڵاو هێشتووەتەوە و داوای لێ دەکەن ددانیش بە خۆی‌دا بگرێ.



# مافی مرۆڤ لە ئێران لە دەیەی هەشتەمی پەسندکرانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا



د. کوێستان گادانی

دەگەڵ ئەوەدا کە ڕەنگە پێناسە و دەستنیشانکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن شارەزایانەوە جیاواز بێ، بەڵام هەموو بە گشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە ماڤی مرۆڤ/مافەکانی مرۆڤ بریتین لە هیندێک ماف کە لە گەڵ لەدایک بوونی مرۆڤ هەیەتی و تا کاتی کۆتایی ژیانیشی خاوەنێتی. ئەم مافانە ڕیشەیەکی قول و هاوکات گرێدراوی بە مرۆڤەکانەوە هەیە بەبێ لە بەرچاو گرتنی ڕەگەز، ڕەچەلەک، شوێنی نیشتەجێ بوون، زمان و ئایین. مافەکانی مرۆڤ پێدراوێکی سروشتییە و لە ڕێگای یاسای وڵاتان و پەیمانە نێودەوڵەتییەکان چاوەدێری دەکرێن و بەڕێوە دەچن بۆ ئەوەی تاکی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا لە دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی بەهرەمەند بێت.

مێژووی مافەکانی مرۆڤ چەندین قۆناغی خۆی تێپەڕاندوە و بە تایبەتی لە بواری ئابووری و سیاسی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە هەر قوناغێکدا بەپێی هەلومەرجی جیاواز، گەشەی کردووە، لە زۆر شوێن جێبەجی کراون، لە هیندێک شوێن پێشێل کراون.

مێژووی مافەکانی مرۆڤ دەکرێ بە شیوەی گشتی بە سەر پێنچ قۆناغدا پۆلێن بکەین: یونانی کۆن، کتێب و ئایینە ئاسمانییەکان، سەربەخۆیی ئامریکا لە (١٧٧٦)، ڕاگەیاندنی ماڤی مرۆڤی هاونیشتمانیانی فەرانسە (١٧٨٩) و جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨؛ کە دیارە دەکرێ جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ بە خالێکی بەهێز و نوختە وەرچەرخانی مێژوویی مرۆڤایەتی دابنێین.

لەم نووسینەدا بە بیانووی ١٠ی دێسامبر، ڕۆژی جیهانیی پەسندکرانی مافی مرۆڤ لە دەیەی هەشتەمی خۆیدا ئاوڕێک لە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستاندا بدەینەوە.

ئەگەر تەنیا مافە بنەڕەتییەکان و مافە نابنەڕەتییەکان بە گشتی و بە کورتی لە ئاست بەڕێوبردنی لە وڵاتی ئێراندا چاو لێبکەین، دەبینین لە هیچ کام لەم بەشەدا ئێران بەپێی واژۆکردنەکەی خۆی وەڵامدەر نەبووە. دانیشتووانی ئێران بەپێی باکگراوندی مێژوویی، شوێنی نیشتەجێ بوون، ئایینی و ئێتنیکی و زمان وڵاتێکی فرەنەتەوە پێک دێنن. ئەگەرچی ئێران هەر بە هۆی ئەم فرە نەتەوەیی بوونەوە لە ئەگەری سیستمێکی دێموکراتیکدا دەتواندرا ببێتە وڵاتێکی نموونە، بەڵام ڕێژیمە ناوەندگەراکانی ئێران لە دوو نیزامی سیاسیی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا و لە ٧ دەیەی ڕابردوودا بە هەموو شێوەیەک دژی مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ئێران وەستاونەتەوە. بۆ نموونە ڕۆژ نییە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم نەکەن کە ئەم پێشێلکردنە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە چەند قات زیاترە.

سەرکوتی مافەکانی خەڵکی کوردستان چەند قات لە ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترە. لە حاشاکردن لە هەرچەشنە مافێکی سیاسی و نەتەوەیی، لە ژمارەی زۆری ئیعدام و شالاوی گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووری. لە سەرکوتی توندوتیژانەی بزاوتە مەدەنییەکان، لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایکی لە پەروەردە و بارهێنان‌دا، لە بەشداری پێنەکردنی کورد لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی ناوچەکانی خۆیان، هەروەها لە پەراوێزداڕاگرتنی کوردستان لە ڕەوتی گەشە و ئاوەدانی و زۆر ڕەهەندی دی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

نێوەرۆکی ئەم بەیاننامانە دەریدەخەن کە ئێران پابەند بە بەڕێوبرنی هیچ کام لەو کۆنڤانسیۆن و ڕێککەوتننامەیانە نییە کە بەرەسمی ئیمزای کردوون، هەڵبەت چاونووقاندن و بەرژەوەندخوازیی هیندێک لە وڵاتانیش ئەم ئاسانکارییانەی بۆ ڕێژیم کردوە کە بێپەروا درێژە بە سیاسەتەکانی خۆی لەمەڕ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بدا.

لێکەوتەکانی ئەم شێوە مامەڵە ئەم ئاکامگیرییە دەدا بە دەستەوە کە ئەگەر وڵاتی ئێران ڕاستەوخۆ تاوانباری سەرەکیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لە ئێران، ئەوە وڵاتانی دێموکرات و خاوەن شوێن لە دنیاش لەوە پشکێکیان پێ دەبرێ؛ چونکی بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەوان بە ڕژدی بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی ببانەوە و تێچووی کردەوەکانی کۆماری ئیسلامییان لەسەر زۆر کردبا، ڕێژیم ئاوا بە ئاسانی بۆی نەدەلوا گاڵتە بە هەموو پەسندکراوەکانی جیهان‌داگری مافی مرۆڤ بکا. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕەچاوکرانی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران تەنیا لە گرەوی پشتیوانیی دەرەکی و قورسایی وڵاتە بەهێز و دەسەڵاتدارەکان‌دا بێ، بەڵکوو گوشاری سەرەکی دەبێ لە نێوخۆی وڵات دروست ببێ. چونکی سات و سەودای ئاشکرا و ژێربەژێری وڵاتان لەگەڵ ئێران و بێدەنگە لێکردن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە هەتا ئێستاش یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەگداکوتانی توندوتیژی لە ئێران و بەردەوامیی زەوتکرانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەن.

بەپێی ڕەوالی کاری شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵێ دوو ڕاپۆرت لەسەر ئێران ئامادە دەکرێ و ڕێپۆرتنێری تایبەتیی شوڕای مافی مرۆڤ بۆ کاروباری ئێران (لە ئێستادا جاوید ڕەحمان) بە وردی بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە لەم وڵاتەدا دەکەن. لە تازەترین ڕاپۆرتیش‌دا

ئاماژە بە بەشی هەرەزۆری ئەم خاڵانە کرا کە وەک بەڵگەنامەیەکی بەهێز دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ و هەر لە چوارچێوەی پەسندکراوە جیهانییەکان‌دا سزا بدرێ. بۆ نموونە کۆڵبەرکوژی، ڕەشبگیر و گرتنە سەرەڕۆیەکان، ئێعدامەکان، نەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، حیجابی زۆرەملێی ژنان، تەقینەوەی مین و کەمتەرخەمیی ڕێژیم لە هەڵگرتنەوەی مینە چێندراوەکان،چارە نەکردنی خۆکوژییە بەردەوامەکان، پارێزراو نەبوونی ئەمنیەتی ژیانی خەڵک لە شوێنی کار و....

سروشتییە ئەگەر دنیای دەرەوە ئەوانە نادیدە بگرێ کە تا ئێستا بەداخەوە لە تەنیشتیان تێپەڕیوە و هەموو کێشە و پرسی ئێرانی لە چالاکیی ئەتومیی ئەم ڕێژیمەدا و ڕێگا چارەکەشی تەنیا لە ”بەرجام“دا دۆزیوەتەوە، ئاساییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە شێوەی ڕەفتار و کردەوکانی ئێستای بەردەوام بێت.

کۆماری ئیسلامی نیزیک بە ٢٠ ساڵە ڕێگەی نەداوە هیچ کۆمیسێر و ڕێپۆرتێرێکی کۆمیسیۆن و شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئەم وڵاتە بکا و لە نیزیکەوە و ڕاستەوخۆ بەدواداچوون بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بکەن. لە دوای ”گالیندۆپۆل“ کە لە ساڵی ١٣٧٠دا توانیی سەردانی ئێران بکا، لەو کاتەوە ڕێژیم ڕێگەی بە هیچ چاودێرێک و نێردراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکان نەداوە پێ بنێنە خاکی ئەم وڵاتەوە. لەو کاتەوەش ڕاپۆرتی ڕێپۆرتنێرە تایبەتەکان بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بە پشتبەستن بە ئامار و داتا و ڕاپۆرتی ڕێکخراوە بێلایەنەکانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵات ئامادە دەکرێ و، هەموو جارێکیش ئێران ئەنگی سیاسیبوون دەداتە ئەم ڕاپۆرتانە. هاوکات بوونی سۆسیال میدیا یارمەتیدەر بووە کە کۆماری ئیسلامی نەتوانێ وەک پێشوو جینایەت و پێشلکارییەکانی لە بواری مافی مرۆڤدا بشارێتەوە.

ئاندرێس ئاگوئیلاری یەکەم ڕێپۆرتنێر بوو کە لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤەوە لە ساڵانی (١٩٨٤-١٩٨٦) بۆ ئەم کارە دیاری کرا. زۆری پێ نەچوو ئێران بیانووی پێ گرت و ناوبراو بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە ڕەفتارەکانی ئێران وازی لە بەرپرسایەتییەکەی هێنا. ڕینالدو گالیندۆپۆل (١٩٨٦-١٩٩٥) کە دواتر ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا، بەختی ئەوەی هەبوو سێ جار سەردانی ئێران بکا، بەڵام دواجار ئەویش لەوە زیاتر ڕێگەی پێ نەدرا. بە دوای ئەودا موریس دنبی کاپیتورن ( ١٩٩٥-٢٠٠٢ ) وەک سێهەم ڕێپۆرتنێر درێژەی بەم ئەرکە دا، بەڵام ماوەی مەئمووریيەتی ناوبراو درێژ نەکرایەوە و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ هیچ ڕێپۆرتنەرێک بۆ ئێران دیاری نەکرا. ئەم قۆناغە کە خاتەمی و ڕیفۆرمخوازەکان لە دەسەڵاتدا بوون، ئێران کلاوێکی گەورەی لە هەموو بوارەکان‌دا خستە سەر دنیا، لە کاتێکدا هەر لەو کاتدا زۆرترین پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران (ئێعدامی زیندانییە سیاسییەکان، قەتڵە زنجیرەییەکان، داخستنی ڕۆژنامە و بلاڤۆکان و ...) کرا.

دوایەش کە بەهۆی زەقبوونەوەی ڕەفتاری دژە مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی شوڕای مافی مرۆڤ بڕیاری دیاریکردنی ڕێپۆرتنێر بۆ ئێرانی دەرکرد، لە ماوەی کاری سێ ڕێپۆرتنێری ئەم دواییانەدا ئەحمەد شەهید (٢٠١١-٢٠١٦) ئاسمە جەهانگیر (٢٠١٦-٢٠١٨) و ئێستاش جاوید ڕەحمان (٢٠١٨-) ئێران ئێزنی سەردان بۆ ئەم وڵاتەی پێنەداون. لەژێر ڕۆشنایی ئەم باسەدا دەردەکەوێ کە ئەگەر ئێران حسێبی پاکە و مافەکانی مرۆڤ پیشێل ناکا، لەبەرچی سەفەری ئەم نوێنەرانە بۆ ئێران قەدەغە دەکا. یان مادام دنیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی بڕیاردەر -کە بانگەشەی پاراستنی بەهاکانی مافی مرۆڤ دەکەن- بە پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی و جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمە دەزانن؛ چۆنە لە ڕێگەی زەبروزۆر و سەپاندنی سزای قورسەوە تێچووی ئەم ڕەفتارانەی کۆماری ئیسلامییان لەسەر زۆر ناکەن؟

بێگومان مافی مرۆڤ ئەرزشێک و بایەخێکی نێونەتەوەییە و وڵاتان کەم و زۆر، بەند بە چەندی و چۆنیی دێموکراتیک بوونیان لەبەرچاوی دەگرن. لە زۆر وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاش‌دا ڕێکخراو و لۆبیی چالاک هەیە کە کار لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتەکانیان دەکەن و ئەو بابەتانەیان بۆ گرینگە. دیارە حاشا لەوەش ناکرێ کە لە هەر حاڵدا و لە گشتییەتی خۆیدا «مافی مرۆڤ»، تابعێکە لە بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتان جا لە ڕووی ئابوورییەوە بێ یان ئەمنیەتی، بەڵام ناکرێ بیروڕای گشتیش لەبەرچاو نەگیرێ کەو بەو بابەتە حەساسە و شوێنکاری لەسەر ئاراستەی سیاسی و هەڵوێستەکانی وڵاتان هەیە. بۆیە دەکرێ حەساسکردنی بیروڕای گشتیی ڕۆژاوا بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، وەک بەستێنێکی باش بۆ فشارهێنان بۆ دەوڵەتانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا چاوی لێ بکرێ.



© picture-alliance/newscom/UPI Photo/J. Angelillo

## دیداری دوو هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە



هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمونیستی ئێرانی کرد.

ڕۆژی شەممە ١ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەردانی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێرانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی کۆمەڵە بە سەرپەرستی بەڕێز سەید برایم عەلیزادە، دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە سەرەتای دیدارەکەدا بەڕێز سەید برایم عەلیزادە باسێکی لەسەر بارودۆخی ئێستای ئێران و ژیانی سەختی خەڵک، پەتای کۆڕۆنا و قەیرانە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆی ئێران کرد. ناوبراو وێڕای هەڵسەنگاندنی دۆخی خراپی ژیانی خەڵک باسی لە کاریگەرییەکانی ئەو پەتایە لەسەر باری دەروونیی خەڵک کرد. بەڕێز عەلیزادە لە درێژەی وتەکانیدا باسێکی لەسەر نەهامەتییەکانی خەڵک کرد و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم دۆخەی ئێستای ئێرانی باس کرد و هەروەها باسی لەوە کرد کە ڕێژیم چۆن بە قازانجی خۆی کەڵک لەو قەیرانانە وەردەگرێ و بەپێی ئەو دۆخە ستراتیژی خۆی دادەڕێژێ. لە لایەک ڕێژیم هەوڵ دەدا کە خەڵک موحتاجی خۆی بکا و لەلایەکی دیکەش هێزە بەکرێگیراوەکانی بۆ سەرکوتی خەڵک ئامادە دەکا.

دواتر بەڕێز مستەفا مەولوودی باسی دۆخی ئاڵۆزی نێوخۆی ئێران و ژیانی خەڵک و پلان و پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کرد و ئاماژەی بەو قەیرانانەی کرد کە لە ئێران هاتوونە گۆڕێ و هەروەها ئەو قەیرانانەش کە ڕێژیم خۆی دەیانخوڵقێنێ و قەیران بە قەیران چارەسەر دەکا و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە دەیهەوێ بە قازانجی خۆی کەڵکیان لێوەرگرێ.

بەڕێز مەولوودی باسێکی لەسەر گوشارە دەرەکییەکان و کاریگەرییەکانی ئەو گوشارانە کرد کە ڕێژیمی تووشی قەیران کردووە و لە ڕووی ماڵی و لۆجستیکییەوە ناتوانێ بە هێز و میلیشیاکانی لە وڵاتانی ناوچەکە ڕابگا و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم تووشی گرفتی گەورە بێتەوە.

لە درێژەی باسەکاندا ئەندامانی هەیئەتی هەردوولا لە هەمبەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و هاتنە سەرکاری دێموکڕاتەکان، قەیرانە نێوخۆییەکانی ڕێژیم، دۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و هاوکاری هەمەلایەنە و پرۆژە و بەرنامەی داهاتووی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لە کۆتاییدا هەردوولا جەختیان لەسەر پێوەندی و هاوکاری و دیدار و چاوپێکەوتنەکان کردەوە و بڕیاریاندا کە ئەم دیدار و کۆبوونەوانە درێژە پێ بدەن.

## کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ١١ی سەرماوەزی ١٣٩٩ حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە شێوەی ئۆنلاین کۆبوونەوەیەکیان بەڕێوە برد.


لە کۆبوونەوەکەدا کە بە بەشداریی بەرپرسانی یەکەمی هەر چوار حیزبی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری بەڕێوە چوو، چەند پرس و بابەتی جۆراوجۆر لەبارەی کاروباری سیاسی، پێوەندی و ڕۆتینی ناوەندەوە قسە و باسیان لەسەر کرا.

یەکێک لە تەوەرەکانی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەکە بابەتی کاروچالاکیی ناوەندی هاوکاری بوو لە بواری پێوەندیی نێودەوڵەتی کە لایەنەکان هاوڕا بوون لەسەر کاراترکردنی ئەو پێوەندییانە و دۆزینەوەی میکانزیمی گونجاو بۆ بردنە پێشێ کاروباری پێوەندییەکان لە هەلومەرجە نەخوازراوەکانی وەک بارودۆخی کۆڕۆنادا.

چەندیوچۆنیی کار و پێوەندیی ناوەندی هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی یەکێکی دیکە لە باسە سەرەکییەکانی ئەم کۆبوونەوەکە بوو کە بەشداران تێبینی و بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەم بابەتە خستەڕوو تا ناوەندی هاوکاری بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بە یەکدەنگی و هاوڕایی زیاترەوە وەک نوێنەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەوێتە دانوستانەوە یان هاوپەیمانییان لەگەڵ پێک بێنێ.

کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران پاش نزیکەی سێ کاتژمێر قسەوباس لەسەر چەندین مژاری کاریی پەیوەندیدار بە ناوەند، کۆتایی پێ هات.

# بەشێک لە جۆرەکانی ئەشکەنجە لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا



ئەحمەدڕەزا بابایی

بە پێی بڕگەی ٣٨ی یاسای بنەڕەتیی کۆماریی ئیسلامی هەرجۆرە ئەشکەنجەیەک قەدەغەیە، بەڵام لە لایەکەوە بەپێی هێندێک فتوا و وتەی گێڕدراوە لە ئایەتوڵڵا خومەینی کە گوتویەتی: "پاراستنی نیزام لە هەرە پێویستییەکانە" و لەلایەکی دی کە درۆکردن، بەدرۆ خستنەوە و حاشا کردن بەپێی تەقیە بۆ پاراستنی ڕێژیمی حەڵاڵ کردوە؛ ئەمانە وای کردوە کە ناوەندە ئەمنیەتییەکان دەستیان لە ئەشکەنجەداندا ئاوەڵا بێ و لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە حاشاکردن و شاردنەوەیان لەبەر هێنانەگۆڕیی پرسی مافەکانی مرۆڤ و هەستیاریی دونیای دەرەوە، هەنگاو هەڵگرنەوە.

خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە بەندیخانە بەپێی ڕێسا و عورف، شوێنی هێشتنەوەی تاوانبار و خەتاکارانە، بەڵام بەشێکی زۆر لە بەندکراوانی کۆماریی ئیسلامی، ئەوانەی لەسەر پرسی نەتەوەیی، عەقیدەتی، سیاسی، مافەکانی مرۆڤ و پیشەیی دەگیرێن، بەرەوڕووی جۆرەها ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی باو و داهێنراوی ئەم ڕێژیمە دەبنەوە. ئەوەی جێی ئاماژەیە کە زۆرێک لە ئەشکەنجەکان جەستەیی و دەروونیین کە بە گشتی مەبەست لێیان وەرگرتنی دانپێدانان و درکاندنی هەڵبەستراو یان وردکردنی کەسایەتی و دەروونیی بەندکراوەکەیە.

**گرینگترینی ئەشکەنجەکان لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بریتین لە:**

١) تێکەڵاوکردنی بەندکراوە سیاسییە‌ـ عەقیدەتییەکان دەگەڵ تاوانبارە پێشینەدارەکان (وەک پیاوکوژ، قاچاخچیی ماددە هۆشبەرەکان، کەسانی موعتاد، دز و جەردە و ... هتد) بۆ شکان و وردکردنی کەسایەتی و تێک ڕووخانی ڕوحی و دەروونیی بەندکراوانی سیاسی.

٢) ناوبردنی بەندییە قەومی، سیاسی و عەقیدەتییەکان بە تاوانباری ئەمنیەتی.

٣) قەدەغەی چاوپێکەوتن یان سنووردارکردنی بەردەوامی ئەوان لە دەستڕاگەیشتن بە دنیای دەرەوە.

٤) جێگۆڕکێی گیراوەکان لە زیندانەکاندا بە مەبەستی:

ئەلف) نیشتەجێ کردنیان لە شوێنێکی نادیار و خستنە ژێر گوشاری دەروونی.

ب) ڕاگواستنیان بەبێ ئاگاداریی بنەماڵەکانیان و دروستکردنی نیگەرانی بۆیان بە مەبەستی گوشاری دەروونی.

٥) سنووردارکردنی تەنانەت هەواخۆری بۆ ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی

٦) پێدانی هەواڵی ناڕاست و هەڵبەستراو بە زیندانییەکان وەک یەکێک لە شێوازەکانی گوشاری دەروونی کە تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە هیچ گوێیان لە ئامادەکردنی نوسخەی ساختەکراوی ڕۆژنامە ڕەسمییەکان نەبووە وەکوو ئەم بەشانەی خوارەوە:

ئەلف) لەقاودان و پڕوپاگەندەی هەڵبەستراو وەک دەستبەسەر کردنی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی زیندانییەکان.

ب) پڕوپاگەندەی خۆکوژیی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە بە تایبەت منداڵەکانیان.

ج) پڕوپاگەندەی هەواڵی ڕەدوو کەوتنی ژن یان کچی زیندانی دەگەڵ پیاوێک و ڕاگەیاندنی لە ڕۆژنامەیەکی ساختەی ئامادەکراو کە چەند کەس لە زیندانییە سیاسییەکان وەئاگایان هێناون کە وەها تاکتیکێکیان بەکارهێناوە و داوایان لێ کردوون کە دانپێدانانەکە واژۆ بکەن کە لە بەرامبەردا ئازادیان بکەن.

٧) بەپێی یاسا، ماوەی قۆڵبەست کردن کاتییە، لە کاتێکدا زۆریان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و بەبێ ئاگادارکردنەوەی بنەماڵەکانیان دەستبەسەر دەکرێن، لەوەها کاتێکدا ئەو کەسە هیچ پێوەندییەکی بە دونیای دەرەوە نییە و لە ژوورێک ڕادەگیرێ. ئەم دەستبەسەرکرانە کاتییە گەلێ جار چەندین مانگ یان چەندین ساڵ دەخایەنێ بەبێ ئەوەی لە دادگا هۆکاری گرتنەکەی ڕوون کرابێتەوە.

٨) خستنە مێشکی لە سێدارەدان بۆ کەسی زیندانی و تەنانەت ئەنجامدانی لە سێدارەدانی ڕواڵەتی و بردنی کەسەکە تا بن پەتی سێدارە.

٩) دەست پێڕانەگەیشتنی کەسی دەستبەسەرکراو بە پارێزەر، هەروەها دەست پێڕانەگەیشتنی پارێزەریش بە نێوەڕۆکی پەروەندەکەی.

١٠) ناردنی بەردەوامی کەسی زیندانی بۆ ژووری تاکەکەسی بە بیانووگەلی جۆراوجۆر و تەنانەت لە هێندێک بواردا لەبەر ویست و داخوازیی زیندانییەکان بە مافەکانیان.


١١) بێبەشکردنی تاک لە خزمەتگوزاریی و کەلوپەلی پاک پارێزی و خاوێنکەرەوە بە تایبەت لە بەندی ئافرەتان دا.

١٢) ئەوپەڕی ئیمکاناتێکی کەمی زیندانییەکان بۆ وێنە تێخزاندنی ژمارەیەکی زۆر لە ژوورێکدا کە بەشی زۆریان تەختی خەویان تێدا نییە و هێندێک جار بە ناچاری لە حەمام و ڕاڕەوەکاندا دەمێننەوە، لێرەدا دەبینی کە گوشاری ڕوحی و دەروونی بە چ ئاستێک دەگا کە لە زۆر بواردا دەبێتە هۆی خۆکوژی و لەخۆدانی کەسی زیندانی هەرکام لە زیندانییەکان شاهیدی بابەتگەلێکی لەو جۆرەن.

١٣) لە وێنەی ئەشکەنجە رووحییەکان بە گشتی، لەخەو هەستانیان لە کاتژمێر ٥ی بەیانیەوەو ئەنجامدانی کارگەلێکی وەک خوێندنی سروودی کۆماریی ئیسلامی!

١٤) ناچارکردنیان بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و عیبادەت بەپێی ئەوەی باوی کۆماریی ئیسلامییە لەکاتێکدا زۆرێک لە زیندانییەکان، لە بناغەڕا لایک، سێکۆلار و بە تایبەت ئایینگەلێکی جیا لە شیعەیان هەیە.

١٥) دووبەرەکی‌نانەوە و ڕاهێنانی سیخوڕ لە نێوان زیندانییەکاندا بە پێدانی بەڵێنی ئازادی، دابینکردنی هێندێک مافی تایبەتی یان پێدانی بەرپرسایەتیی بەندی زیندانییەکان کە هەر ئەوە خۆی بۆتە هۆی کێشە و ناکۆکی و توندوتیژیگەلێکی زۆر.



١٦) پەخشی ئاوازگەلێکی ناخۆش و بێزارکەر بە بەردەوامی کە لە بواری ڕوحی و دەروونییەوە لە ئەشکەنجە هەرە مۆدێڕنەکانە. ئەم شێوازە زیاتر بۆ زیندانییە نوێ و گیراوە کاتییەکان ئەنجام دەدرێ.

١٧) پاش تووشبوونی زیندانییەکان بە خەمۆکی یان بە قەولی بەرپرسانی زیندان ڕامکردنی زیندانی، ئاوازی دڵتەنگ و خەمبار لێدەدەن بۆ ئەو زیندانیانەی کە حەپسی درێژماوەیان هەیە و تووشی خەمۆکی بوون بۆ شکانی زیاتریان.

١٨) سنووردار کردنی دەستڕاگەیشتن بە تەلەفوون و پێوەندی کردن.

١٩) بوونی باندگەلێکی خراپکار و چەقاوەسوو و فۆڕمگرتنی گرووپگەلێکی بەکۆمەڵی شەڕەهەڵایسێن لە زینداندا کە بەرپرسەکانیشیان ئاگادارن، ئەم باندانە زۆر جار دەبنە هۆی تێکهەڵچوون و کوشتن لەنێو بەندیخانەدا.

٢٠) باج وەرگرتن و بە تایبەتی دەستدرێژیی بەردەوامی هێندێک زیندانی شەڕەهەڵایسێن بە زیندانیەکانی دیکە و بە تایبەتی زیندانی‌یە گەنج و گیراوە عەقیدەتی و سیاسی‌یەکان کە زۆر جار بەرپرسانی زیندان سەریان بۆ لەقاندوون.

٢١) دەستدرێژییە مەبەستدارەکان بۆ سەر زیندانییەکان لەحاڵێکدا سیستمی ئەمنیەتیی زیندان فیلمیان لێ هەڵدەگرنەوە و لەو فیلمانە بۆ درکاندن و دەمکوت کردن کەڵک وەردەگرن.

٢٢) دەستدرێژیی بە ژن و پیاو بەر لە سێدارەدان.

٢٣) ڕێگەپێدانی حەبی جۆراوجۆری دەروونگۆڕ و بە تایبەتی حەبی خەوهێنەر کە ئاسەوار و دەرەنجامی درێژخایەن و پایەدار دەخاتە سەر زیندانی و زۆر جار ڕوح و دەروونی تێک دەڕووخێنێ.

٢٤) بوونی ماددەی هۆشبەری بەربڵاو لە زیندانەکاندا بە جۆرێک کە دەست تێدابوونی بەرپرسانی زیندان لەم بازرگانییە چەپەڵەدا زۆر جار لەقاودراوە.

نموونەگەلێک لە ئەشکەنجەکان بە تایبەتی کە لە زیندانی ڕەجایی‌شار لە نێوان دەیەی ٦٠ هەتا ٨٠ی هەتاوی بینراوە، ئاماژەیەکە بۆ ئەوە کە ئەشکەنجە جەستەییەکان بە جۆرێک ئەنجام بدرێن کە ئاسەوارێکی لێنەمێنێتەوە. وەک:

– سووکایەتی و بێحورمەتی کردنی ناموسی بە زیندانییەکان.

– لێدان و کوتان و جوێن پێدان بە زیندانییەکان بە تایبەتی لەکاتی هەواخۆری‌دا بۆ ترس و تۆقاندن کە زۆر جار لە کاتی قسەکردن و پیاسەکردنی زیندانییەکان پێکەوە ئەم کارە دەکەن.

– هەڵکوتانە سەر بەندی زیندانییەکان لە شیرینە خەودا لەلایەن گاردی زیندانەوە و لیدان و کوتان و سووکایەتی پێکردنیان.

– ئەشکەنجە بە شێوازی جووچکەی بەراوەژوو واتە دەستی کەسەکەیان لە پشتەوە دەبەستەوە و هەر بەو دەستانەوە بەبن میچەوە هەڵیان‌دەواسی.

– ئەشکەنجە بە شێوازی جووجەکەباب واتە بەستنەوەی هەردووک قاچەکان پێکەوە و ڕەتکردنی میلەیەک لە نێوان لاقەکاندا و هەڵواسینی بە قاچەکانی و لێدان بە باتۆم لە بنی پێ و سمت و لاقوونان.

– شێوازی فەللاقەکردن واتە لێدان لە بنی پێ لەگەڵ جنێو و سووکایەتی کردن.

– عادەتەن لە نیوەشەو بەولاوە مەسەلەن سەعات ٢ی پاش نیوەشەو هەڵیان‌دەکوتایە سەر زیندانییەکان و لە خەویان ڕاست دەکردنەوە و دەیان‌هێننە بەر ئەو سەرمایەی زستان و هەردووک دەست لە پشتەمل قوفڵ و بە هەڵتروشکانەوە بازبازێنیان پێدەکەن یانی بازدانی مریشکی (پامرغی).

– وەخەبەر هێشتنەوەی زیندانییەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە تایبەتی لەکاتی لێپرسینەوە و ناچار بە دانپێدانانی بە قەولی خۆیان ڕاستییەکان.

– خوێ کردنە سەر برینی زیندانییەکان.

– زیندانییەکانیان دەخستنە نێو مەنجەڵی گەورەی چێشت لێنان و پاشان کوتانی مەنجەڵەکان بە باتۆم و میلە ئاسن.

– ڕەوانەکردنی زیندانییەکان بۆ ژووری تاکەکەسی بە هەر بیانوویەک.

– بەستنەوەیان بە مێز و کورسی و وێڵ کردنیان بۆ کاتێکی نادیار.

– تێخستنی شیلانگی ئاو لە کۆمی زیندانییەکان مەسەلەن بەهۆی "ئیبراهیمی زەڕگەر" لە بەندیخانەی "کچویی"، کە هەنووکە ئەم کەسە سەرۆکی ئیتلاعاتی بۆکانە.

***

و: باوکی ژیار

---

# تاوان لە سێبەری دیپلۆماسیدا

**ئارەزوو نستانی**

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی ٤٠ ساڵەی خۆیدا بەردەوام بە ئامانجی بردنە پێشی سیاسەتی هەناردە کردنی شۆڕش و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی ویلایەتی فەقیه و هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە و سڕینەوەی دژبەرانی، ڕێسای پارێزراویی دیپۆماتیکی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە زێدەخوازییەکانی لەدوای شۆڕشی ٥٧ەوە. دیپلۆماتکارانی ڕێژیم دەیان کردەوەی تیرۆر و تەقینەوەیان لە سەرتاسەری جیهان ئەنجام داوە و لە زۆربەشیاندا بە پشتبەستن بە پارێزراویی دیپلۆماتیک قوتار بوون.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا بڵاوبوونەوەی هەواڵی دادگایی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆماتی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی بێلژیک بە تاوانی هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی دژی کۆبوونەوەی موجاهیدینی خەڵق لە شاری پاریس، بۆ جارێکی دیکە دەزگای دیپلۆماسیی تیرۆری ڕێژیمی ئێرانی لە ناوەند و کۆبوونەوە جیهانییەکان خستەوە ڕۆژەڤ.

ئەوە یەکەم جار نییە تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی پارێزراویی دیپلۆماسی بۆ ئامانجەکانیان بەکار دێنن. دەسەڵاتدارێتیی سەرەڕۆی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە پێشێلکاریی زۆری چ لە ئاستی نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوە ئەنجام داوە و وەک سیستەمێکی نابەرپرس بەرامبەر خەڵکی نێوخۆ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردەوەی جۆراوجۆری ئەنجام داوە. چالاکییە نایاسایی و دژە نەریتییەکانی ڕێژیم لە وڵاتانی جۆراوجۆر چ لە ئوورووپا و چ لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت ئەمریکاش سیمایەکی ناوەڵامدەری لە حاکمییەتی ئێران خستۆتە ڕوو. بە جۆرێک کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە دەیان جار ڕێککەوتننامە و پڕەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی پێشێل کردوە. کاتێک خوێندکارانی ناسرا و بە لایەنگری خەتی ئیمام لە دیوارەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکا چوونە سەرێ و ٥٢ دیپلۆماتی ئەمریکاییان دەستبەسەر کرد، جیهان باوەڕی نەدەکرد دەوڵەتی نوێی ئێران ئەو ڕێچکە سیاسییە بگرێتە پێش کە تەنانەت بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی خۆی پشتگوێ بخا. ئەو ڕووداوە سەرەتای دەرکەوتنی نەشازییەکی نێودەوڵەتی بوو کە قوربانییە سەرەکییەکەی، گەلانی ئێران بوون.

دامەزران و بەهێزبوونی سوپای پاسداران و بەدەستەوە گرتنی دەزگای دیپلۆماسی و ناردنی ئەندامانی سوپای پاسداران وەک باڵوێز بۆ وڵاتان لە پێناو ئامانجە سەرەکییە ڕاگەیەنراوەکەی ڕێژیم واتە هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی وڵات، بوو بە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی. بە جۆرێک کە باڵوێزخانەکانی ئێران لە سەراسەری جیهان بوونە بنکەی جاسووسی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان و تیرۆری جیابیران و نەیارانی ڕێژیم و تەنانەت سپیکردنەوەی پووڵ بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی دارایی بۆ کردەوەکانیان.

دادگایەکی ئارژانتین باڵوێزی ئێرانی لە تەقینەوەی ناوەندی جوولەکەی ئامیا لە شاری بوینۆس ئایرێسی ئەو وڵاتەی بە تاوانبار ناساند. بەپێی حوکمی ئەو دادگایە، سولەیمانپوور لە پلاندارێژەرانی ئەو تەقینەوەیە بووە لە ساڵی ١٣٧٣ کە تێیدا ٨٥ کەس کوژران و زیاتر لە ٢٠٠ کەس بریندار بوون. هەرچەند ناوبراو ساڵی ١٣٨٣ لە بریتانیا بەو تۆمەتە دەسبەسەر و دادگایی کرا، بەڵام سەرەڕای پێداگریی دەوڵەتی ئارژانتین لە ڕادەستکردنی بۆ ئەو وڵاتە، لە ئەنجامی ساتوسەودای کاربەدەستانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا، نێردرایەوە ئێران. تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن لە لایەن دیپلۆماتەکانی ئێران و ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لە لایەن دەوڵەتی ئوتریشەوە نموونەیەکی دیکەی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەژێر پۆششی دیپلۆماسی دابوو.

دەتوانین دادگای میکۆنووس بە گرینگترین سەنەدی ریسوایی کۆماری ئیسلامی و تیرۆری حکوومەتی لە ماوەی حوکمداریی ڕێژیم دابنێین. بکوژانی دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی کە لە نێردراوانی تاران و ئەندامانی حیزبوڵڵای سر بە ئێران بوون، لەو داگایەدا بە تاوانبار ناسران و سزا دران. دادگا هەروەها لە حوکمەکەیدا ڕێبەرانی باڵای ئێرانی بە بڕیاردەرانی ئەو تیرۆرە ناساند. ئەو حوکمەی دادگای بێرلین کە لە کاتی خۆیدا و تا ئێستاش بێوێنە بووە، ئاڵۆزییەکی گەورەی لە پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ئوورووپاییدا دروست کرد.

ئەو کەیسانەی ئاماژەمان پێکردن چەند نموونەیەک بوون لە کردەوەکانی دەزگای دیپلۆماسیی ئێران کە لە بەرامبەر هەموو پڕەنسیپە نێودەوڵەتییەکاندا وەستاوەتەوەو بێ باکانە سیاسەتی سڕینەوەو دەستێوەردان دەباتە پێش. ئەوە لە کاتێکدایە کە تاوانباران لە پەنای جەغزێکی ئەمن بە ناوی پارێزراویی دیپلۆماتیکدا خۆیان حەشار دەدەن و زۆربەی ئەو وڵاتانەی تاوانەکانیان تێدا ئەنجام دراوە، پرسی مافی مرۆڤ دەکەنە قوربانیی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی.

پارێزراویی دیپلۆماتیک وەک پڕەنسیپێکی نێودەوڵەتی یارمەتیی دیپلۆماتکارانی ئێرانی داوە تا بتوانن ئامانجەکانیان بپێکن و لە هەمان کاتدا بەرامبەر دادگا و یاسای وڵاتان پارێزراو بن. بەپێی کۆنڤانسیۆنی ڤییەن کە ساڵی ١٩٦١ پەسند کراوە، باڵوێز و نێردراوانی دیپلۆماسی پارێزراویی دادوەرییان هەیە لەو تاوانانەی ئەنجامی دەدەن لەو وڵاتانەی کاری دیپلۆماسی تێدا دەکەن. واتە سیستەمی داوەریی وڵاتان بۆیان نییە دیپلۆماتکارانی ولاتانی بیانی ڕاکێشی دادگای وڵاتەکەیان بکەن، مەگەر لە کەیسی مەدەنی و بازرگانیدا.

لە سیستەمی یاسایی نێودەوڵەتیدا کۆمەڵێک پڕەنسیپ هەیە کە لە بەرامبەر پارێزراویی دیپلۆماتیکدا قەرار دەگرن. بۆ نموونە لە گرینگترین ئەو ڕێسا نێودەوڵەتیانەدا دەتوانین ئاماژە بە پڕەنسیپی سەروەریی وڵاتان، پاراستنی ئاشتی و ئارامیی نێودەوڵەتی و هەروەها پڕەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان بکەین. لە بنەڕەتدا پێدانی مافی پارێزراویی دیپلۆماتیک بە مەبەستی باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و هەروەها پتەو کردنی پەیوەندییە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانە نەک تێکدانیان. هەر بۆیە دادگای بێلژیک وەڵامی ئەو بانگەشەیەی ئەسەدوڵڵای ئەسەدی نەدایەوە کە ڕایگەیاندوە پارێزراویی دیپلۆماتیکی هەیە و دادگا سەڵاحیەتی ئەوەی نییە ناوبراو دادگایی بکا. داواکاری گشتیی بێلژیک دەڵێ بە هۆی ئەوەی شوێنی کاری ئەسەدی وڵاتی ئوتریشە، بەڵام ناوبراو لە ئاڵمان دەستبەسەر کراوە، هەر بۆیە ناتوانێ لە مافی پارێزراویی دیپلۆماتیک کەڵک وەرگرێ. کۆنڤانسیۆنی ڤییەن سەبارەت بە پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکان مافی پارێزراوی دەداتە نێردراوە دیپلۆماتیکەکان تەنیا لەو وڵاتانەی ئەرک بەڕێوە دەبەن و لە لایەکی دیکەشەوە ماددەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە نابێ دژایەتیی ڕێساکانی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان بن کە بە ڕوونی تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی مەحکووم دەکا. ئەوە لە کاتێک دایە بەڵگەی بەهێز لەسەر پەیوەندیی ناوبراو بەو ڕووداوەوە هەیە و تەنانەت دادگای بێلژیک سوورە لە سەر ئەوەی ناوبراو ڕێکخەری سەرەکیی کردەوە تیرۆریستییەکە بووە.

ئەوە یەکەم جارە دیپلۆماتێکی ئێران لەو ئاستەدا بە تاوانی تیرۆر دەسبەسەر و دادگایی دەکرێ. نەبوونی هەڵوێستێکی جیددی و پێشگیرانە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هۆکاری سەرەکیی بەردەوام بوونی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامییە کە هەم گەلانی ئێرانی کردۆتە قوربانی و هەم ئاسایشی نێودەوڵەتیی خستۆتە مەترسییەوە.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



# ئەنوەر ئەمینی
## پڵنگەکەی هەورامان


برایم چووکەڵی

هەورامان پێگەیەکی تایبەتیی لە مێژووی کورددا هەیە و ئەو ناوچەیە بە درێژایی مێژوو هەتا سەردەمی کۆماری ئیسلامی شوێنی ململانێ و بەربەرەکانییەکان بووە. لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەم ژمارەیەدا یادێک شەهید ئەنوەر ئەمینی یەک لە فەرماندە قارەمانەکانی هێزی شاهۆ دەکەینەوە.

هاوینی ساڵی ١٣٣٣ منداڵێک لە نێو بنەماڵەییەکی هەژار و کەم دەرامەت لە دایکێک بەناوی کافیە و باوکێک بەناوی ئەحمەد لە ئاوای دەرەوەیانی) هەورامان لە دایک دەبێ. ئەو بنەماڵەیە ناوی ئەنوەریان لە سەر منداڵەکەیان دانا.

ئەنوەر ئەمینی لە باوەشی دایک و باوکێکی دڵسۆزدا گەورە بوو، بە هۆی هەژاری و هەلومەرجی ژیانی ئەودەم و نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان لە خوێندن بێبەش بوو. ئەو لە تەمەنی هەشت ساڵی‌دا دەبێتە یاریدەری بنەماڵەکەی لە ئەرکی باخەوانی و دروێنە و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری‌دا.

ئەنوەر لە ڕەوتی ژیانی پڕ کوێرەوەری و بەشمەینەتی‌دا بە کردەوە هەستی بە ژێردەستی و بێمافی کردبوو ، هەر بۆیە پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی پاشایەتی ڕووی لە کاری سیاسی کرد، پاش دامەزرانی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لە هەورامان بۆ چڕکردنەوەی کار و تێکۆشانی دژی زۆرداری و بێمافی پێوەندیی کرد بە تەشکیلاتی حیزبەوە، لە کاتی داسەپاندنی شەڕی پاوە و فەرمانی خومەینی بۆ سەر کوردستان دەستی دایە چەک و لە ڕیزی تێکۆشەرانی دیموکرات لە هەورامان سازمان درا.

ئەنوەری لاو و کەم ئەزموونی فەن و فنونی شەڕ، زۆر زوو لەژێر دەستی شەهید محەممەدئەمین نادری (حەملەڕوش)دا خۆی پێگەیاند و بووە یەکێک لە باشترین پێشمەرگە و پارتیزانەکانی بە هەڵمەت و دوژمن تۆقێن.

لە شەڕی سێ مانگەدا لە مەفرەزەیەکی بچووکی چەند کەسی‌دا لەژێر فەرماندەری حەملەڕوش‌دا ناوچەی نەوسوود و دووئاو و مەلاندەریان کردە گۆڕستانی داگیرکەران و خۆفرۆشان. بە گرتنی پاسگای دووئاو دوژمن وەها تاسا بوو کە لە ناوچە دوورەکانی وەک باینگان و جوانڕۆ خۆیان پێ ڕانەگیرا و بە گشتی خۆیان لە شاری پاوە و جوانڕۆ خزاند. ئەم سەرکەوتنانە بوو بەهۆی بەرز بوونەوەی ورەی خەڵک و پێشمەرگە. ئەنوەر ئەمینی لەم سەرکەوتنانەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو.

پاش شەهید بوونی حەملەڕوش، ڕوخسار و توانای ئەنوەر زیاتر دەرکەوت و دواتر جێگای بەتاڵی شەهید محەممەدئەمینی پڕ کردەوە و بوو بە فەرماندەی لکی شەهید محەممەدئەمین نادری (حەملە ڕوش).

بەبێ زیادەڕەوی و پێداهەڵگوتن ئەنوەر شایستەی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بوو. کاک ئەنوەر کەسێکی خۆنەویست، بە ورە، هەڵمەتبەر و دڵپاک، خۆشەویستی خەڵک و پێشمەرگە بوو کە لەبەشی هەرەزۆری چالاکییەکانی هێزی شاهۆدا ماندوونەناسانە دەور و نەقشی تایبەتی خۆی گێڕا. ئەو چەندین ساڵ و لە دەیان و بگرە سەدان عەمەلیات و شەڕ و گەمارۆ و هێرشی سەختی دوژمن‌دا لە ناوچەی هەورامان حەماسە و شانازیی خوڵقاند و هێزی پۆشتە و پەرداخی سپای داگیرکەر و خۆفرۆشانی جۆراجۆری خۆماڵی، زەلیل و زەبوونی هەڵمەت و پەلامارەکانی ئەنوەر ئەمینی بوون. با لە بیرەوەرییەکی کاک مەنسوور ئیراندووست بڕوانین و بزانین چۆن باسی شەهید ئەنوەر ئەمینی دەکا:

«کاتژمێر لای دووی دوانیوەڕۆ دەستەیەکی چەند کەسیی پێشمەرگە لە چەند میترییەوە کەوتبوینە گەمارۆی جاشەکانەوە. تەنیا شارەزای ئەو ناوچەیە من بووم، هەستم دەکرد دەرباز بوون ئاستەمە و هەر ئەوەندەم بۆ هات کە بڵێم هاوڕێیان ئەگەر زەبری گورچوبڕیان لێ نەدەین دەربازبوون مەحاڵە. قرمەی چەک و نەعرەتەی شێرانەی ئەنوەر تیکەڵ بە داوای تەسلیم بوونی جاشەکانی بوو. هەڵمەتەکە هێندە بە زەبر و چاوەڕواننەکراو بوو کە جاشەکان پرژ و بڵاو بوون و هاواری زەبوونانەیان بەرز بۆوە. بەمجۆرە پێشمەرگەکان هەلیان دەست کەوت بۆ دەرباز بوون.

ئەمن و ئەنوەر تاک بووینەوە و داوتر لە یەک دابڕاین. من کە شارەزای ئەو ناوچەیە بووم لەگەڵ تاریک بوونی هەوا خۆم دەرباز کرد بەڵام ئەنوەر مایەوە و تا سەعات دوازدەی شەو لە گەمارۆدا بوو. ئەمن سێ سەعات پێش لە ئەنوەر دەرباز ببووم و لای سەعات ٣ی شەو بە پارێزەوە لە شوێنی دیاری‌کراوی یەکگرتنەوە نیزیک بومەوە لە نەکاو کەسێک دەنگی دام و دای لە میلی کلاشینکۆفەکەی، بەڵێ ئەنوەر بوو کە پێش من خۆی گەیاندبووە شوێنی دیاری‌کراو و لەگەڵ هاوڕێیان یەکیان گرتبۆوە. ئەو کە دەبینێ هاوڕێیانی بریندار و هیلاک و شەکەت و ماندوون، بۆ خۆی سەرەڕای ١٠ سەعات شەڕی دەستەویەخە و بڕینی ڕێگایەکی زۆر دەبێتە کێشکی هاوڕێیان. مەبەست لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە ئەوەیە کە ئەو هەڵمەتە پڵنگ ئاسایە و دەرباز بوون لە توانا و ورەی هەموو کەس‌دا نییە، بۆیە دەکرێ ئەنوەر وەک پڵنگی هەورامان ناو ببەم.»

شەهید ئەنوەر لە شەڕەکانی نەوسوود، دووئاو، مەلاندەریان، ئەشکەوتی حاجی ئەوڕەحمان، تونیلی دووئاو، بەرزاییەکانی پەروینی، بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر بنکەکانی هێزی شاهۆ لە ئاوەزنێ و دەرەتوو دەوری سەرەکیی گێڕا و فەرماندەیی زۆربەی ئەم شەڕانە کرد. داموودەزگا و ڕایەڵە جۆراجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی کە بۆیان دەرکەوتبوو کە لە میدانی شەڕ و بەربەرەکانی‌دا توانای لە داو خستن و لە نێو بردنی ئەنوەری قارەمانیان نییە، پەنایان بردە بەر دەیان پیلانی ترسنۆکانە و بێڕەوشتانە، دواجار پاش کارەساتی هەڵەبجە کۆماری ئیسلامی توانی بە هاوکاریی چەند خۆفرۆشێک پیلانە شوومەکەی جێبەجێ بکا و لە دەورووبەری گوندی بۆیەن لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە کردەیەکی نهێنی و بێڕەوشتانەدا لە داوی بخا و بێ سەروشوێنی بکا.

بەم جۆرە ڕۆڵەیەکی شۆڕشگێڕ و ماندوویی نەناس گیانی شیرینی کردە فیدای ئازادیی نەتەوەیەکی زوڵملێکراو و خاک داگیرکراو.

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (پەرەپێدانی بیرۆکەی هاوکاری‌نەکردن )


و:مەنسوور مروەتی

**هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی ناڕازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە "دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن."**

**لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:**

بۆ خەباتی سەرکەوتوو دژی دیکتاتۆری، پێویستە خەڵک بە تەواوی لە بیرۆکەی «هاوکاری نەکردن» تێبگەن و کاری پێ بکەن. هەروا کە لە چیرۆکی ئەربابی مەیموونەکان‌دا ڕوونمان کردەوە، ئیدەی سەرەکی سادەیە: ئەگەر ڕێژەیەکی باش لە ژێردەستان سەرەڕای سەرکوتەکان بۆ ماوەیەکی باش خۆ لە هاوکاری کردنی دیکتاتۆر ببوێرن، سیستمی ستەمگەر لاواز دەبێ و لە کۆتایی‌دا دەڕووخێ.

خەڵکێک کە لە ژێردەستیی دیکتاتۆرەکان‌دا دەژین، لەوانەیە پێشتریش ئەم چیرۆکەیان لە شوێنی دیکەش بیستبێ. بەوحاڵەشەوە دەبێ هێزە دێموکراتەکان بە شێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو بیرۆکەی «هاوکاری نەکردن» پەرە پێ بدەن. چیرۆکی ئەربابی مەیموونەکان» یان چیرۆکی هاوشێوەی دبێ لە هەموو کۆمەڵگاکان‌دا بڵاو بکرێنەوە. مرۆڤ لەم چیرۆکە بە ئاسانی تێ‌دەگا. خەڵک ئەگەر یەکجار بە باشی لە «هاوکاری نەکردن» تێگەیشتن، ئیتر دەتوانن لەوەبەدوا بە دژی دیکتاتۆر لە درێژەی خەباتی خۆیان‌دا بە کاری بێنن. ئەوان هەروەها دەتوانن لە هەلومەرجی دیکەدا، بە هەزاران شێوە لە «هاوکاری نەکردن» دابهێنن.

لەگەڵ هەموو مەترسی و کێشەکان لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و پەروەردە و هەواڵەکانی خەبات لە حکوومەتی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری‌دا، بەڵام ئازادیخوازان سەلماندوویانە کە دەتوانن ئەم کارە جێبەجێ بکەن. تەنانەت لە حکوومەتی ئاڵمانی نازی و سۆڤیەتی کۆمۆنیستەکان خەباتگێڕان دەیانتوانی بە کەڵک وەرگرتن لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە نایاسایەکان، نامیلکەکان، کتێبەکان و لەم ساڵانەی دوایی لە ڕێگای دەنگ و وێنەوەوە، پێوەندییەکی باش لە نێو هەموو خەڵکدا ساز بکەن.

بە یارمەتیی پلانی ستراتیژیکی پێشتر ئامادەکراو، دەکرێ ڕێنوێنییە گشتییەکانی خەبات ئامادە و بڵاو بکرێنەوە. ئەم ڕێنوێنیانە بە خەڵک دەڵێن کە لە سەر چ شتێک و لە چ کاتێک دەبێ خەبات بکەن و خۆ لە هاوکاری کردن ببوێرن و ئەم کارانە چۆن جێبەجێ بکەن.

ئێستا ئەگەر تەنانەت پێوەندیی نێوان خەڵک و سەرکردایەتیی هێزە دێموکراتەکان بپچڕێ و فرمانەکان دەرنەچن یان خەڵک نتوانن وەریان‌بگرن، خەڵک بۆ خۆیان فێر دەبن کە بە چ شێوەیەک لە سەر بابەتە گرینگەکان هەڵویست بگرن. ئەم ڕێنوێنییانە تەنانەت دەتوانن وەکوو ئەزموونێک لە پێوەندی لەگەڵ ئەو فەرمانە درۆیانەی کە پۆلیسی سیاسی بە مەبەستی هەڵخڕاندنی خەڵک بۆ کاری خراپ بڵاو دەبنەوە، کەڵکی لێ‌وەربگیرێ.

### سەرکوت و وڵامدانەوەی هاوشێوە

داڕێژەرانی ستراتیژیک دەبێ دژکردەوە و سەرکوتەکان و بەتایبەتی ڕادەی توندوتیژی نواندنی دیکتاتۆر لە بەرانبەر خەباتگێڕان هەڵبسەنگێنن. پێویستە بڕیار لە سەر ئەوە بدرێ کە چۆن دەبێ خۆڕاگری بکرێ. چۆن دژکردەوە نیشان بدرێ و لە سەرکوت کرانیش خۆ بە دوور بگرن بەبێ ئەوەی تەسلیم ببن. لە باری تاکتیکیەوە لە هەندێ کاتی تایبەتی‌دا پێویستە وریایی تەواو لەسەر سەرکوتەکان بە خەڵک و شۆڕشگێڕان بدرێ تا ئەوان لە ڕیسکی کارەکەی خۆیان ئاگادار بن. ئەگەر لەوانەبوو کە بە توندی سەرکوت بکرێن دەبێ کەرەستە و کەلوپەلی دەرمانی و پزیشکی بۆ یارمەتیی برینداران ئامادە بکرێ.

بە پێشبینی کردنی سەرکوت، ستراتیژیستەکان دەبێ لە پێشدا هەموو هەوڵێ خۆیان بدن تا کەڵک لەو تاکتیک و شێوازانە وەربگرن کە هاوکات لەگەڵ یارمەتی کردن بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئەگەری سەرکوتە دڕندەکان بگاتە لانیکەمی خۆی. بۆ وێنە، خۆپیشاندان و نمایشی خەڵک لە شەقامەکان بە دژی دیکتاتۆری، ڕەنگە خۆش و سەرنجڕاکێش بێ بەڵام گیانی هەزاران خۆپیشاندەر دەخاتە مەترسییەوە.

تێچووی زۆر بۆ ئازادیخوازەکان بە مانای ئەوە نییە کە دەبێ حەتمەن فشارێکی زۆرتر بخەنە سەر دیکتاتۆر، بە نیسبەت کاتێک کە هەر ئەم خەڵکە لە ماڵەکانی خۆیان دەمانەوە و کارمەندەکانی دەوڵەت مانگرتن یان هاوکاری نەکردنیان ڕەچاو دەکرد.

ئەگەر پێشنیار کرا کە کارێکی شۆڕشگێڕانەی بزوێنەر کە مەترسیی زۆری بەدواوەیە، بۆ ئامانجێکی ستراتیژیک پێویستە، ئەوکات دەبێ بە وردی بیر لە تێچوو و قازانجەکانی ئەم پێشنیارە بکرێتەوە. ئایا خەڵک و شۆڕشگێڕان لە ڕەوتی خەباتدا هەڵسوکەوتیان ڕێکوپێک و دوور لە توندوتیژی دەبێ؟ ئایا دەتوانن نەکەونە داوی ئەو توندوتیژییەی کە دیکتاتۆر دەیهەوێ؟ پلاندانەران دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە چی بکەن کە هەم ڕێکوپێکییەکە بپارێزن و هەم خۆیان لە توندوتیژی بپارێزن. ئایا هەندێ کاری وەکوو پابەندی بە ناتوندوتیژی و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراو بە مەبەستی ڕێنوێنی کردنی خەڵک و پاراستنی ڕێکوپێکیی خۆپیشاندانەکان و گەمارۆ خستنە سەر گرووپە شەڕخواز و توندوتیژەکان باش و بەکەڵکە؟

ڕێبەران دەبێ هەمیشە ئاگایان لە هەڵسوکەوتی ئەو کەسانە بێ کە ڕاسپێردراون خۆپیشاندانەکان بەرەو توندوتیژی بەرن.

### وەفاداری بە پلانی ستراتیژیک

ئەگەر جارێک پلانی ستراتیژیک باش بەڕێوە چوو، هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکان دەبێ وریا بن نەکەونە داوی هەندێ جموجۆڵی لاوەکیی دیکتاتۆر کە لەوانەیە ستراتیژییە گەورەکە بەلاڕێ‌دا ببا و ببێتە هۆی ئەوەی کە کارە گەورەکان بە کاری چووکە و ناگرینگەوە بەلاڕێ‌دا بچن. هەروەها نابێ ڕێگا بدرێ هەندێ ئیحساساتی کاتی ئازادیخوازەکان لە ستراتیژیی گەورە و ئامانجە گەورەکانیان دوور بخاتەوە و بەلاڕێ‌دا بچن.

بێ‌بەزەیی و توندوتیژی نواندن لە لایەن دەسەڵاتەوە ڕەنگە بە ئەنقەسەت بۆ ئەوە بکرێ تا هێزە ئازادیخوازەکان تووڕە بکا و هانیان بدا واز لە پلان و نەخشەی خۆیان بهێنن و تەنانەت دەست بۆ توندوتیژی ببەن، واتە بیان‌کێشێتە مەیدانێک کە دیکتاتۆر دەتوانێ بە ئاسانی شکستیان بدا.

تا ئەو کاتەی کە لێکدانەوەی سەرەکی بە دروست بزانرێ، ئەرکی ئازادیخوازان ئەوەیە کە قۆناغ بە قۆناغ بچنە پێشەوە. بێ‌گومان لەو ڕەوتەدا هەندێ ئاڵوگۆڕ لە تاکتیک و ئامانجدا ڕوو دەدا و ڕێبەرانی باش هەمیشە بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان ئامادەییان دەبێت.

ئەم ڕێکخستنانە کە بۆ ئامانجە ستراتیژیکە گەورەکان دانراوە، نابێ تووشی بێ سەروبەرەیی ببن.

جێبەجێ کردنی دروست و دەقیقی ستراتیژییە گەورەکان، ڕۆڵێکی گەورە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن دەگێڕێ.

# کۆتایی دەورەی ٢٣٩ی فێرگەی سیاسی-نیزامیی حیزبی دێموکرات



ڕۆژی دووشەممە ١٠ی سەرماوەز دوای تێپەڕ کردنی سەرکەوتووانەی ڕاهێنانی سیاسی و نیزامیی دەورەی ٢٣٩ی سەرەتایی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پۆلێکی دیکە لە لاوانی کورد بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان لەبەر کرد.


لە ڕێوڕەسمێک‌دا کە بەو بۆنەیە بەڕێوەچوو، کۆتایی‌هاتنی ئەم دەورەیە ڕاگەیەندرا. ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی ئەی ڕەقیب و ڕێژەی پێشمەرگەکانی بەشداری دەورە دەستی پێ کرد و دواتر کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەم بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان وێڕای پیرۆزبایی لە بەشداربووانی دەورەی ٢٣٩ی سەرەتایی پێشمەرگە، ئاماژەی بەوە دا کە ئەم پۆلە لاوە نەیانتوانیوە شاهیدی کۆیلەیی و ژێردەستیی گەلەکەیان بن و زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی قبووڵ بکەن، هەر بۆیە ڕێگەی خەباتیان گرتووەتە بەر و ئەو ڕێبازەیان هەڵبژاردووە.

بەڕێز کەریمی لە قسەکانی‌دا بە ئاماژەدان بە هەموو قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات و بەرز نرخاندنیان، باسی لەوە کرد کە ئەم حیزبە بە ئیرادەی پتەوەوە لە پێناو مافویستیی نەتەوەی کورد هەمیشە بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران مەترسی بووە. بەڕێزیان ڕۆڵی پێشمەرگەی لە خەبات و پشتیوانیی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە هۆکاری سەرەکیی بەردەوامیی ئەو ڕێبازە دانا کە توانیویەتی ببێتە پردی پەڕینەوە لە کۆیلەتی بەرەو ئازادی.

لە بەشی کۆتایی‌دا ناوبراو بە ئاماژەدان بە کوژرانی فەخریزادە و نیگەرانییەکانی کۆماری ئیسلامی لەم پێوەندییەدا، هەروەها باسی لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرۆک‌کۆماریی ئەمریکا و هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەرچوون لە قەیرانەکان کرد و گوتی: هیچ لایەنێک ناتوانێ کەلێنی نێوان خەڵک و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی پڕ بکاتەوە، لەگەڵ هەموو گوشارەکانی بۆ سەر خەڵک لە کۆتاییدا بەرامبەر هێزی گەل دەستەوەستان دەبێ.

خوێندنەوەی ڕاپۆرتی فێرکاریی فێرگە، پەیامی بەشداربوانی دەورە، چەند سروودێکی نیشتانی و حەماسی و دابەش‌کردنی خەڵات بەسەر سەرکەوتووانی خولی پەروەردەیی فێرگەدا چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوون.

# دەنگێک لە گەرووی ناڵەشکێنەوە



ئەنوەر عەزیزیان

بەقەرا کورتە خەوێک بۆ مێژوو بگەڕێیتەوە، جەستەی دابەشکراوی وڵاتێک لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی ئەم دنیایەدا دەبینی کە ئارامی بە خۆوە نەبینیوە و دەسەڵاتی زاڵ چاوی لە داهاتی ئەم خاکە بووە و غەدر لەم سەدەی بە ناو پێشکەوتنخوازییەدا هەروا بەردەوامە.

ئەگەر بەڵگەمەندانە ئاوڕ لە ڕابردووی نەتەوەی کورد بدرێتەوە بەشی هەرە زۆری تەمەنی بە کارەساتدا تێپەڕیوە و هونەر و ئەدەبیاتیشی لەم غەدرەدا پشکی شێری بەر کەوتووە کە حەق وایە خەمخۆری و ڕاوەستاوی هونەرمەندان و نووسەرانی لە بەرچاو و بیرمان ون نەکەین کە ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە لە پاراستنی شوناسی نەتەوەکەیان. یەک لەم زاتە ناوازانەی دەنگی بوو بە ئاوێنەیەک بۆ هونەر و کولتووری نەتەوەکەی و چەشنی ئەفسانەیەک لە نێویدا مایەوە، مامۆستای گەورە، حەسەن زیرەکی نەمرە.

هونەرمەندی ناوداری کورد حەسەن زیرەک ساڵی ١٣٥٠ ی هەتاوی لە گەڕەکی خانەقای شاری بۆکان چاوی بۆ ژیان کردەوە. دیارە ناوی زیرەک بێ تاریف و پیاهەڵگوتن هەر لە خۆی دەوەشێتەوە کەچی زیرەکی شانس و بەختی دنیای خوێندنی پێ نەبەخشی و بێسەواد مایەوە. بەڵام کورد گوتەنی خەنجەری جەوهەردار خۆی لە کالاندا ڕاناگرێ. هەربۆیە ئەم مرۆڤە بلیمەتە نەکەوتە سەر ئەژنۆیان و چۆکی بە بێبەختی دادا. گەرچی لە کاتێکی هەستیاری تەمەنیدا گەردوون لە نازی باوکی بێبەش کرد و دایکیشی هەر زوو لە کۆش و باوەشی گەرمی خۆی دووری خستەوە. بەم جۆرە خەمی دووخەمی بە سەر شانان داباری و سەری تەنیایی بە سینگی بێکەسییەوە نا. سەربردەی ئەم شۆڕە پیاوە گەلێک کتێب، نامیلکە و داستان، دەر و ژووری خۆیان پێ ڕازاندەوە و کۆمەڵێک لە دەنگخۆشان و هونەرمەندانیش بەرنامەی ڕادیۆ و میدیاکانیان پێ پڕ کردەوە. بەڵام زیرەکی دەربەدەر و هەگبە لە کۆڵ هەر بە بلیمەتی مایەوە و هەتا ئێستاش وەک چۆڕچۆڕەی ئاوی باران، دیمەنی هەر چوار وەرزی زێد و واری خۆی دەگەڕێ و خەم و شادی لە ڕۆحەوە چاویان لێیە کە بە لاپاڵ و کەوشەناندا دێتەخوار و خەلەی کاکی جووتیاری بیر ناچێ و مەودای دووریی کاکی ڕێبواریش نزیک دەکاتەوە. گەرچی ژیانی بێکەسیی زیرەک لە سەردەمی شلکیدا بەرۆکی گرت و لە مەیتەری ئاغاکانی هەرمێلەوە تا دەگا بە قاوەچی و کرێکاری لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و چ دەمان بە حەساوەیی سەری نەکردە سەر گاشە بەردێک کە خەمێ کۆن، خەمی تازەی لەبیر بەرێتەوە. بەڵام کزەی شنە بایەک ڕۆحی پەپوولەی ئەنا بە گوڵی هەردانەوە و ئەو خەمەی لە ناخیدا جینگڵی دەدا لە چریکەی ئاوازێکدا دەیخوڵقاند و کەنەفتی بە ڕایەڵی میلۆدییەکەوە دەبەستەوە کە ئاستەمە دەوری زەمانیش لەبیری ئەویندارانی بباتەوە.

ژیانی پڕ چەرمەسەری ئەم ناوازە ئازارێکی، گەلێ تووشە بە قۆزاخەی زەمانەوە و نەهۆ، ژانێک هەر لە ئەزەلدا لە دایک نەبووبێ جا بڵێین جەستەی زیرەک نەیچێشتووە. ئەم ڕۆژگارەی دەستی خەمەکانی لە ئەژنۆ دەگرت و ئەم شەوگارەی خەیاڵی هونەر بەرەو لووتکەی هەرمانی دەبرد. وا ئەمڕۆکە گومانی لە هەمبەر وەستای وەستایانی زیرەک نەهێشتۆتەوە و هەر ئەوەندە ماوە زانستی موزیک وەک سەرچاوەی هونەری ڕەسەنی کورد لێی بڕوانێ و سەدان بەڵگەی زانستی لەم قوتابخانە وەرگرێ. ئەوانەش زۆرن بە شوێن بەسەرهاتی ژیانی هونەری و ڕۆژانەی زیرەکدا دەگەڕێن کە چی هەر کەس و جۆرێک لە بەسەرهاتەکانی دەدوێ. بەو حاڵەش تا ئێستا بەشێکی گۆرانییەکانی ونن کەچی هونەری زیرەک لە ڕابردوو و ئێستاشدا بە دەرفەت بۆ دنیای هونەر دادەندرێ.

مەبەستی ڕوونتر لە نێوەڕۆکی گۆرانییەکانی زیرەکدا کە حاشای لێ ناکری جوانیی ژنە. بەجۆرێک لەنجەولاری دەرەنگێنێ کە دڵێک و هەزار دڵ شەیدای دەبێ. لەم وێناییەوە هەستی دڵداران گڕ دەدا و دەچێتە ناخی خۆشەویستییەوە، تۆ بڵێی چ خۆزگەیەک لە ئەوینی ئەم هاوارە بێپەردەیەدا بێ کە هەستی هۆشی لێ دەبڕێ و سەراپای جەستەی دەبێتە ئاواز و شاکاری زەمان دەخوڵقێنێ، ئینجا لەم حەزەوە شەقامی شار و کۆڵانی لادێ بە کورتە هەنگاوێ دەبڕێ و تووران چاوڕەشی موکریان و سەیزادەی بازیان دەخاتە قامووسی زمانەوە و بەردان دەکێشێ بە کۆڵێ و بەگیان منەت دەبا بەشکە ئامین لە سەنگەسەر و مریم بۆکانی سیلە چاوێ ببنە میوانی گۆرانی.

ڕەنگە دەگمەن بن ئەو کەسانەی نەزانن زیرەک کێیە و بە گۆرانییەکانی دڵدانەوەی خۆیان نەدابێتەوە، چونکە دەنگی خۆش و گشتگیری باری هونەریی زیرەک وای کردوە ڕەنگی بە دیمەنی وڵاتیەوە نووساوە کە بەشێک لە هۆنراوە و ئاوازەکانی فولکلۆرین کە ڕۆحێکی تازەی بەبەردا کردوون. گەر لە ئاوازەکانی خۆشی ورد دەبینەوە دەربەدەری زیرەکیان پێوە دیارە. وەک شارەزایانی هونەر باسی لێوە دەکەن چەرمەسەرییەکان ئەوەندەی ئازاریان پێ چێشتووە هێندەش ڕوانینی دنیای هونەریان دەوڵەمەند کردوە. لێکۆڵەران ئەم گەڕانە بەدەرفەت وەسف دەکەن لە هەمبەر تۆکمە کردنی ئاوازەکانی. ڕەنگە ئەم سەربردەیە بەشێکی دەوڵەمەندی زمانی وشەکان پێک بێنێ و ئەم بۆچوونانە پشتڕاست کاتەوە. هەر بۆیەشە کاتێک گوێ لە گۆرانییەکانی دەگری ئەم شوبهاندنەی تێدا بەدی دەکرێ و کۆمەڵێک لە ئاوازەکانی نموونەیەکی دیارن بە شاکارەکانیەوە.



هەستێکی تری زیرەک کە لەو سەردەمەدا بە کردەیەکی دەگمەن دادەندرێ خۆشەویستیی گەلەکەی بووە. دوای دەربەدەریی زۆر و گەڕان بە وڵاتانی ئێران و عێراقدا غوربەتی هێندەی تری لە بیری نیشتمانپەروەریدا کوڵاندوو ئەم واقعەی لە دوژمنانیش نەشاردەوە، دیارە ئەو سەردەمە کەرەسەی تۆماری هونەرێکی باش لە دەستی نەیارانی زمان و هونەری گەلەکەی دابووە و ئێزگەی ڕادیۆ تەنیا شوێنێک بوو هونەرئارایی لێ بکرێ و دەنگی زمانی نەتەوە ژێردەستەکان بە وڵاتدا بڵاو بکاتەوە، لەم هەل و بردانە کەڵکی وەرگرت و دەنگخۆشی گەیاندیە تاران و بەغدا و سۆزی زمان و خۆشەویستیی نیشتمان بوونە دوانەیەک و لە ڕۆحی هونەریی زیرەک جیا نەبوونەوە. لەم سۆنگەوە ئاوازی بۆ خوێند و سروودی نەورۆز بوو بە ناسنامەی سەری ساڵی کوردی و لە کوردستانی گەورەدا دەنگی دایەوە. گەرچی لەو زەماندا دەسەڵاتی پاشایەتی زۆرترین هەوڵی ئەوە بوو شتێک بە ناوی نەتەوەی کورد بوونی دەرەکی و نێوخۆیی نەبێ و بەهایەکیش لە کولتوور و ڕێڕەوی فەرهەنگی فارس بەرچاو نەدەکەوت، بە ئاوڕدانەوەیەکی بچووک ناوزەدی کەی کە تۆزێک مەیلی خزمەتی هونەر و زمانی گەلە بندەستەکانی تێدابێ بە تایبەیی کورد و لەوەش پتر ناوچەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (لوڕستان، ئیلام و کرماشان) بەڵام لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا مەیلێکی فێڵبازانەی سیاسی وڵاتی ئێران و ئێراق قەڵەمبازەیەکی کرد بە مەبەستێکی تایبەت کە لەودا دەرفەتێک بۆ هونەری کوردی هاتە پێش و هونەرمەندانی باشوور و ڕۆژهەڵات لە پێتەختی ئێران و عێراق یەکیان گرتەوە و چوونە ئێزگەی ڕادیۆکان و بە مووسیقایەکی پڕی ئۆرکێستڕایی بەرهەم گەلێکی ناوازەیان تۆمار کرد و ئارشیڤێکی دەوڵەمەندی هونەرییان بۆ شانازی ئەمڕۆ و داهاتوو بەجێ هێشت.

خاوەن ڕایانی هونەری کوردی دەڵێن جوانترین گۆرانییەکانی زیرەک ئەمانەن ئۆرکێستڕای ڕادیۆ کرماشان تۆماری کردوون و میرزادە، سەمەدی، یووسف زەمانی و کۆمەڵێک هونەرمەندیتر میوزیکیان بۆ ژەنیوە کە بە لووتکەی هونەری زیرەکی دادەنێن. سیماکانی دەنگی زیرەک پڕن لە ڕۆحی هونەری و لێکدانەوە زانستییەکان وەک ئیلهامێکی گەردوونی ناوی دەبەن.

وا نیو سەدە لە کۆچی دوایی تێپەڕی کەچی چێژی ئەم نەوایە لە ڕۆحی خۆشەویستیدا ماوەتەوە، ڕەنگە زۆر سەرچاوە و کەسایەتیی هونەری دڵمەندبن لە کۆمەڵی کوردەواری کە بۆچی تا ماون ڕێزی خەمخۆرانی خۆیان ناگرن کە ئەم دڵمەندییە لە تۆمارە دەنگییەکانی زیرەکیشدا دەبیسترێ، هەر بۆیە ژیانی هونەریی زیرەک لەگەڵ ئازارەکانی بە پەیکەری هونەرەکەیەوە دیارە. بەڵام چەندە خەمەکانی باڵای کرد هونەری زیرەکیش پتر هەڵکشا، دەبێ مرۆڤێک چلۆن گیان سەخت بێ کە شەڕی ئەم هەموو نەدامەتییە بکا و هاوکاتیش بە خەیاڵی هۆنراوەدا بڕوا و دەست لە کارێک هەڵنەگرێ کە نە نانی تێدایە و نە ئاو. لەم هەموو دەردانەوە شوێنێک نەما پیای هەڵنەڵێ و ئازارەکانی بۆ باس نەکا. کەچی کەسێ نەبوو بە فریادڕەسی. سەرئەنجام دەردی دڵی بەرە و تەکیە و بارەگاکانیش ڕاکێشا بەشکە زەنبیل تۆزێ لە مەراقی دوور خاتەوە کە دەڵێ:

**"نوورانی گیان سوێندت دەدەم تو محەممەدەل موستەفا تو عەلی شاهی نەجەف ڕووی خۆتم لێ وەرمەگێڕە مورشیدم، نەمکەی خەلەف."**

ئەم هەموو خۆزگە و ئارەزووانەی لە خەیاڵی هونەرمەندی ئوستوورەی کورددا وەخڕ بوون تاقە ساتێک لە بەریان نەحەساوە. تۆ بڵێی گەوهەرێ ئەوەندەی دڵ دابێتەوە کە سینگی بە ئاوی کەوسەر دەشوبهێنێ. بڵێی ئامینێ چەند برینی دڵی تیمار کردبێ. ئاخۆ مریەم بۆکانی تروسکەی کام ئەستێرەی بە نیگای زیرەکەوە نابێ کە بە باڵی هێمای هونەر بۆ شەڕی جوانییەکانی گەردوونی دەبا. یان فاتم و ئەسمەرێ ڕێگای مەڕدۆشینێ بە نارەی یادی بەرنە سەرێ. ئەرێ هۆ لەیلێ، مەیلی جارانت بە کێ داوە و وەنەوشەی مێرگۆڵان دەچنی بۆ کێ؟ زمزیران ڕازێکی قووڵت لە لایە دەبڵێ با دەردی بێدەرمان نەمکوژێ و خاڵەکەی ئامینێ بە گەرمای پووشپەڕی لەبەر ئەوێ هەتاوێ هەڵنەقرچێ. ئەی توبا چاوی ڕەشی کاڵ نەبوونەوە و چۆن بەرایی دەدا چاوی جێژوانی جاران بە چۆڵی ببینی. دیسانەوە شەدەلار دەکاتەوە حوکمێ و بەزەیی دێتەوە بەوان یەخسیران لە وێ غوربەتێ. هۆ براینە برادەرینە چ قەوماوە لە کوێستان و لە گەرمێنم کە پۆلی چاوبازان ڕەشپۆش، وێکڕا دەڵێن دەوارت لە بەر بێ سەڵا قەت کەسم نەمێنی کاکی ڕێبوار شەکەت لە لەندی شێخان دێتە خوار و دەچێتە سەفەرێ، وەی لە وێ ڕۆڕۆیە لە وێ هەرایە لە هەر چوار لاوە لاڵ بم شینی ئازیزە، مخابن ئەم دڵە ئاشقەی سنووری دەسکردی بڕی و سەدان ئاوات و ئامانج چاو لەڕێی بوون باوەشی هیوایان بۆ بکاتەوە، دەستی خەمیان لە ئەژنۆ گرت و خەیاڵی کەسکیان لە بەربەیانێکی هاوینی موکریان هەڵقرچا و لە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥١ ی هەتاوی چریکەی زێڕینی هونەرمەندی گەورەی کورد لە چڕین کەوت و بۆ دواجار ماڵاوایی لە هۆگرانی هونەری ڕەسەنی گەلەکەی کرد و لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاکی نیشتمان ئەسپاردە کرا و بوو بە میوانی تا هەتایەی شەو و ڕۆژانی ناڵەشکێنە.

---

## وانەکانی مافی مرۆڤ

(٢٠)

# کۆبەندی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران



شارۆخ حەسەنزادە

دوای ئەوەی لە نۆزدە بەشدا باسمان لە ڕوانینە یاسایی و حقوقی و هەروەها ڕەوتی مێژوویی و چۆنیەتیی گووران و نووسینەوەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ کرد، لە دوابەشی ئەم زنجیرە نووسینەدا کۆبەندێکی باسەکەمان دەکەین.

بە گشتی سەرجەم برگە و ماددەکانی داخۆیانی نامەی مافەکانی مرۆڤ بەرهەمی وەردانەوەی دەیان بیرمەند و کەسایەتی مێژوویی جیهانە کە لە سەدان و هەزاران ساڵ پێشتر لە ئاکام ئەزموون و هەڵسەنگاندن، توێژینەوە و لەبەریەک گرتنی یاسا جۆراوجۆرەکان نووسرایەوە و دواترش دوای پەسند کردنی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی کە لە خۆگری مافە مەدەنی و سیاسی هەروەها ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بوون شرۆڤە و ئامادە کرد کە ئەمەیان تەواوکەری مافەکانی مرۆڤ بوو. چەمکی مافی مرۆڤ (human rights) پرسێکی هەتا ڕادەیەک نوێیە و دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و دامەزرانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هاتۆتە نێو وێژمانی ڕۆژانە. ئەم تێرمە بۆتە جێگرەوەی دەستەواژە و چەمکی «مافی سرووشتی» و «مافی ئینسانی» کە ڕابردوویەکی زۆر کۆنتریان هەیە. بەڵام دەگەڵ نوێبوونەوەی ئەم کانسێپتە، پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی جیهاندا بەرز بۆتەوە و حکومەتەکان، ڕێکخراوە دەوڵەتی و ناحکومییەکانی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە؛ بە جۆرێک ئێستا مرۆڤەکان بەو باوەڕە گەیشتوون کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و حکومەتەکانیش دەبێ پارێزەری ئەو مافانە بن و هاوکار و یارمەتیدەریان بن بۆ وەدەستهێنانی سەرجەم مافەکانیان. کەوابوو ئەمڕۆکە بابەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سنووری پێوەندیی نێوان دەسەڵاتداران و شارۆمەندان تێپەڕیوە و، بۆتە بابەتێکی نێودەوڵەتی. لە ڕاستیدا نیزامی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ، دەسەڵاتی دەوڵەتانی بە کۆمەڵێک پەیماننامەی چەند لایەنە، لە بواری سیاسی و حقوقییەوە بەرتەسک کردۆتەوە و بۆتە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی کاریگەر لەسەر ئاشتی و تەناهی نێودەوڵەتی. ئەگەرچی لە سەرەتاوە چەمکی مافەیلی مرۆڤ بە بەشێک لە دێموکراسی نەدەژمێردرا، لێبەڵێ دواتر وەک یەکەم هەنگاو بۆ پێکهاتنی سیستەمی دێموکراسی وەک شێوازێکی سیاسی بوو بە کۆڵەکە.

گرنگترین تایبەتمەندیی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ، زەوینی بوون و ئینسانی بوونیەتی، بەو مانایە کە ئەم بەڵگەنامەیە بەبێ لەبەرچاو گرتنی هیچ جۆرە ئایدۆلۆژی ئۆلی یان سیاسی تەنیا بە تەکز کردن بە ویستی سەرەکی و پێویستیی مرۆڤەکان لەوانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی نووسراوە.

دوای نزیک بە ٤٢ ساڵ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە جیهانییەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ (لێبووردنی نێونەتەوەیی، کومیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ، چاودێری مافی مرۆڤ و...)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕەوشی مافی مرۆڤ لە وڵاتی ئێران کارەساتبارە و هەتا تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەڵدەکشێ زیاتر پەرە بە دژایەتیی چەمکی مافەکانی مرۆڤ دەدا! ڕادەی زۆری سێدارە، دەسبەسەرکردنەکان، ڕەوشی نالەبار و ئاڵۆزی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بایەخ نەدانی حکومەت بە دۆخی خەڵکی هەژار، خۆکوژی، نەبوونی ئازادیی بەیان، پەڕاوێز خستنی مافی منداڵان، سەرکوت و پێشێلکردنی مافی ژنان، کرێکاران، ماموستایان، خوێندکاران و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی و... هەر هەمووی دەتوانین بە دەیان میناک لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بێ کە بەردەوام و بێ پسانەوە درێژەی هەیە.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێڕی حکومەتێکی ئۆلی ڕاخراوە، بەپێی بنەمای ١٢ یاسای بنەڕەتی «دینی فەرمیی ئێران، ئیسلام و ئایینی جەعفەری ئەسناعەشەرییە و ئەم بنەمایە هەتاهەتایی و نەگۆڕە». ئامانج لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی «گەلاڵەی حکومەتی ئیسلامی لەسەر بناخەی ویلایەتی فەقیهە»، هەر ڕێک ئەو بنەمایە لە یاسای بنەڕەتی ئێران، بەردی بناغەی بێ بایەخی و گوێ نەدانی حکومەت بە پرەنسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤە و یەکبەخۆی دژایەتیی ئەو چەمک و دەستەواژە جیهانداگرانە دەکا.

لە سەردەمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جگە لە دووساڵ نەبێ، ئەم ڕێژیمەی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کردوە و بەشێکی زۆر لەو گەمارۆیانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و لاوازی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی وڵاتان دەگەڵ ئێران بۆ ئەو پرسە دەگەڕێتەوە.

بەنیسبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بەشە لە کوردستان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە داگیرکراوە و خەڵکەکەی لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی بێ بەشە، دەکرێ بڵێین بەپێی جوگرافیا و ڕادەی حەشیمەتەوە بەقەرا هەموو نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێ لە ئێران و بەتایبەت ناوەند پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤی تێدا ڕوو دەدا. بە ئاماژەکردن بە بەشێک لە ئاماری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان کۆتایی بە باسەکەمان دێنین.

بەپێی ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز)، لەماوەی

نێوان ساڵەکانی ١٣٦٧ هەتا ١٣٩٦ زیاتر لە ٣٥٩ کەس لە ئەندامانی حیزبە کوردییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستانی ئێران لەلایەن تیرۆریستانی سەربە ڕێژیمەوە تیرۆر کراون. ٤٤٤ کەس ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کە ناویان لای چاونیوز تۆمارکراوە لە سەرەتای شۆڕشەوە هەتا ساڵی ١٣٩٧ بەتاوانی کورد بوون لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لەسێدارە دراون.

لەساڵی ١٣٩٠ هەتا سێپتامبری ٢٠٢٠ (١٣٩٩) ناوەندە مافی مرۆڤییەکانی کورد

توانیویانە هەوێتیی ٥١٤ کەسی مەدەنی کورد بە ناو و نیشانەوە تۆمار بکەن کە

بەهۆکاری جۆراوجۆر لەسێدارە دروان. هەر لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا ٦٩٦٦ کەس

لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە بە تۆمەتی جۆراوجۆری وەک چالاکی ژینگەیی، ئەدەبی، سیاسی، مەدەنی، مەزهەبی، ئەندامەتی لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری نیزام و... دەسبەسەر کراون. لە کۆی گشتی ئەمانە ١٣٣٧ کەسیان زیاتر لە ٥ هەزار ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

هەر لەو دە ساڵەدا ٣٧٦ کەس بە هۆکاری تەقینەوەی مین بریندار یان کوژراون،

١٣٨٤ کۆڵبەر لەو دە ساڵەدا کوژراون یان بریندار بوون (٤٨٥ کۆڵبەر کوژراون و ٨٩٩ کەسیشیان بریندار بوون) کە ٢٢ کەس لەو کۆڵبەرانە تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بووە.

ئەم ئامارانە بەشێکێ ئاشکران کە ناوەندەکانی داکۆکاری لە مافی مرۆڤی کوردستان

توانیویانە تۆماریان بکەن، چەندی دیکەش بە نهێنی و دیزەبەدەرخونە کراوە، نازانرێ.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:787 5 December 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

## بەر لە ماڵاوایی

# جەلالی شێعر و جەلالی کورد



مەنسوور مرووەتی

مانگێک بە سەر کۆچی دوایی شاعیر و ئەدیبی ناودار و بەهەڵوێستی کورد جەلال مەلەکشا تێدەپەڕێ، کە هەم ژیانەکەی و هەم کۆچی دواییەکەشی جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ هاوقەتارەکانی خۆی هەبوو.

جەلال مەلەکشا بە وشە سادە و ساکار و لە هەمان کاتدا پڕ نێوەرۆکەکانی خۆی لە ڕاستیدا یەکێک لە کۆڵەکە قایمەکانی ئەدەبیاتی بەرگریی کورد بوو کە سەرەڕای کێشە و تەنگوچەڵەمەکانی ژیان، هیچکات لە بەرانبەر داگیرکەردا سەری نەچەماند و بە سەربەرزی سەری نایەوە.

جەلالی شێعری کوردی لە ڕیزی ئەو شاعیرانە بوو کە لە بەندی هیچ ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتدا نەبوو و ئەوەی ئامانجی بوو تەنیا ڕزگاریی گەلەکەی بوو لە ژێردەستی.

ئەو وەک خۆی ئەیوت:

**خوا ئەزانێ**
**من حەز ناکەم، وەک ئەشقیا**
**سەرگەردان بم لەم کوێستانە**
**ڕێگام بدەن بێمە خوارێ**
**هیچم نـــاوێ لەم جیهانە**
**جگە نەختێ سەربەستی و**
**بستێ خاک و**
**ئاڵایەک و**
**ڕەشماڵێکی قەرەجانە!**

جەلالی بە هەڵوێست لە کاتی تیرۆرکرانی ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور قاسملوودا و لەو ڕۆژگارە ئەنگوستەچاوەدا ڕەنگە تەنیا شاعیرێکی نیشتمان بوو کە لە نێو جەرگەی داگیرکەردا وەدەنگ هات و شێعری بەناوبانگی «هاتن سینگتیان هەڵدڕی»ی نووسی.

**کاتێ زانییان،**
**دڵت پاپۆڕی ئەوینە و**
**بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی،**
**دەریای شەختە و سەهۆڵ ئەبڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی...**

ئەو دوو بابەتە وەکوو نموونەیەک لە دەیان شیعری ڕووسوور و بەهەڵوێستی جەلال، وای کردبوو ئەو ببێتە کۆڵەکەیەکی قایم و تەنانەت هێمایەک بۆ شێعری بەرگریی کورد و ئەلحەق بە باشی ئەرکی خۆی بەجێ هێنا و تەنانەت کۆچەکەشی هەر تایبەتی بوو و هەر نەبێ ئەو لە کاتی کۆچەکەی بە هەندێ لە ئاواتەکانی گەیشت.

کۆچی دوایی جەلال مەلەکشا لە کاتێکدا بوو کە پەتای کرۆنا تەنگی بە ژیان و بە مرۆڤەکان هەڵچنیوە و تەنانەت کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی بۆ ئازیزانی لە دەستچوو زەحمەتە، بەڵام خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی شاری سنە نەیانهێشت ئەم قەڵەمە بەهەڵوێستە و ئەم سەرمایە نەتەوەییە هەروا بە بێنازی بەجێیان بهێڵێ.

ئەو کۆمەڵە کەسە کە جەلالی مەلەکشایان بەرەو هەرمان بەڕێ کرد، بەو کارە بەپێز و گەورەیە کە کردیان هەم بەو شێوازەی کە جەلال ئاوات و ئارمانی بوو ماڵاواییان لێ کرد،هەم بەو شکۆیەی کە نیشتمان دەیهەویست. ئەوان جەلالی شیعری کوردییان بە سروودی نەتەوەیی کوردان بەڕێ کرد و تەنانەت تەڵقینەکەشیان بە کوردی دادا.

لەم ڕۆژگارە کە هەر ئان و ساتێک ڕووداوێکی گرینگی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوو دەدا و زۆر ڕووداوی دیکە دەچنە پەراوێزەوە، ئەم خەڵکە وەفادارەی ڕێگا و ڕێبازەکەی مەلەکشا بەو کارە گرینگە پەیامێکی گەورەشیان بە هەموو لایەک دا:

یەکەم ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوە زیندووەکەی سەرەڕای هەموو تەنگوچەڵەمەکان و بە تایبەتی کێشەکانی سەردەمی کۆڕۆنا، بە کردوە و بە ورەیەکی بەهێزتر لە هەموو کاتێک درێژە بە ئەرکی خۆیان دەدەن و ناهێڵن سەرمایە نەتەوەییەکانیان بە بێنازی و بێدەنگی بە جێیان بهێڵن.

دووهەم ئەوەی کە ڕاستە نیشتمانەکەی مەلەکشا بە زەبری چەک داگیر کراوە، بەڵام خۆ ناتوانن زمانەکەیان و جامانەکە و ورە و ئیرادەیان لێ بستێنن.

ئەوان بە هەموو لایەکیان گوت، ئەوەی بۆ سەربەرزیی نیشتمانەکەی تێبکۆشێ هەروەکوو جەلالی مەلەکشا جێگای لەسەر سەرانە.

ئەو وتەیەی دوکتور قاسملوو کە؛ مرۆڤی شۆڕشگێڕ تەنانەت مردنەکەشی شۆڕشگێڕانەیە ڕاست لە مردنەکەی جەلالدا دەبینرا. ئەو شاعیرە شۆڕشگێڕە کۆچەکەشی کارێکی شۆڕشگێڕانەی لێکەوتەوە.

جەلالی دلێر لە داگیرکاریی وڵاتەکەی بە تووڕەییەوە ئەیگوت:

بە هەر شەقامێکدا تێدەپەڕم، تەپۆڵکەیەک کڵاوێکی سەربازانەی لە سەر ناوە، بەڵگەی خواشم لەگەڵدا بێ ڕێگەم دەگرن.

بەڵام وەفاداران و خۆشەویستانی قەدرزانی جەلال لە کاتی ماڵاواییەکەیدا بەویان گوت، خەمت نەبێ لە کۆچتدا کوێستان دەستی ڕێز بە سینگەوە دەنێ لە بەرانبەر خزمەت و هەڵوێستەکانت، ئەوەش کە هەر دەمێنێتەوە و بەرەو ئامانج ڕێ دەپێوێ هەر ڕێبوارانی ڕێگای ئاڵا و ڕەشماڵەکەی تۆن، ئەوەش کە دەبێ بڕوا و وڵاتەکەت بە جێ بهێڵێ ئەو تەپۆڵکانەی کە کڵاوێکی سەربازانەیان لەسەر ناوە.

## ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی کتێبە کوردییەکان لە کرماشان




سەرەڕای نووسین، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بە زمانی کورد لە شاری کرماشان لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هەتا ئێستا ئەو کتێبە کوردییانەی چاپ و بڵاو کراونەتەوە، ویزای چوونە ویترینی کتێبخانە گشتییەکان و زانکۆکانی ئەو شارەیان، پێ نەدراوە.

جەلیل ئاهەنگەرنژاد لەو بارەیەوە لە سەروتاری دەنگی ئازادیدا نووسیەتی: «زیاتر لە ١٠٠ کتێب بە زمانی کورد لەو شارە چاپ کراوە، بەڵام بە هۆکاری دیار و شاراوە، ئیزنی دانانی ئەو کتێبە ئەدەبییانە لە زانکۆی ڕازی و کتێبخانە گشتییەکان نەدراوە و وا دێتە پێش چاو کە ئەو کتێبە ئەدەبییانە لە سەرزەوییەکی دیکەوە هاتبێتنە ئەم شارە».

جەلیل ئاهەنگەرنژاد دەڵێ: «کەم نییەن ئەو کەسانەی تەمەنی خۆیان لە ڕێگای دیوانەکانی ئەسیرەدین ئەخسیکتی و بوخارایی تێپەڕاندووە، کە چی لە ڕووباری خرۆشانی ئەدەبیاتی کوردی لە کرماشان بیئاگان، یان خۆیان لە گێل دەکەن، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم: ئەم ڕۆژانە؛ هەتاوی ئەدەبیاتی کوردی لە کرماشان لە کاتی تێشکداندایە و دەتوانێ زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، پرشنگ باوێژێ و پێگەی مێژووی خۆی لە زمانی کوردی قایمتر بکاتەوە».

ئەگەرچی ئەو چالاکە فەرهەنگییە، ئاماژەی بە هیچ ناوەندێکی حکوومەتی نەکردووە کە ئیزن نادەن کتێبە چاپکراوەکانی کوردی لە کتێبخانە تایبەتییەکان و زانکۆکان بڵاو بکرێنەوە، بەڵام ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی دەستێکی باڵایان هەیە لە کۆنترۆڵکردنی ناوەندە فەرهەنگی و ئاکادیمییەکاندا.

## چاندنی نەمام و بەڕوو لە «هەڵمەتی زاگرۆسانە»دا



ڕۆژی سێشەممە ١١ی سەرماوەز لە هەڵمەتێکی گشتیدا لە ژێر ناوی «زاگرۆسانە» لە هەموو شار و ناوچەکانی بناری زاگرۆس نەمام و بەڕوو چێندرا.

یانەی ژنانی هەورامان، ئەنجومەنی «ژیوای»، «قەڵەمی هاوچەرخی کورد» و «شاخەوانی پاوە» بەشێک لەو ڕێکخراوانە بوون کە بەشدارییان لە چاندنی بەڕوو لە «هامنە هەوار» و «ویمیر»ی پاوە کرد.

هاوکات گرووپی شاخەوانی هێلانە دالێ مەریوانیش لەو هەڵمەتەدا بەشدار بوون و ڕووبەرێکی زۆریان بە نەمام و هەروەها بەڕوو چاند. هەروەها لە زۆربەی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئەو هەڵمەتە بەڕێوە چوو.

لە بانگەوازی ئەم هەڵمەتەدا هاتووە کە هەمووان لە بناری زاگرۆسدا، سەمای بوون دەگێڕین، لە پانتای پێدەشتەوە چاو لە هەتاوی بەیان دەکەین و بۆ ترۆپکی لووتکە بە چرۆی هێماکەیدا داکۆکی لە قەزوانی بەزەزوان دەکەین، ڕیشەی هەزاران ساڵەی ناخمان لە ڕەگ و هەناوی بەڕوو دەئاڵێنین و بە گەرووی خاکدا دەچینە ڕوانگەی ترووپک و سروودی ڕسکان تۆمار دەکەین.

هەڵمەتی زاگرۆسانە ماوەی ٣ ساڵە لە ناوچەکانی بناری زاگرۆس بەڕێوە دەچێ و چالاکانی مەدەنی و گرووپەکانی ژینگەپارێزی تێیدا بەشدارن.

## هونەرمەندێکی کورد خەڵاتی نێودەوڵەتیی مەجارستانی بردەوە



خالید فــەرەجزادە، وێنەگر و دەرهێـنـەری خەڵکی سەقز خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی وێنەی لە مەجارستان وەدەستهێنا.

بیستوسێهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی وێنەی مەجارستان بە بەشداریی ٢٩٨ بەرهەم لە ٥٣ وڵات بەڕێوە چوو، و ١٩ وێنەگر توانیبوویان بگەنە بەشی سەرەکی.

خالید فــەرەجزادە بە کۆمەڵێک وێنـەی فەرهەنگی کوردستان و وێنەی شوێنی ژیانی منداڵان، پلەی یەکەم و خەڵاتی تایبەتیی فێستیڤاڵەکەی بردەوە.

شایانی باسە کە هونەرمەندان و وەرزشکاران و زانا کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای هەڵاواردن و زوڵم و زۆر و ڕێگریی ڕێژیم لە چالاکییەکانیان و نەبوونی هیچ کەرەستە و ئیمکاناتێک لە بوارە جۆراوجۆر و پیویستەکاندا، بەڵام بـەردەوام لـە ئاستی جیهاندا دەدرەوشێنەوە و سەرکەوتنی مەزن تۆمار دەکەن.

## کورتە فیلمی «هیوا»، بەرهەمی زیندانییەکی سیاسیی کورد

کورتە فیلمی «هیوا» لە دەرهێنانی «موژگان کاووسی»، نووسـەر و لێکۆڵەری کـورد کە لـە زیندانـی «ئێڤین» دەسبەسەرە، ئامادەی پیشاندان کراوە. پێشتر، مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی ئەو کورتە فیلمە درابوو، بەڵام پەروانەی پیشاندانەکەی هەتا ئێستا نەدراوە.

کورتە فیلمی «هیوا» یەکەمین ئەزموونی فیلمسازیی «موژگان کاووسی»یە. ئەو فیلمە بە زاراوەی کوردیی ناوچەی کەلاردەشت بەرهەم هاتووە و لە کورتکراوەی چیرۆکی ئەو فیلمەدا، هاتووە: «دێکیومێنتاریی کورتە چیرۆکی «هیوا» لەمەڕ ئەگەری لەنێوچوونی زمانی کـوردی لە نێو ئـەو کوردانـەیە کە لـە چەند سـەدەی ڕابــردوودا، بۆ نـاوچـەی کـەلاردەشـت لـە پارێزگای مازەندەران ڕاگوێزراون».

هۆکاری دروستکردنی ئەو فیلمە، وەبیرهێنەرەوەی مەترسیی لەنێوچوون و فەرهەنگسازی بۆ پێشگرتن لە هەڕەشەی زمانی_شوناسییە.

